# رۆح و هەور و بەفر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

محەمەدئەمین پێنجوێنی

# ڕۆح و هەور و بەفر

## بەشی هەرە زۆری شیعرەکانم



گەڕی تا جۆر و نامەردی زەمان
سەنگەری قەڵای شکۆی ڕمان
چێژگەم تۆماری نامرایەن
ژوانگەم خاکە، مەرگەسات ئامان

ناوی کتێب: ڕۆح و هەور و بەفر – بەشی هەرە زۆری شیعرەکانم
نووسینی: محەمەد ئەمین پێنجوێنی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٣١
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد حەمید
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٤ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## بەشدارییەک بەتام و بۆنێکی تایبەتییەوە

لە کوردستانی عێراقدا، یەکێک لە دیارترین سیماکانی شیعری کوردی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١، وەستانەوە بوو بەڕووی زوڵم و زۆری بەعسدا.

ئەم هەستانەوە و بەرهەڵستی و بەرگرییە کە شیعری ئێمە شانی داوەتە بەر، وای کردبوو شاعیر ڕووی نەیەت، یان بیری بۆ ئەوە نەچێت، مومارەسەکردنی هیچ جۆرە فەردانییەت و تاکگەرایی و خودگەراییییەک بدات کە لە ڕاستیدا بڕبڕەی پشتی داهێنانی ئەدەبییە، بەتایبەت لە بواری شیعردا.

لەو سەردەمەدا ئەگەر هەوڵێکیش هەبوایە بۆ خستنەوەی جیاوازی لە نێوان ئەزموونی شاعیرێک و ئەزموونی یەکێکی تردا، ئەوا ئەو هەوڵەش هەر لەسەر هەمان ڕیتم و هەمان سەکۆ (سەکۆی بەرگری) خۆی نمایش دەکرد.

کەم جار شاعیر دەیوێرا، لەسەر ئەو سەکۆیە بێتە خوارەوە و پشت بەستوو بەتاکگەرایی و خودگەرایی، شوێنی گەمە و، سەنگەری تەقە و، پەنجەرەی ڕوانینی خۆی، بەیەکجاری بگۆڕێ و، بیر لە خستنەوەی جیاوازییەکی قووڵ بکاتەوە لە نێوان ئەزموونی خۆی و ئەزموونی شاعیرانی تردا. واتە هەوڵی خستنەوەی جیاوازی لە لای شاعیرانی ئەو سەردەمەی ئێمە، هەوڵێک بوو لە ڕواڵەت و ڕووکەشدا، نەک هەوڵێک لە جەوهەردا. هەوڵێک بوو بۆ خستنەوەی جیاوازی لە سەر و سەکوت و لەنجەولار و دیبلۆماسییەتی دەربڕینی (شیعر)دا، نەک هەوڵێک بۆ خستنەوەی جیاوازی لە ناوجەرگەی (ڕوانین) و لە قووڵایی (زمان) و لە بنی بنەوەی (هەست)دا.

بگرە جیاوازی و جیاوازبوون لەو سەروەختەدا، مایەی مشتومڕی زۆر قووڵ نەبوو لە نێوان شاعیراندا.

شاعیرانی ئەوسای ئێمە، زۆربەیان پێیان وابوو جێکردنەوەی وەسوەسە زاتییەکانی مرۆڤی شاعیر و، مومارەسەکردنی تاکگەرایی و خودگەرایی لە ئەدەبی سەروەختێکدا کە (نیشتمان) ئاگر بەر بووەتە هەناوی و لە هەر چوار لاوە دەسووتێ،



خیانەتە لە (شیعر) بەر لەوەی خیانەت بێت لە (نیشتمان)! خیانەتە لە (خود) بەر لەوەی خیانەت بێت لە (کۆمەڵ)!

بەمجۆرە لەم ڕوانگەیەوە، شاعیرانی ئەوسای ئێمە (تاک و تەرایەکیان لێ دەرچێ کە ئەوانیش دواجار هەر وا بێ ناونیشان مانەوە!) جێیان لە شیعردا بە(زاتی خۆیان) لە فیکر و بۆ (نیشتمان) و، شوێنگۆڕکێیەکیان لە نێوان خۆیان و نیشتماندا سازاند کە بوو بەهۆی سەرکوتکردنی هەموو (من)ە جیاواز و (تاکگەرا) و (خودگەرا)کانی ناو دەقی شیعری و، دواتر تواندنەوە و یەکخستنی هەموویان لە یەک (من)دا.

**من ئاشقی سواڵکەرانی**
**سەر جادە و نێو گۆڕەپانم**
**هی چەوساوە و زەحمەتکێش و پاڵە و شوانم**
**هی بێ کەس و بێ ڕێ و جێم**
**هی لانەوازی شەوانم..**
**(شیعری: من ئاشقم).**
**کرێکارم سەرگەرم و وێڵ**
**بەپاچ ورگی زەویی ڕەقەن هەڵ ئەدڕم**
**کفن بۆ تەرمی هۆیەکانی بەرهەم ئەبڕم.**
(شیعری: کرێکار)

ئەم تاقە (من)ە یەک ڕەنگ، یەک دەنگ و سنگ دەرپەڕێنە کە بەدرێژایی ساڵانی حوکمڕانی دیکتاتۆریەت هەژموونی کردبوو بەسەر دەقە شیعرییەکانی ئێمەدا، ئەگەرچی قەرەبووی ئەو (فرەمنی) و (منگەرایی)یەی پێ نەکرایەوە کە واقیعی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئێمەی خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەوڵێک بوو (جا ئاگایانە بووبێت یان نائاگایانە) لەو ڕستەیەدا:

هەوڵێ: بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو فرەمنی و منگەراییییەی کە خەباتی ڕزگاریخوازی میللەتی ئێمەی تا ڕادەیەکی زۆر پێ ئاسۆ کردبوو.

بێگومان ئەمەش یەکێکە لە موفارەقە سەیرەکانی مێژووی ئێمە لە سەردەمی

خەبات و بەرگریدا (واتە لە سەختترین هەلومەرجی سیاسی و مێژووییدا)، (شاعیر) هەڵسێ (پێگە) و (ڕوانگە)ی خۆی بسپێرێت بە (سیاسەتوان) و، (سیاسەتوان) پێگە و ڕوانگەی خۆی ببەخشێت بەشاعیر و ئەم هاوکێشە سەیرە بڕسکێ کە ڕسکا:

(یەک منی) و (تاک منی) بۆ ناو (شیعر)! (فرەمنی) و (منگەرایی) بۆ ناو (واقعی سیاسی)! کە ئێمە بەدیوێکی تردا (بۆ ئەو سەردەمە!) بەبادانی ڕەنجی (شیعر) بوو لە لایەن (سیاسەت)ەوە؛ سیاسەتێک کە (شیعر) لە خۆی کردبوو بە(گەورە و سەروەر) و، خۆی لە ئاستی ئەودا بچووک کردبووەوە تا ئاستی (پاشکۆیەتی) بۆ باڵە شکاوەکانی ڕاست و چەپی. ئەم ئاقارەی کە شیعری کوردی لەو سەروەختەدا گرتبوویە بەر، شیعری گەیاندە ئاستێک کە ئەوەندەی لە بیری (حزور)دا بێت، نیو ئەوەندە (بەشداری)دا بێت، نیو ئەوەندە لە بیری (بەشدارییەکی جیاواز)دا نەبێت.

بگرە لەوەش واوەتر: شاعیرانی ئەوسا زۆربەیان لە هەوڵی ئەوەدا بوون تا ئەوپەڕی توانا، شێوە و سەر و سەکوت و سیمای شیعری خۆیان، بەرنەوە سەر شێوە و سیمای ئەو چەند شاعیرە دیارەی کە ئەوسا لەوانی تر باشتر و هونەرییانەتر توانیبوویان شیعری خۆیان بخەنە ژێر ڕکێف و فەرمانی ئەو (من)ە سەرکردە و کاریزمییەوە.

بێگومان خاڵە حەمەمین یەکێکە لە شاعیرانی ئەو سەردەمە و، هەر قسەکردنێک لە بارەی ئەزموونی ئەوەوە، ناچار ڕامان دەکێشێتە ناو ئەو سیاقە مێژووییەوە کە ئەو ژیانی تیا گوزەراندووە.

ڕەنگە ئەو باشترین شاعیرەی، یان ئەو چەند باشترین شاعیرەی کە پەرەیان بەو ڕەوتە شیعرییە دا، ئارەزووی هەڵبژاردنی ئەو سەنگەرە و ئەو شێوازە ئەدەبییەیان لە ئارەزووی خاڵە حەمەمین زۆر زیاتر نەبووبێت؛ بەڵام دیارە قسە لەسەر ئارەزوو نییە.

ئەگەر قسە لەسەر خواست و ئارەزوو بێت ئەوا دەتوانین زۆر بەدڵنیاییەوە شایەدی لەسەر خواست و ئارەزووی بێ ئەندازەی خاڵە حەمەمین بدەین لەم بوارەدا، چونکە ئەگەر هەندێ لە شاعیرانی ئەوسای ئێمە، ئەو ڕەوتەیان لەسەر بنەمای هەڵوێست و پرەنسیپێکی سیاسیی دیاریکراو بۆ خۆیان هەڵبژاردبێت، ئەوا خاڵە حەمەمین بەهۆی حاڵەتی ویژدانی خۆیەوە سەختتر لە کەسانی تر دڵی بۆ ئەم ڕەوتە



ئەدەبییە لێی داوە.

بۆیە دەبێ لە شوێنێکی تردا بەدوای ناسینەوە (یاخود: جیاکردنەوە)ی شیعری ئەوەوە بین.

وەک وتمان شیعری زەمانی خاڵە حەمەمین (بەشیعری خاڵە حەمەمین خۆیشییەوە) سیما گشتییەکەی ئەوە بوو لە خزمەتی (منی کورد) و گوتاری مانەوە و بەرگریدا بوو، بەڵام دەتوانین بەدوو شت شیعری ئەو لە شیعری ئەوانی دیکە جیا بکەینەوە و، بەو هۆیەوە وەکو (بەشدارییەکی جیاواز– لانی کەم جیاواز لە دیوی دەرەوەدا) حیسابی بۆ بکەین:

١– شیعری خاڵە حەمەمین لە پاڵ ئەوەدا کە هەڵگری هەست و نەست و ڕوانینێکی ناسیۆنالیستییە، هەڵگری هەست و نەست و ڕوانینێکی چینایەتیشە.

٢– شیعری خاڵە حەمەمین زۆربەی جار بەتەواوی لە ڕمزییەت دادەماڵرێ و، ڕاستەوخۆ دەست دەخاتە سەر ڕووداوەکان. ئەم دوو تایبەتمەندییە، بەو ئەندازەیەی کە ببێتە خەسڵەتی دیار و بەرجەستەی ئەزموونێکی ئەدەبی، لە ناو شاعیرانی ئەوسادا تەنها لە لای خاڵە حەمەمین بەو زەقی و ئاشکراییە بەرجەستە بووە. بێگومان ئەوەش کە سەکۆی بڵاوکردنەوەی شیعری ئەو، چاپەمەنییەکان و کەناڵەکانی (شار) بووە نەک (شاخ)، زیاتر سوورمان دەکات لەسەر ئەوەی کە ئەم دوو تایبەتمەندییە بەدوو مۆرکی (بەئەرزش) بۆ شیعری ئەو بدەینە ئەژمار، بەتایبەتی بۆ ئەو سەردەمە، چونکە ئەگەر ئێمە بڕوامان بەوە هەبێت کەدەبێت دیاردە (بەدیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی)شەوە لە سیاقی خۆیدا بخوێنرێتەوە و تاوتوێ بکرێت، ئەوا دەبێت لێرەشدا ئەم دیدە نادیدە نەگرین.

بێگومان هەوڵدانی من بۆ بەهەند گرتنی سیاقی مێژوویی (لە پەیوەست بەتاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی شیعریی خاڵە حەمەمین–دا) بۆ ئەرزش بەخشین نییە بەخودی شاعیر (یاخود: بۆ بەقارەمانکردنی شاعیر!)، ئەوەندەی بۆ ئەرزش بەخشینە بەچەند دەقێکی شیعری کە توانیویانە (وەکو بەشداری) سنووری سیاقێکی مێژوویی تەسک و ترسناک ببەزێنن و بێنە دەرەوە و لەگەڵ واقیعێکی

سیاسی– کۆمەڵایەتی سەختدا بەریەک بکەون و ببنە بەشدارییەکی دیار و بەرچاو لە ناو بەشدارییە ئەدەبییەکاندا.

بەکورتی و بەڕاستی من دەمەوێ بڵێم:

(حەمە ئەمین پێنجوێنی) هەر کەس بووبێت، ئەو شیعرانەی کە ئەو نووسیونی، ئەوەن کە بوون:

بەرهەڵستکار و، ڕوون و، ڕاستەوخۆ.

هەروەها:

بەشداریی (حەمەئەمین پێنجوێنی) لە پەرەپێدانی ئەدەبی بەرهەڵستکاریی ئێمەدا، ئەگەرچی بەشدارییەکی قووڵ و جیاواز نەبووە، بەڵام بەشدارییەکی دیار و بەرچاو بووە (بەتام و بۆنێکی تایبەتییەوە).

فەرەیدوون پێنجوێنی

# چیا فەرشی جەربەزەیە

پێشکێشە

بەتۆی هاوڕێ و خۆشەویست و دڵسۆزم..

بەو دایکەی کە گەلێ ئازار و کوێرەوەری بەهۆی سەرکەشی و کەللەڕەقی منەوە دی..

بەوانەی لە پێناوی خاکدا دەژین و لە ڕێگەی مرۆڤایەتیدا دەمرن، بەوانەی عاشقی دیمەنی جوانی کوردستانن و بۆ ئازادی خەڵکە چەوساوەکەی خەبات دەکەن، بەوانەی ڕێزی هونەر و جوانی و خۆشەویستی دەگرن..

"حەمەئەمین"

سۆز و گلەیی

خوێنەرە خۆشەویستەکانم

ئەم چەند پارچە شیعرەی لە بەردەستدایە هەندێکە لەو کۆمەڵە شیعرانەی ماوەیەکی دوورودرێژ بەدەم سەرەو خوار و بەرەو ژووری کەژ و کێوە سەختەکانی شار و لادێکانی ئەم کوردستانە خۆشەویستەوە بەپەلە پروزە و کونا و کونەوە نووسیومن. ئەگەر بڵێم ئەمە کۆمەڵێکی زۆر بووە و لەمانە باشتر و ڕێکوپێکتری تیا بووە باوەڕم پێ بکەن، چونکە ئەو دەفتەرە بۆر و ژاکاوەی لە هەگبەکەی کۆڵمدا بوو بەدرێژاییی زەمانێک و لە هەر بن درەخت و پاڵ بەردێکدا دەمویست پشوویەک بدەم و ماندوویەتی خۆم بحەوێنمەوە شتێکم لێ دەنووسی و دەمخستەوە ناو توێشە بەرەکەوە هەتا دەهاتمەوە "کون و قوژبن" و شوێنە تاریکەکان و دیسان پیایاندا دەچومەوە و پاکنووسم دەکردن و ئینجا بەر «محەمەد» سەڵەوات بۆ لایەنی تر.. جا بۆیە ئێستا دەبینین هەندێکیان پچڕ پچڕ و هەتیون! چونکە گەلێ لەو شیعرانە دەکەوتنە بەر ڕەحمەت و بەوریی (باران) و هەگبە و هەرچی تریشی تیا بوو دەخوسایەوە دەبوو بەشلکێنە.! ئینجا وەرە ئەوەی بەهەزار حاڵ دەخوێنرێتەوە بەپچڕ



پچڕی لێی هەڵبژێرە و نیوە و نابەچڵ بینووسەرەوە.. دیسان ئەمەشیان دەکەوتەوە ژێر باری ئارەقی گیرفانی مراخانی و کراسەوە کاتێکیش بەلاپاڵ و هەورازەکاندا هەڵدەزنایین بێگومان وەکو وتمان گیرفانیش مزەی خۆی لێ دەسەندین، هەندێکی تری لە کەڵک دەخست و پەڕەی کاغەزەکان ئەلکا بەیەکدا و مەرەکەبەکەشی دەکوژایەوە و "زیندەبەچاڵ" دەبوون، ئیتر خۆ باسی ئەوانەی کە لە کون و کەلەبەردا دەمشاردنەوە و ئیتر نەگەڕامەوە سەریان یان تا دەهاتمەوە بەدڵڕەقانە حەمام و تەنووریان پێداخراوە و بوونەتە سووتو ئینجا وشەکان بەنائومێدی "هەڵ دەکێشران بۆ ئاسمان". با واز لەو باسە بێنین. سوێی زۆرە.

ئەزیزان:

ئەم چەند شیعرە هەریەکەیان بەبۆنەی ڕووداوێک یان هۆیەک یا مەبەستی تایبەتییەوە نووسراون و ڕەنگدانەوەی ئەو کارانەن کە لە ژیانمدا نەخشی کاریگەریان هەڵکەندووە و بەبۆچوونی خۆم باسم کردوون و لێیان دواوم.

جا ئەگەر ئێوەی بەڕێز بەشیعری دانەنێن و کەموکوڕی هەیە لە بارەی فۆرم و تەکنیکەوە یان "وەزن و قافیە"و ماناوە بەدڵتان نییە.. ئەوا داوای لێبووردنتان لێ دەکەم. بەڵام لای خۆم خۆشەویستن یادە بەنرخەکانمیان تیا دەبینم و دەمگێڕنەوە بۆ ئەو کات و شوێنانەی کە هەرگیز لە بیرم ناچن و بەشێکن لە ژیانم.

نووسەر ١٩٨٠/١/٢٩

## سۆزێک بۆ شاری سنە

شارەکەیان سووتان
کۆشکەکانیان ڕووخان
باخەکانیان بڕی
خەڵکی سادەیان کڕی..!
وەک جانەوەر
وەک زۆردار
وەک شکاوی هەڵاتوو
سڵکەر لە هەرچی هاتوو
وەک لێزمەی تەرزەی بەهار
گوللە و ترسیان ئەباراند
تۆوی.. ڕقیان ئەچاند
کە گڕیان بەردایە شار
گوللەی تۆڵە کەوتە کار..!
هەر هەڵدێر و بن بەردێ
بوو بەسەنگەری مەردێ
زنجیری دەبابەیەک لە گۆشتی لینجا گیر بوو
نارنجۆکێ تەقییەوە کوڕە کوردێ شەهید بوو
نووسرا تۆڵەی تۆ بەخوێن
شارە جوانەکەی سنە
سەربەرزی بۆ میللەت و مردن هەر بۆ دوژمنە
بەتۆڵەی تۆی وێرانە
هی خەڵکی چەوساوەی شار



بۆ ڕۆڵی ساوای هەتیو
ئەو قژ کاڵە چاو جوانە
کە – ناپاڵم– سووتانی
سەر گۆنا و پەنجەکانی
بۆ ئەو "کچە خنجیلەیەی"
کە لە ترسی قەسفی "بۆمب"
وەک مامزی بەر تاژی
پەنای بردە بەر دارێ
مەرگ مۆڵەتی نەدا
کسپەی لێ هەڵسان مارێ
تفەنگ وا لەسەر شانە
یان مردن بەسەربەرزی
یان بەخۆشی ژیانە
شارەکەمیان سووتاند
شارەکەمیان وێران کرد
وەک (نازی)
وەکو فاشست
ژەهری تۆڵەیان ئەڕشت
خەڵکی شارەکەم مەگرین
هەر ئێوە نین ئێوە نین
لە سەرانسەری ئێران
فارس، عەرەب و تورکن
بۆ ئازادی وا ئەمرن
***
شار ئەسووتێ خوێن ئەڕژێ
مێشکی هەزار لاو ئەپژێ

ڕێی سەربەستی و ڕزگاری
سەخت و قوربانیدانە
یا مردن یا سەربەرزی
یا بەخۆشی ژیانە
خەڵکی شار بۆ پێشەوە
بەئازار و ئێشەوە.



## قەرەج

لەم ڕۆژانە
قەرەجێکم دی
ڕووت و ڕەجاڵ
بەزەوقەوە پێئەکەنی
کە لێم پرسی
تۆ خەڵکی کوێیت؟
لە کوێ هاتووی
بۆ کوێ ئەچیت؟
پاش حەپەسان
ڕووی کردە قووڵایی ئاسمان
وتی: نەتەوە یەکگرتووەکان
ددانیان بەمافی منا نا و
خستمیانە ناو لێژنەیەک
ئەرێ ئەی تۆ؟
منیش تاسام
خەجاڵەت بووم
زمان لاڵ بوو نەهاتە گۆ
هەر چەندم کرد نەهاتە گۆ
ئێستە و ئەوساش نەهاتە گۆ

١٩٧٩

## نەورۆزی ساڵێک

بڕیارم دا..
ئەم نەورۆزە تایەی لۆری نەسووتێنم
ئاگری نەورۆز نێڵە[١] نەدەم
نەمامی تازە نەڕوێنم..
چونکە ڕژا تک تک خوێنم!
خۆری گەشی ئەم بەهارە
لای من تارە..!
بۆنی خۆشی نێرگز نەکەم تۆوی گوڵاڵە نەچێنم..!
وەنەوشە و گەزیزە و هێرۆ
بژاکێنم..
چونکە ڕشتیان قوڵپی خوێنم!
خەڵکی هەتا ماندوو ئەبن با هەڵپەڕن
– با– بادەی مەستی بنۆشن
بۆنی گوڵی ئەم بەهارە با کاسیان کا..
هەر کات کە پەنجەی بێ ئاگا
لەسەر "پیلکە" هەڵئەبڕن!
باش ئەی نۆشن
یا سەوزە گیای ئەم بەهارە
بۆژە بکرێ[٢]

(١) نێڵە: نێڵە نێڵی ئاگر.
(٢) بۆژە– پێشێلکردنی سەوزە گیای بەهار.



هەتا پەڕۆی کڵاش ئەدڕێ..!
مادەم لای من ژەنگ و ژارە
ئەم نزارە
وا ئارەزووم ئەخنکێنم
تایەی لۆری ناسووتێنم!
ئاگر بەخوێن ئەکرێتەوە..!
هەتا دووکەڵ سەر لە خەڵکی ئەشێوێنێ!
ئاگر بەخوێن ئەکوژێتەوە
بۆیە بۆ چەک دەروونی من ئەتاسێنێ
دڵی دڵدار ئەقرچێنێ
مادام وایە..
ڕەش و سپی بەر و دوایە
نەشەمە[٣]ی ئەمساڵ وا دیارە
ساڵی مارە..!

(٣) نەشەمە: دیاردە.

## ڕێگەی سەخت

بڕیمان ڕێی سەخت
ڕێی مەترسیدار
بۆ ڕووناکی بەخت..!
بۆ گوڵی بەهار
ڕێگەی مردن ڕێگەی پڕ داو و تەڵە
چەندمان تەقاند چەندمان بڕی بەهەڵە..!
چەند دەربەندمان خستە دواوە
چەند لووتکەی هەزار بەهەزار
کڵێڵەی بەفرمان شێلاوە
لاپاڵ و نزار
هەتا هاتینە پێدەشتی پڕ درک و داڵ
لە گۆ کەوتبوو زمان ئەدواین وەک کەڕ و لاڵ..!
(تەی)مان کرد دەشتی پان و بەرین
بۆ دەرچوونی هیلاکی بەردمان ئەکرد بەسەرین
پەپوولەیەک ڕابەرمان بۆ پلپلەی باڵی
هیلاکی ڕێ و تاسەی دووری! جاروبار ئەماڵی..!
هەر کات ئەیدا هەتاوی بیر لە پۆپەشمینی لەشی..!!
بەچاوی پڕ لە تینی
بەگەردنی نەخشینی
ڕێگەی دووری پڕ داوی کردە باخچەی ئەوینی
ئەنجا منی شکستەی جەور و ستەم



گیرۆدەی گوڵ هی پەپوولە هی (بەستەم)
وەکو هەنگی شانە و هەنگوین لێ دزراو
گەڕامەوە بۆ مژینی گوڵی گەرمی بەر هەتاو..!
گوڵ خونچە بوو گوڵ سیس بوو گوڵ وەری بوو
دیمەنی من وەک کۆرپەلەی هەتیو بوو
جا پەپوولەی شەیدای گڕ و ڕووناکی
فریادەرم بوو هەستی چوست و چالاکی
چووە بۆ لای مۆمی کزی بن تاریکی دەور ڕۆشن؟
هەستی مردوو مێشکی بێ بیر ئێستە لێی
فەرامۆشن..!
نەترساوە کە هەڵ پرۆزێ باڵی
لەبەر زووخاو گڕی عەشقی "جەماڵی"
مژدە ئەبا و مژدە دێنێ لای وایە
ئەم دنیایە هی پاکییە و هی ڕاستییە و هی "خوایە"..!
١٩٦٩

## چیا.. فەرشی جەربەزەیە

ئەم بەهارە
شەماڵ تک.. تک بارانی نەرم
لە ڕووی ماندوو ئەپرژێنێ
کزەی ساردی پێشی ئاسۆ
ئاورنگی شەو، تێکەڵ
بەئارەقی ڕووی مانگ ئەکا و
ئەوسا بەناز
ئارنگ، ئارنگ، ئەیپرژێنێ
ئەم بەهارە
پەلکەزێڕینەی ڕەنگاوڕەنگ
مەیلەو ئاڵە..!
تارای مەرگی بووکێنی کیژێکی جوانی قژ پەشێوە
پۆپەشمینی
ماتەمینی
بێچووە شێرانی بزێوە..!
لە بەینی لووتکەی بڵندی
چیای "ئارد بەبا و گاڕاندا"
ڕەشەبایەک ئەورووژێنێ
نێزگز، چاوە خەواڵووەکەی،
بەمیهرەوە ئەترووکێنێ
وەنەوشەی لێواری جۆگەی فرمێسکی ژن..!



بەفیزەوە خۆی بائەدا و ئەخەملێنێ...
ئەم بەهارە
سەوزە گیای قەنەوزی، هەر بنارێ
ڕاکشاوی فەرشی ڕێگەی
ڕێبوارێکی جەربەزەیە و
ئامادەیە سەری ڕێز و لە خۆ بوردووی
لە بەردەما دانەوێنێ..
ئەم بەهارە
خرمەی تەرزە و بارانی وەشت ماندووی پەرت و وێڵی هیوا
خەو لێ ئەخا
قوڕاوی سووری جۆگەکان
کانیاوی ڕوون، تێکەڵ ئەبن..
زەوی کێڵراو، پاراو ئەبێ
جا گوڵاڵەش، شەپۆل شەپۆل
سەر هەڵئەدا..

١٩٧٩

## یاری و گلان![1]

**هەڵبەستێک بۆ منداڵان**

مناڵینە ئێوە کاتێ گەمان دەکەن
"شەن" و "کەوی" خەمان دەکەن
گەر یەکێکتان هەڵخلیسکا
دەموچاوی پڕ لە خوێن بوو لووتی پژا
مەڵێن بەسە و ئاش بەتاڵە
خۆر ئاوا بوو بەرەو ماڵە
خێرا "بۆسۆگ" خەنە لووتی
دەموچاوی پاک کەنەوە
گەر "بەعز"[2]یش بوون ئاشت ببنەوە..!

***

تا نەکەون، نەتلێنەوە لە ناو خۆڵا،
لەشتان نابێ نە بەئاسن، نە بەپۆڵا

***

مەڵێن "ئەوە" یاری ناکا "چون" گلاوە
خۆ گلان و، هەڵسانەوە پیشەی پیاوە
دە یاری کەن، هاوکاری کەن
ڕێی پاشەڕۆژتان دیاری کەن..

(١) گلان: کەوتن.

(٢) بەعز: ئاش و ماشت – دوو منداڵ کە لەیەک عاجز دەبن پەنجە تووتە بۆ یەک ڕادەکێشن و ئەڵێن بەعز واتە ئیتر قسە پێکەوە ناکەن.



## پەیامی دوور

پەیامی دوور
لە ئاسۆی من
کوا؟ گزنگی تەل کەمانی
هەلاڵەی سوور..!
لە تاسەی من
سیس بوو وەری ژەنگی هانی..!
ساباتی(*) ژین گڕەی تەنوور
هێلانەی من
کام ئاوازی کامەرانی؟
پاشەڕۆژم
شەوەی ملی کیژی بەندە
لە تاو جوانی..!
بەختیاریم
گریان ئەدا لە جێی خەندە..!
بۆ مزگانی
پەیامی دوور
"دەبا" هەڵ بێت لە ئاسۆی سوور
گزنگی ئاڵی بەیانی

١٩٥٩– پێنجوێن

(*) سابات: کەپر.

## قولاپ(*)

بەقولاپی بەینی مەمکت دڵت گرتم
وەکی ماسی لە ناو دەریای سینەمدا هەڵت کێشا
کە پێکای نێو نیگای چاوت پەکت خستم
کە ڕۆشتی بێ بزە گیانە دڵم ئێشا

– وارشۆ –

## پەیکەر

پیاوێک مرد هەندێ وایان ئەزانی
ئیتر ئاوا بوو وتە و نیشانی
ڕۆژێ دێ لە زێڕ پەیکەری بۆ بکەن
خەڵکی بێن بڵێن وەک خۆی ئەزانێ..؟!
(بەهۆی مردنی "گۆران"ەوە لە گردی سەیوان)

١٩٦٢

(*) بۆ کچێک وتراوە کە لەباتی ملوانەکە قولاپێکی ماسی گرتنی زێڕینی لە مل کردبوو..



## مرۆڤ

من ئینسانم
هەموو گیانم
وەکو ئینسانی ڕووی جیهان
لەیەک ئەچێ بەبێ گومان
جا بۆچی من
وەکو دوژمن
سەیری یەکێکی تر بکەم
هەموو هەر حەز لە ژین ئەکەین
لە یاری و پێکەنین ئەکەین

***

ئینسان ئەبێ ئینسانی بێت
گشت کەسی لا یەکسانی بێت
هەوڵی ئاشتی جیهانی بێت
نەک هەر خۆمان خۆمانی بێت

* ئەم شیعرە لەوە زیاترە کە نووسراوەتەوە بەڵام هەر ئەوەندەیم لە بیر ماوە.. لە میهرەجانی ئاشتیخوازاندا کە لەساڵی ١٩٥٩دا لە پێنجوێن بەسترا، خوێندرایەوە و مامۆستا گۆران ئەم شیعرەی زۆر بەلاوە پەسند بوو.

## نوگره(*)

بۆ هاوڕێکانم لە نوگره
سڵاوی گەش ها بگره
بەچۆڵا بەبیابانا
بەلم و ئاگربارانا
بەلێوی سیس چاوی کزا
***
لە ناو گەرووی دوژمنەوە
لای لاوێکی وەک منەوە
بەهۆی یەکی ئایارەوە
لە پاڵە لە جووتیارەوە
دێی کاولی خانوو سووتاو
لە ڕۆشنبیری شارەوە
بەرەو "قەڵای مردن" هێنراو
بەهۆی یەکی ئایارەوە
هاوڕێی شیرینم لە نوگره
سڵاوی گەشم لێ بگره

ئەم شیعرە لە گۆڤاری لێژنەی محلی حزبی شیوعی سلێمانی بڵاو کراوەتەوە کە بەناوی هەواڵی لیوا دەردەچوو.

(*) نوگره: نقرة السلمان.



## قوتابی

قوتابی گوڵی بۆن خۆشی یەخەی گەلە
قوتابی تیشکی ورشەداری بەیانییانی دەم کەلە
قوتابی مەشخەڵی ڕێ نیشاندەرە
قوتابی ڕاوێژی یادە، ڕابەرە
قوتابی ئامانجە و هیوایە و ئاواتە
قوتابی ژیلەمۆی تێکۆشان و خەباتە
قوتابی پێشڕەوی ڕێگەی میللەتانە
قوتابی ڕۆشنکەرەوەی ڕێی تاریکی ژیانە
قوتابی ئەکتەرە، دکتۆرە، مامۆستایە
قوتابی سەرمایەی زێڕی هەتا هەتایە
قوتابی پاڵپشتی کرێکار و جووتیار و ڕەنجکێشانە
قوتابی هەوێنی خاوێنی گرسانی(*) ژیانە
بخوێن خەڵکینە لە خوێندن کۆڵ مەدەن
بەزانست بەخوێندن وڵاتمان پێش بخەن

ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٥٩ لە گۆڤاری قوتابییاندا بڵاو کراوەتەوە

(*) گرسان:مەیو.

## نامەی دووری

بەخۆشەویستی تۆ گیانە
هەمو دنیا ناگۆڕمەوە...!
لە دووری تۆیە
وا پەستم
هەناوی خۆم ئەخۆمەوە
بۆ بینینی ساتێکی تۆ..
وەکو مۆم وا ئەتوێمەوە
نە فەرهاد و نە مەجنونیش
بەتۆزی پێی منا گەیشتوون...؟!
لە مەیدانی عەشق و دڵداری
بەسەد ئاویان ئەشۆمەوە...!
لەباتی مەی
ئەی «هیوا» گیان
پەی دەر پەی
خوێناوی دڵ ئەخۆمەوە
ئەگەر بێتو نەبیستم
نەغمەی دەنگی بولبولت
تا سبەینێ گینگڵ ئەخۆم ئەتلێمەوە
بەخۆشەویستی تۆ قەستەم
نییە هیچ هەڵبوێرێ لام
لە ئاستی خۆشەویستیتا



نییە پیرۆزترێ هەر لام
لەبەر ئەو خۆشییە ماوم...!
لەبەر خۆشیتە من ژینم...!
لە پیرۆزی (عەشقی) تۆیە
دنیا بەڕووناک ئەبینم

ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٤٨٨، ١٩٧٩/٨/٢٠

## بۆ حەمدی

هاوڕێم حەمدی
چ زوو وەری گوڵی جوانی هیوات
لە ڕێی ئازادی ڕێی خەبات*
لە ڕێی گەیاندنی پەیامی
دەرمانی دەرد بیر و زامی
میللەتی کورد
پەیمانت دا و پەیامت برد
هاوڕێم حەمدی
نەگەییتە ئاوات مردی
وەری گوڵی جوانی هیوات
لە ڕێگەی گەل لە ڕێی خەبات
***
لە خێزانێک هاتیتە بوون
وشک و برنگ بیریان هۆشیان
خۆت بوویتە کارامەی فێربوون
لە جێی پەروەردە و گۆشیان

* ئەم شیعرە بەهۆی کۆچی دوایی هاوڕێیەکی قوتابیمەوە نووسیومە کە لە ساڵی ١٩٥٩دا شەهید کرا، شیعرەکە گەلێ لەمە زۆرتر بوو. بەداخەوە هەر ئەوەندەم لە بیر ماوە. سلێمانی ١٩٥٩



## بەیانییەک

بەیانییەک بیرم بڵاو
خەیاڵم ئاڵۆزاو بوو
دەرگای خۆشیم لێ داخرا و
دەروونم قوڵپی دابوو
بەیانییەک گزنگی جوان
تاریک بوو لە بەرچاوم
ڕۆژی «بەیان»
پڕ کێشە بوو لێم گیرابوو هەتاوم
بەیانییەک شریتی کوێرەوەریم
لەبەر گڵۆپی بیرا
وەک سینەما
وێنەی ئەدا
بەشانۆی تاری ژیریم
خۆم ئەبینی بەبێ پەروا
لە ناو کەشتی گریان و پێکەنینا
بەناو دەریای ماتەم و تەمی ژینا!
ملم ناوە...
چوار دەورم لێ گیراوە
دۆستی دوێنێ هاوڕێ گیانی بەگیانیم
پێئەکەنی بەویژدانێ ژیانیم

قەڵادزە: ١١- ١٠- ١٩٦٩

# لە پاش بیست ساڵ

لە پاش بیست ساڵ
ژیانی تاڵ
پاش وەرینی گوڵی لاوی
پاش ڕژانی شیلەی ژیان..!
بەبەرگی خۆم بەنانی جۆ بەنانی گاڵ(١)
هەتاکو بڕیم هەناوی
ترس و تاوی
چنگ خوێناوی
پێخەفم(٢) زەوی و ئاسمان
***
ئا بەمجۆرە
ئەم ژیانە پڕ ناسۆرە
بیست ساڵی خشت
بۆ پێشەوە بەپشتاو پشت..؟!
وەکو دەروێش
وەک فریشتەی دڵ پڕ لە ئێش
"بەر" دەشت و کێو
بێ سڵکردن لە خێو لە دێو
ناییم بۆ خەڵکی لێ ئەدا..!

(١) گاڵ: هەرزن.
(٢) پێخەف: نوێن.



گوێی پێ بدا و گوێی پێ نەدا
وەکو شەیدا
بەبێ پەروا
***
بۆ پێشەوە – بەبەرەو دوا– ..؟!
بیست ساڵی ڕێک
دوور لە یار و دوورتر لە پێک..!
بەڵام بێ "با" دەستنوێژ شکاو
دەرگای مزگەوت لێ داخراو
قورئان لە کۆشی سەرخۆشە..!
مەلا مەیخانەی لا خۆشە..
وەکو شوانی سەر بەردی یاڵ(٣)
پیشم(٤) کردە گەرووی شمشاڵ
بۆ ئاژەڵی پرش و بڵاو
بۆ ڕانی(٥) گورگ لێ دراو
ئاواز ئەڕۆی قەد پاڵ قەد پاڵ
بیست ساڵ، بیست ساڵ: ژیانی تاڵ
لە پاش خەوی: ئەم بیست ساڵە
کسپەی گوللە و ئازار ناڵە..؟

بەغدا ١٩٧١

(٣) یاڵ: شاخ، چیا.
(٤) پێش فووی بەهێز کە بەشمشاڵیا دەکەن.
(٥) ڕان: ڕانەمەڕ.

## گۆرانییەک بۆ کرێکاران

کرێکارین پێشڕەوی میللەتانین
ئاشتیخوازین پێشمەرگەی نیشتمانین..!
لەبەر تیشکی ڕووناکی
بیری (لینین)
ئێمە و کاروانی گەلان
ڕێ ئەکەوین بۆ پێشەوە
جەرگی تاریکی ئەبڕین
بۆ ئازادی و زەوی و نان
بەئازار و بەئێشەوە
کرێکارین
لە مردن بەهێزترین
قاڵبووی کورەی زەمانین؟
لە پۆڵا قایمتر و
لە ئاگر بەتینترین
وا مانای ژین ئەزانین
کرێکار و جووتیارین
بیروباوەڕمان پاکە
لە پاش مردن
بیرمان گەش و ڕوناکە..!

کەلکە سماق ١٩٦٣



## باوک

باوکی کرێکار و جووتیار
کە هەڵهات وەکو هەتاو
دنیای ڕووناک کردەوە
گۆڕینی دا بەمێژوو ژیانی خستە بەرچاو
ڕێی ئازادی کردەوە

– مۆسکۆ –
بۆ پەیکەری لینین وتراوە

## ئەستێرە گەشە

ئەستێرە گەشەی ئاسمانی تەم
هیوای بەرز و سەخت و ستەم
جێگەی خەو بینینی شەومی
خەیاڵ و خۆراک و خەومی
جا خۆتم لێ مەشارەوە
ژەنگی دڵ زاخاو بەرەوە
ئەی ئەستێرەی ناو خەرمانەی گڕ پەمەیی
فریام کەوە دڵم وەستا خوێنم مەیی..!

بەغدا

## نائومێدی!

ئەی جوان
ئەی ڕاکێشی سەرنجی ئادەمیزاد
ئەی هیوا و ئاوات و مراد
ڕەنجی مرۆڤ ئەدەی بەباد..!
هەستم ئەبزوێنێ
دەروون ئەجۆشێنێ
تاسەم ئەخنکێنی
بێ هیوا و ناکام
هەتاکو ئەنجام
گەیین بەمەرام
برژام هەڵقرچام..
پاشەڕۆژ تاریک
ڕێم تەسک و باریک
ئەی جوان
ئەوەی پێوەی ئەنازی جوانییەکەتە
بۆ ئەوانەی ئەیانکوژی زەحمەتە
وەک داوە ئەڵقەی پەتە..!
بۆ تۆی بێ باک یەک هەناسە و هەڵمەتە..



## تەزووی ڕاز و نیاز

"ڕەوا"
پێشکەش
بەو کێڵگانەی بێ بارانن
بەو باخانەی بێ باخەوانن
بەو دڵانەی بێ ژوانن
بەو مەلانەی پەراگەندەن
بەو زامانەی کە خۆ کردەن
بە
ڕەوا
و
نەدای
ئازیز و خۆشەویستم
لە بارەی
ئەم کۆمەڵە شیعرەوە
محەمەدی مەلا کەریم
***

# پاشبەندی پێشەکی

مومتاز حەیدەری

وابزانم شت نووسین لە بارەی شیعرەوە هێندە ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر نووسەرێک بیەوێ وردبینانە دەرەوە و ناوەوەی شیعر دەستنیشان بکات؟ چونکە شیعر تەنیا شیکردنەوەی ڕواڵەتی ڕووتی وشە نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوە و ئاوێتەبوونی کۆمەڵە شتێکە لەمرۆڤدا کۆ دەبنەوە، واتە هەموو بارودۆخی ئاڵۆزی ژیان و کۆمەڵ بەگشتی و چۆنیەتی ژیان و باری کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونی خودی شاعیر وەک مرۆڤ بەتایبەتی، ئەوەیش دەبێ لە ڕوانگەی زانست و ناکۆکییەکانی واقیع بەسەر بکرێتەوە، ئەوسا خاوەن قەڵەم دەتوانێ کۆمەڵە شیعرێک (یان هەر بەرهەمێکی دیکەی ئەدەبی) هەڵسەنگێنێ و مافی ڕەوای شاعیر بەخەڵک ڕابگەیەنێ.. کەواتە نووسەر (لێکۆڵەرەوە) دەبێ ئاگەداری ئەو شتە ببێ ئەو کاتەی بەرهەمێکی ئەدەبی، لە ڕوانگەی بۆچوونی خۆی و بەتێڕوانینێکی تەسک و شۆڕبوونەوە بۆ ناخ و هۆیەکانی کارەساتەکانی کۆمەڵ، شی بکاتەوە، چونکە ئەگەر وا بکات تەنیا ڕووی دەرەوەی شتەکان دەبینێ و بەمەش خاوەن بەرهەم غەدری لێ دەکرێ..(!).

بۆیە وا دەڵێم، تا شتێکی بەقەبارەی پێشەکییەک لە بارەی ئەم کۆمەڵە شیعرەی کاک حەمەئەمین پێنجوێنی بنووسرێتەوە، ئەویش نەک تەنیا وەک چەند کۆپلە شیعرێک بەڵکو دەبێ لەوە ئاگەدار بین کاک حەمەئەمین کەی و بۆ پەنای بردووەتە بەر شیعر؟؟.. ئایا بەهرەکەی تازە چەکەرەی کردووە؟ یان هەر لە زووەوە سەری هەڵداوە و لەبەر چۆنیەتی ژیانی ڕابردووی لێی یاخی بووە؟ لەم سالانەی دواییدا، لە ڕۆژگارێکی پڕ هەڵسوکەوت و ئازاردا، دووبارە لەگەڵ شیعر ئاشنا دەبێتەوە؟.

ئەویش، چونکە وەک نیشتمانپەروەرێک نایەوێ کۆڵ بدات و پەنا دەباتەوە بەر شیعر!. پێویستە وەلامی ئەم پرسیارانە لە بیروباوەڕی وشک، دوور بێ کە لە



ڕوانگەی دروشمی سیاسی و شیعری هاوارەوە تەماشای بەرهەمی ئەدەبی دەکات. بەڵکو دەبێ وەلامەکەی بەشێوەیەکی زانستی داهێنانە بێ کە ناوەڕۆک و ئەنجامەکەی مسۆگەر بکات. بەلام ئەو کاتەش نابێ بارستایی ئامانجی ئەم کۆمەڵە شیعرە یان هەر بەرهەمێکی دیکە، لە ڕووی ناوەڕۆک و ڕووخساری هونەرییەوە لە ڕەوتی ئەدەبدا فەرامۆش بکرێ.

با ئێستاش بەپێی تێڕوانینەکانی سەرەوە، وەلامی ئەم پرسیارانە دەربارەی کۆمەڵە شیعری ئەم دیوانە بدەینەوە.

"مرۆ" کە بەمنداڵی لە خێزانێکی هەژاری چەوساوە لە باوەشی نەتەوە و کۆمەڵێکی دواکەوتوو زۆر لێکراو، لە ئامێزی نیشتمانێکی ئێجگار جوان و کلۆڵدا، چاوی دەکاتەوە و ناخی دەهەژێنێ، ئیدی هەر زوو ڕێگەی بەختیاری میللەت و ئاوازی نیشتمان دەستنیشان دەکات، چونکە سەرکەوتنی ڕێڕەوی ئەم "ڕێگەیە" نەک تەنیا تیشک و گەرمای خۆری ئازادی هەموو مالە زەحمەتکێشەکانی ڕووناک و گەرم و سەوز دەکاتەوە، بگرە هەزاران گوڵ دەپشکوێنێ و پشکۆی گەش و ترووسکەداریش لە ناخی خاکی نەتەوە دەردەخات. ئەوساکە کۆت و زنجیری چەوساندنەوەی کۆمەلایەتی و نەتەوەیی بنبڕ دەکرێن.

کەچی دەبینین بەپێچەوانەی ئەوەی کە ڕۆژگاری نالەبار کاک حەمەئەمین فێر دەکات ڕێگەی ڕاستی و سەرفرازی پەیڕەو بکات ئەویش لە ناخەوە، بەبڕواوە خۆی بۆ هیلاک دەکات واز لە کۆڕپەی شیعر دێنێ هەرچەندە «گۆرانی» نەمر هەر لە زووەوە (١٩٥٩) پێی دەڵێ: (هیچ مەکە تەنیا شیعر بنووسە) کەچی ئەو لەبەر خوێنگەرمی لاوێتی و تێکۆشانی ڕۆژانە بەهرە شیعرەکەی (سڕ) دەکات!

کاک حەمەمینی مرۆڤ دەکەوێتە بەر گێژاوی ڕۆژانەی ژیان و لە شیعرێکی ئەم کۆمەڵەیەدا:

**"وەلامی پرسیارێک" دەڵێ:**

**بەڵێ ڕاست ئەکەیت خۆم نیم**

**لە ناو گێژاوا ئەژیم!**

**ئەوەی من ویستم نەبوو**

**ئیتر نازانم، جوانە پێبکەنم**

**یان بگریم؟!**

کاکە حەمەئەمین، ئەمجارەیان بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکەی پەنا دەباتە بەر شیعر. بۆیە دەیەوێ بەهرە شیعرییەکەی دەوری لاوێتیی قاڵ بکاتەوە.

ئەمەش توانا و، کات و، ژانی دەوێ، چونکە "کەس لەپڕێک نابێ بەکوڕێک". جا ئەگەر هەست بەلاوازی و لاسەنگی بکرێ یان جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم کۆمەڵەیە و کۆمەڵەی پێشوو (چیا فەرشی جەربەزەیە) نەکرێ شتێکی ئاساییە، ئەوەش هەر ئاساییە بگوترێ کە هەندێ لە شیعرەکانی "ڕەشبینە" بەتایبەتی لە شیعری "سلێمانی"دا.

بەر لە هەموو شتێ: دەبێ ڕەوت و ناوەڕۆک و مەبەست و ئەنجامی سەرجەمی کۆمەڵ دەستنیشان بکرێت جگە لەوەش ئەگەر ڕاستی و قورسایی ئازار و کارەساتەکان لە چوارچێوەی هەڵچوون و دەربڕینی سۆزەوە بەکۆمەڵانی خەڵک ڕابگەیەنرێ، ئایا ئەمە ڕەشبینییە؟؟ باشە ئەدی شیعر چییە؟؟ بەپێچەوانەوە شیعرەکەی «سلێمانی» یەکێکە لە شیعرە باشەکانی ئەم کۆمەڵەیە، فەرموون با کۆپلەیەکی دووبارە بکەینەوە:

**گۆیژە سنگی لە دامێنی**

**ئاسمان ئەسوێ.!**

**ئەزمڕ لووتی بەرەو تیشکی هەتاو ئەنێ**

**گڵەزەردە لارەملە و ماچی گزنگی خۆر ئەکات،**

**ئاوا نەبێ.!**

**ئەوەی ڕەق و زەق دیارە،**

**دیارە هەر بەردە قارەمان**

ڕاستی ئەم کۆمەڵە شیعرە بەگشتی ڕەنگدانەوەی چەندین نموونەی گیانی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەپەروەری و هەستێکی جوان و ناسک و



سۆزێکی گەرمە بەرامبەر خۆشەویستی خاک و نیشتمان.

نموونە هێنانەوە و سەلماندن درێژە بەنووسینەکە دەدات کە ئەم پاشبەندەی پێشەکییەکە هەڵی ناگرێ.

بۆیە لێرەدا کۆتایی پێ دێنم و ئاواتە خوازم ئەم کۆمەڵە شیعرە جێگەی ڕەوای خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بکاتەوە.

داوای لێبووردنیش لە کاکی گەورە و بەڕێزم مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم دەکەم کە ئەم نووسینەم ناو ناوە "پاشبەندی پێشەکی".

## ڕاسپاردەی گۆران بۆ خانی

وتمان: گۆران..!
ئەوا ئەچین بۆ لای "خانی"
نەک بۆ لای خۆی
بۆ لای گیانی
بۆ لای تیشکی شیعرەکانی
چی بۆ ئەنێریت بەدیاری..؟
وەڵام نەبوو..!!
وتمان: گۆران..!
وا خەڵکی ڕوو ئەکاتە شار
کۆچ بار ئەکات..!
خێڵ بار ئەکات..!
"گۆران"[١] لەباتی بەرەو ژوور
هەموو ڕوو لە نەیار ئەکات..!
وەڵام نەبوو..!!
وتمان مامۆستای شیعری جوان..!
دڵدار گوڵی لێ بێزارە..!
زاوا لە بووکی تۆراوە..!
نووسەر خامەی فڕێ داوە..!
فریشتەی هەستیان زڕاوە..!

(١) گۆران: مەبەست لە دانیشتوانی شارەکانە لێرەدا. لێرەدا وەکو کورد و گۆران، گۆرانی یەکەم مەبەست گۆرانی شاعیرە.



جەربەزە دەستیە سووتێنێ
پردی ژێر خۆی ئەڕووخێنێ..!
ڕوو ئەکەینە هەر لووتکەیەک
هەر بنارێ
یان هەر شوێنێ،
هەر "کەڵە" وا دۆش داماوە!
لە بەرۆژا،
لەباتی کەو چینە بکات،
بایەقوش تیایا ئەخوێنێ..!
وتی: (کوڕان)!
ئێوە هێشتا هەرزەکارن
بەدڵ و جەستە بیمارن
بۆنی شیعری خاوی سەردەم،
هەموو سەرجەم
لە دەمتان دێت!
باوەڕ بکەن، باوەڕم بوو...
لەم "بەردە ئەستێ" و"چەخماخ"ە،
کڵپە و گڕ هەر پەیدا ئەبێت..!
بەو "خانی"یە پیرەش بڵێن:
ئەز هەر باوەڕی ئەوم بوو،
هەردوو یەک ڕێ
بۆ کوردستان،
بۆ هەژار و چەوساوەکان
بەرەو تیشکی جوانی ئاسمان،
کەوتینە ڕێ

"ئەو" پەنای بە"یەزدان" بەست و
"من" بە "زانین"...!
ئێمە هەردوو ئاشنا بووین،
بەڵام "پەنا" ئاشنا نین...!
ئەو "مەم"ی خستە زیندانی
ئەمیرێکی کوردستانی
لەبۆتانا...
من خۆم دیل بووم لەزیندانا..!
"هەتاوی بیر"
"گۆشتە و زوون"[٢] ی برینم بوو،
لە شەوانا!.
کوڕ و کاڵە شاعیرەکان..!
هیوای دواڕۆژی کوردستان..!
کۆڕتان پیرۆز
دە کوڕ بگرن
هەڵبەستی هەنگوین "ببڕن"..!
دیاریی من هەر دوو وشەیە
بیری پاکی پێشکەوتنخواز..!
بۆ کوردستان،
بکەن بەوێردی سەر زمان
لە ئەفسانە و لە داستانا
وەک ملوانکە و (حەتحەتۆکە)..!

(٢) گۆشتە و زوورون: تۆخمانەی برین.
ئەم هەڵبەستە لە یەکەم میهرەجانی شیعری کوردی کە لە دهۆک بەسترا خوێندرایەوە، لە پاش هەرەسەکەی ساڵی ١٩٨٢.



بیهۆننەوە...
بیکەنە ملی کۆرپەکانتان
با گڕوگاڵ و وشەیان،
کوردستان بێت
بیری جوان بێت
١٩٨٢/٧/٢٠

## برووسکەی نەورۆز

هەزاران ساڵە
نەورۆزی کورد
دێت و ئەڕوا
بۆ هەر ساڵەی یادگارێک
بەجێ دێڵێ
هەر "یادگارە"
داستانێ، چیرۆکێکە،
هەر چیرۆکەی پاڵەوانی خۆی جیایە
پاڵەوانان، بۆ هەر دەمێ،
مێژووی، شۆڕش دەنووسنەوە.
کەرەستەکەی:
ئێسقان، قەڵەم، مەرەکەب، خوێن،
"پەڕە"یش کەوڵەکەی کاوەیە
ئاسن... لاوان
کوورەیش... خەباتی کوردانە
جۆشیش... بیری پاڵەوانە
ئالاکەش... هەر شەکاوەیە!
سەدان ساڵە
ئێمە بۆنی نێرگز دەکەین
"نالی" دەڵێ: دوو نێرگز هەر لە خەودایە



گوێمان کەڕە،
وەنەوشەمان خستە پیاڵە...!
"مەولەوی": فەرمووی هۆ خاڵە..
وتمان کوردین.. دڵمان تەڕە..!
گوڵاڵەمان دەسکەنە کرد..!
"پیرەمێرد" وتی: گڕ ئاڵە
وتمان: لێی گەڕێن (خەیاڵە)...!
ساڵەهایە
ئێمە ئاگر ئەکەینەوە
شەوارە بووین، بەدەوریاندا ئەتلێینەوە!
بەنمێک باران، تەپ و دووکەڵ
کوژایەوە..
کوژایەوە!
پزیسکێکی کەوتە کای کۆن..!
بڵێسەی هەڵگیرسایەوە..!
شەختە و سەهۆڵ توایەوە..!
چرۆ و خونچە، گەشایەوە
هەزار ساڵە
بەدوای چەکوشەکەی کاوەدا
دەخولێنەوە، دەڕۆین و دەگەڕێینەوە،
خوێناوی دڵ دەخۆینەوە
چەندان "پاشڵ" دەشۆینەوە..!
هەر لە کێوی (دەماوەند)
هەتا قووڵایی گۆمی (وان)

تا خوڕایی دیجله و فورات
هەتا ئاسمان...

---

با بگەڕێین، ورد بینەوە
"ڕێبین"، "شەوبین"
هەر کەس ئەم (چەکوشە)ی دۆزییەوە...!
گرەوی خۆی ئەباتەوە...!؟
لەسەر دەزگای
بازووی ڕەنجی چەوساوەی کورد
مێشکی هەزار
"مار" و "زوحاک" ئەهاڕڕین، ورد..!
ئەوسا نەورۆز،
دێت و ئەڕوا،
گەورە ئەبێ..!
کیژ و کوڕ، بۆی دێنە سەما
نێرگز، تێکڕا ئەچنە "پیاڵە"
پیاڵەی پێکی کوردستانە
هەزاران دڵ چاوەڕوانە.

نەورۆزی ١٩٨١



## پێشەکی شیعری ئەستێرە خان

دڵم هەمـوو سـاتێ، هەمـوو کـاتێ، دەبێـتە کۆمـەڵێ سـەهۆڵ و، سـڕ دەبێت و، شـەختـە و چلووره بەچوار دەوریا شـۆڕ دەبێـتەوە و دەگیـرسـێت و دەمـەیەت، هەسـتی تیـا نامـێنێ، بەڵام کە دەکەوێتە بەر تیـشکی ئـاگرینی بـەتینی ئەوینی جــوانی تۆ ورده ورده دەتـوێتــەوه و دەبێت بـەئاو و دڵۆپ، دڵۆپ دەڕژێتــە ناو ڕووباری ناخی ئارەزوومـەوە!. دەڕوات هەتا لەگەڵ دوو جـۆگەلەی چاوەکانمدا لە ئەسرین دەریایەکی گەورەی بێ بنی قووڵ پێک دێنن، ئەمجا بەجووتە لەگەڵ خـۆشـەویسـتـیـیـە سـاواکـەی تۆدا دەکـەونە مـەلە. مـەلەی مـەرگ، مـەلەی خـۆشـەویسـتی، مـەلەی دڵدارییـەکی کـتـوپڕی بێ حـیـسـاب بۆ کـراو، دڵداری ئەوینێکی کۆرپـەی بەهیـچ ژێر نەبووەوه، دڵدارییـەکی چاوچنۆکی ژەمـەنبردەی بەهیـچ تێر نەبوو. ئەوینێکی گڕاوی بەهیـچ نەکوژاوەی تا مردن. ئەستێرە خان: نازانم من شـێت بـووم یا سـەرم لێ شـێواوە، نازانم ئەم ئەوینە گەرم و گەشـە چی بـوو وەکـو دوومــەڵێکی پڕ جــەخــار لەســەر پەردەی دڵم دەرهات وە هـەتا هەتایە دەرگای نابێت، نازانم ئایا نـەشتەری تیژی نێـو نیگای چاوێکت کەی لە دەرگا ئـەدا و هـەتا شـەرابی کۆنی خەسـتی چەند ساڵەت بۆ بکەمـە پێکی ناز و سـڕکی و شـۆخی زەردەخەنەتەوە.

نازانم دەتوانم بڵـێم، جورئەتم هـەبێ و بوێرم بڵـێم: گیـانەکەم تـۆم خۆش دەوێ؟ یان بەلای کەمەوه ئەوەندە جەسوور بم بتوانم دوو دێر شیعرت پیا هەڵبدەم؟ وا خۆم تاقی کردەوە ئەم نامەیەم بۆ ناردی:

گەڕانەوە بۆ ئەدەبی کلاسیک

# ئەستێرە خان

ئەستێرە خان:
ئەی پەری، فریشتەی ئاسمان
دڵت هێنامە جۆش
ماسولکەکان هاتنە زمان..!
فریشتەی ڕەشپۆش
پیرۆزە، بەرگی ماتەمت..
دوور بێ لە "پرسە"کەی
ئەی چپەی ژێر لێوی نەبات
کە بەنازەوە، پرسەکەی..؟
مەستم ئەکا و، وەک پێکە
ئەیکەم نۆش
گلاراومە، نەما ئارام و ئۆقرە لام،
هەستیارم خامۆش..!

***

ئەستێرە خان
دەخیلت بم..!
سەد جار دەستم بەدامانت
تاقە لوتفێ ئەمکاتە بەندەی
ئەڵقە لە گۆش..!

***

ئەستێرە خان
ئەی پەری



ئەی فریشتەی ئاسمان
وەک مانگ بووی لە ژێر
هەوری پایزی ڕەش
بەبەرگی غەمگینت، تەسریحە سادەکەت
بەدەری خست ڕووی مانگی چواردەت
دڵۆپی ئەسرینت
ئەدرەوشایەوە لە ناویا –
دوو ئەستێرەی چاوی گەش

***

ئەستێرە خان
ئەی فریشتەی سەر زەمین
دیاریی سروشت بۆ ئاسمان
کە مەچەک و پووزی بلوورینت
دەرئەچوو لە بەرگی "شەوە"[١]ت!
لێدانی دڵ، نەبزم ئەگەیە سەد و نەوەت..!

***

ئەستێرە خان
خۆزگە جارێ سوژدەم ئەبرد
بۆ ئەو سینگە مەڕمەڕەت
تێر ئەم مژی، بۆنم ئەکرد
هەتا مردن ئەبووم بەسۆفی پڕ تەوەت
ئەوسا دڵم ساتار ئەکرد..!

***

ئەستێرە خان
کە سەلار و شۆخیت لەئەندازە بەدەر

(١) شەوە: مووروویەکی ڕەشە لە بەردی ڕەش دروست دەکرێت، ئافرەت دەیکەن بەملوانکە..

له جوانیا بێ وێنه، له گفتوگۆدا بێ کەدەر
له بەرزی باڵادا، سنەوبەر..!
له ڕێکییا، عەرعەر..!

***

ئەستێرە خان
زەردەخەنەی بزەی بەشەرم و ناز
ئەهاوی جار جار
ئەمخاتە دەریای ڕاز و نیاز
پەری خان هاوار!
ڕۆژباشی سرکت وەک ئاسکی سڵ
سەرلەبەیانیان
هەزار پرسیار ئەخاتە ناو دڵ
پەری خان ئامان..!

***

شاژنی جوانان...!
شۆخە کچی ژن..!
ئاخۆ بەزەییت، ئەگاتە ویژدان
بەرانبەر بەمن..!!!

١٩٨٢/٦/٢



## سلێمانی

"هاوڕێیەکم هەواڵی سلێمانیی لێ پرسیم
منیش بەم چەند دێرە وەڵامیم دایەوە"

گۆیژە سنگی لە دامێنی
ئاسمان ئەسوێ..!
ئەزمەڕ لووتی
بەرەو تیشکی هەتاو ئەنێ
گڵەزەردە لارەملە و ماچی گزنگی خۆر ئەکات
ئاوا نەبێ..!
هەورازەکەی تاسڵوجەش
تەخت بووە، وەک بازیان..!
ئەوەی ڕەق و زەق و دیارە،
دیارە هەر، بەردە قارەمان..!
ڕەشەبای گەرمی هاوینە
کە جار جارێ ئەلورێنێ
خەڵفە نەمامی باخچەکان ئەقرتێنێ
شاریش کپ و خامۆشییەک دای گرتووە
وەک ئەشکەوتی هەزار مێردە
بۆ توێشووی مێژوو، زیندووە!
سەرچناریش مەنگ و گێژە،
وەکو گۆمی (دەربەند)، (دوکان)
ماسییەکان باریان خستووە..!

هاوینی ١٩٨٠

# گەڕانەوە

سروودی جووتیارە ئاوارەکان

ئەگەڕێینەوە بۆ گوندەکەمان
ئەمژین شیلەی شیرینی ژیان..!
ئەگەڕێینەوە پاش ڕەنج و ئازار
ئەچینە لووتکە و لاپاڵ و نزار،
دەغڵ ئەچێنین
درەخت ئەڕوێنین
نەخشە بۆ نەوەی نوێ
ئەنەخشێنین..!
ئەگەڕێینەوە
بۆ ئارامگەی دڵ
بۆ ناو پیرۆزیی بەرد و دار و گڵ
ئەگەڕێینەوە
ڕووسوور، ئاڵا سوور..!
ئەگەشێتەوە "ڕوو"ی ماندووی
(ڕێ)ی دوور
گەڕانەوەمان (حەتمی) مێژووە..
گرنگ نییە گەر
درەنگ یا زووە..!.

پایزی ١٩٧٩



# یادی چوار ئەفسەرەکە

چوار ئەفسەر بوون.. چوار قارەمان
وتیان: ئەبێت گەش بێت ژیان..!
ژیانی کورد، خاکی پیرۆزی کوردستان
وتیان:
ئەمرین
بەڵام گیانمان ئەڕوێتەوە
لە ناو کێڵگەی دڵی نەوەی شۆڕشگێڕا
ئەژێتەوە
چەکەرە ئەکا.. سەر دەردێنێ و
گەورە ئەبێت
ئەوسا ڕۆڵەی ئەم وڵاتە
لە سایە (یا).. ئەحەوێتەوە
چوار مرۆڤی (ئەفسەری کورد)
وتیان: "مەرگی مەردانەمان لا ژیانە"
"ترسنۆکی شەوانەمان لا نەمانە"
وتیان: ئەستێرەکانی سەرشانمان
ئەبن بەمانگ..
ئەبن بەڕۆژی مەیلەو ئاڵ..!
چراوگی ڕێگەی سەختی نەوەمانە
ڕۆڵەکانمان کاتێ وەک شێر
گەورە بوون و.. کە بوون بەپیاو..!

له ڕوویان دێ
بڵێین: ئێمه باوکمان ژیا..!
له پێناوی گەلەکەیا
چوار ئەفسەری ئاڵا هەڵگر
بەرەو شۆڕش.. بەرەو ئاگر
ڕمەکەیان، که داچەقاند،
گەردی بڕوای کوردیان
تەکاند؟.

١٩ی حوزەیرانی ١٩٨١



## شەوانی سلێمانی

که دوور بم لێت، ئەزانم نرخی زێڕت
کولوور و گەنجی دنیایە
که لات بم، نزیک خۆشەویستیت،
بەهرەیەکە قەت له بەها نایە..!
وتم: با دڵ بترسێنم، بەدووریت
کەچی وا هەر ڕوو له تۆیە لەگەڵ منا نایە..!
له بەینی تۆ و دڵ سەرگەردانە هۆشم
بەڵام وا مەیلەکەی هەرگیز بەرەو دوایە..!
گوزاری چی؟
چاوەکەم، من شەڕە فرۆشم
که سوژدەی "بەندە" هەر بۆ گەورەیی "خوایە"

بۆدابست/ ٦/١٩٨١

## قەڵای هەولێر

زەمانی زوو
سەرەتای پەیدابوونی مێژوو
"گەزنەفوون" هات
ئەسکەندەر چوو
ئالێرەدا: "دارا" و "ئەسکەندەر"
لێکیان دا..
کە داریوش چوو[١]،
پاشووی ئەسپ و چارەوێیان
هەموو داچۆو[٢]!
لووتی خۆی و نووکی ڕمیان
بەئەزەلی
دای لە تاشەبەردی (گەلی)[٣]
دوژمنەکان
لاشەی مرۆڤیان وەک تەیمان[٤]
تێک ئەترنجان..!
خوێنی خەستی، جووتیاری کورد
بنکەشی[٥] بوو..

(١) چوو: تۆڤی، بەزی
(٢) داچوو: ڕۆچوو، چەقی.
(٣) گەلی: گەلی عەلی بەگ.
(٤) تەیمان: چەپەر، تانووک، دیواری لە تووڵ دروستکراو
(٥) بنکەشی: پەیوەستی، لکاندنی خشت و دیوار پێکەوە.



کەللە سەر و لێژنە لاشەی
ئاڵ وەک تیشکی ئاتەشگەکەی
ناو قەڵاکە و دیوارەکان
هەر بەو خوێنە سواخ دران
***
چوار خواوەندی بتیان هێنا
لە چوار دەرگا هەڵواسرا
ناوی "ئەربائیلۆ"یان نا
چەند لەشکری،
جیهانگیری،
ئالێرەدا.. لە یەکیان دا
هەر لە ئێسک و کاسەسەری
هەژارانی ئەم کوردە بوو
قەڵای هەولێریان، پێک هێنا
بەنووکی ڕم.. بەگورز و شیر
هەڵیان چنی، لێژنە، لێژنە
قەڵا.. قەڵا
تا نزیک بوو لە ئاسمان
بەند و کۆیلە.. سەرباز و شوان
بوونە خشتی قەڵاکەمان
قەڵای "ئار"ی بەرزو زیندوو
یەکەم حەرفی گەشی مێژوو

تەمموزی ١٩٨٣

## له خەوما

دوێنێ شەوێ..
کاتێ هەموو شت ئەسرەوێ
له خەومدا بووم بەگاور
سزام: "بسووتێ بەئاور"
دەست و پێیان قایم بەستم
بۆ کەنیسەیان ڕابردم
بەخاچێکا هەڵیان واسیم
لەبەر خۆرا، هەتا ماسیم[١]
خەڵکی وایان لێ ئەناسیم
ئەمن مووسام..!
پێغەمبەرە گەورەکەی خوام..!
ئەز مەسیحم..!
هەقپەرست و ڕاستی ویستم
ڕابەری چەوساوەکانم..
هەڵکەوتووی ئاخر زەمانم
منیش خۆم وا هاتە بەرچاو
هەتا هەتا بوومە هەتاو..!
بۆ مرۆڤی سەر ڕووی زەمین..!
تیشکم ئەڕوا
بەهەموو کون و قوژبنا

(١) ماسیم: ئاوسام



بەتاو تین..!
کاتێ که خەبەر بوومەوە
بەهۆشی خۆمدا چوومەوە
گەرمای ژووری کپ و تاریک
بەجۆگەلەی باریک، باریک
وەکو گەرماو
خۆم و نوێنی کردبوو بەئاو
تومەز کارەبا نەماوە
پانکە وزەی لێ بڕاوە.

١٩٨٣/٧/٨

## چاوەکانی ئەمیرە

ئەی ئەمیرە..!
چاوەکانت زۆر دڵگیرە
دوو زەریان و
کەشتیی ڕۆحمیان تیا گیرە..!
دوو ئەستێرەی پڕشنگدارن
بەئاسمانی هیوامەوە..
دوو جۆگەلەی
ئاوی ژینن
لە گوڵزاری تەمەنمدا..؟
ئەگەر لێیان بخۆمەوە[١]
جووتێ قومریی
سپی شینن
لە هێلانەی ئەوینمدا..!
دانەوێڵەم:
"پەڕەی دڵە"، "تۆوی گوڵە"
دوو گەوهەری
شەو چراغن،
شەوی دڵیان کردمە بەیان..!
دوو پیرۆزەی
بەدەماخن..!
بۆ هەوێنی عەشقی ژیان

(١) بخوامەوە: بخۆمەوە.



ئەی ئەمیرە
چاوەکانت:
دوو مرواریی
گەرووی نەهەنگی دەریایە..!
چی قولاپی بۆ ئەهاوم،
بەهیچ کلۆجێ دەرنایە
دوو شەوارەی
چاوی منن، وەختە بۆیان
سۆمام دایە...!
دوو گلێنەم لەبەر پێتان..!
بۆ گزنگێ، بۆ نیگایە
چاوەکانت:
جووتێ پێکی پڕ شەرابی
هەزار ساڵە
هەر غەمزەیەک.. جورعەیەکە
هەتا "نەفخی سوور"
خەیاڵە!
چاوەکانت:
جووتێ کانیی نەکەرۆزە[٢]
لە قەد کێوی
بەمۆ و شاهۆ هەڵقوڵاون
دوو نێرگزن
لەبەر بارانی نەورۆزە
لێی نواون[٣]

بەهاری ١٩٨٣

(٢) نەکەرۆزە: کانییەکی سازگارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
(٣) نواون: نووستون، خەوتوون.

## کچێکی جوان

وەک چاوی مار..!
وەکو ئاسکی سرک و هار
جموجۆڵی
وەکو گوڵی دەم ڕەشەبا
دێنێ و دەبا
قسەی خۆش و، خێرا، خێرا
کچێکی جوان
چاو سەوزێکی سنگ بەرەڵا
قژی وەک زێڕی شەن کراو
هەڵخراوە لەبەر هەتاو
وەک گزنگی ئێوارانی
زستانی سارد
ڕوومەت وەک بەفری
خوێناوی
جار.. جار
تیلەی چاوی ئەنارد
لەشولاری، شۆڕ و شۆخ و
کەڵەگەتە
چەناگەی چاڵ پڕ لە خەیاڵ
گەردنی بەرز
بەهەزار تەرز



چاوی ئەستێرەی، ئاسمانی
پاش بارانی
ئێوارانی
پایزانە
گەلێ جوانە.. گەلێ جوانە..!.

## مام هۆمەر شیعری ڕەش و سپی ئەڵێت

چەتەکـان، ناڵ ئەکـەن بەچاوەزار بـۆ ئەوەی بەرهەمی دزیـەتییـەکـەیان نـەبێت بەچاوەوە!..

مـام هۆمـەریش لە پـارەی ئەو بارە دارەی لە شـار فـرۆشـتـبـووی هەمـانەیەک خورمـای بۆ منـاڵە برسییـەکانی کڕیبوو، لە ڕێگە، ڕێگر ڕووتی ئەکەنەوە. بەڵام دوو ڕوبع و نیو دنیارییەک لەگەڵ هەندێ کاغەز کە پێچابوونییەوە و لە پزووی ڕانکەکەیدا شاردبوونییەوە. دزەکان کە ڕووتیـان کردبووەوە پێیان نەزانیبوو، لەبەرئـەوە نائومـێد نـەبوو چونکە ئەو کـاغـەزە تاپۆی هـەنگانەکـەی بوو کـە لە پشت کوخـەکـەیەوە دروستی کردبوو، ئینجا مـام هۆمـەر بەدەم مـاندووبوونی ڕێگەوە هۆرەی ئەکرد و ئەی وت:

ڕێم گرانە و ڕێم لێ ئەگرن
وەکو ڕێگەشم لێ ئەگرن
سەد پەڵپ و بیانووم پێ ئەگرن
کوڵە(١)یان لە پشت گرتووم
وەک چقڵی چاو..!
وەک ئێشی زیخی ناو پێڵاو
وەک شەوارەی(٢) شەوێکی تار
لێم ناگەڕێن.. بگەمە جێ
سپی و ڕەش. لام ئاشکرا بێ
وەک دوومەڵی لامل و ڕان..!

---

(١) کوڵە: بەوە دەڵێن کە دوو کەس پێکەوە قسە بکەن و یەکێکی تر بەدزییەوە لە پشتەوە گوێیان لێ بگرێ.

(٢) شەوارە: بەو تیشکە دەڵێن کە لەشەوی تاریکدا ئەدرێ لە چاوی باڵندە و ڕاوی ئەکەن.



پڕ کێم و زووخ و پڕ لە ژان
پێوەند ئەکەنە پێمەوە
تاکو نەڕۆم
ئەگەر نەڕۆم بەپەندم ئەکەن..!
کوێرە ڕێگەم لێ ون ئەکەن..!
تا گرەوم لێ بەرنەوە
لێم ناگەڕێن بگەمە شوێن
جاش کەوشەکانم وا ئەسوێن..!
وەک داخ لە دڵ، وەک چەتە،
ناڵی تۆپیو ئەکێشنەوە..!
دیسان مردووی پێ ناڵ ئەکەن..!
جار جار ئەیکەن بەچاوەزار
گوایە گومان لە چاوەکەن..!!
ڕێم پێ ئەگرن
وەک بایەقوش لێم ئەخوێنن
تا قەواڵەم لێ بسێنن..!
بەڵام بەخوا، چەشکەی ناکەن
سەد گۆبەندی وا بەرپا کەن
ئەو (توولەڕێ)یەی گرتوومە
مایەی هەزار دڵۆپ خوێنە
با پڕیش بێ لە وەیشومە
لای من برینی هەنگوینە..!

١٩٧٤/٢/١

# دڵم

من دڵم پەتیارەیە! پەرت و وێڵ و نەوسنە..
گوڵپەرست و شۆخپەرست، عەشقی ژنە..!
بێژنگی ڕووی ڕووتە، هەرگیز کون کونە
زیز و لەرزۆکە لەبەر پێتا و شەرمنە..
هەر وەکو کۆتەی قەسابە ئەنجن، ئەنجنە..!
جوانپەرستم، جوانپەرستی کارمە و حاڵی منە..
قەت مەکەن لۆمەم، دەخیلم، عاشقان حاڵیان ونە..!
من دڵم دەریایە، گێژە، مەنگ و قووڵ و بێ بنە
تا ببزوێ، ماکەکانی، ئاهیی کچ عەشقی ژنە..!

بەهاری ١٩٨٣



# نەورۆزی عیشق

لە پاش مردن
گیانم ئێوەن، هەژاری کورد
بۆ شالاو و هێرشبردن
سەر بەردەبازی پێتانە
لە مێرگدا..
بۆ ڕووباریش، ئێسکەکانم بکەن بەپرد..!
لەشم نۆردووی ڕێگەتانە
لە هەر جێدا..
چونکە نوێژی عەشقکردن،
دروست نابێ،!
"ئەگەر بەخوێن، دەستنوێژ نەشۆی..!"
نەورۆز و ئازادیی گەردن،
جەژن نابێ
هەتاکو دڵ،
بەکەژاوی لووتکەی چیا،
پاک، پاک، نەشۆی..!
لە پاش مردن:
ژینم ئێوەن
ئەی ئەوانەی وەکو هەلاج
نەورۆز دەکەن..!
بۆ کرێوەی(١) سەختی زستان،

(١) کرێوە: ئۆف، بەفربارین بەڕەشەبا و گێژەڵووکەوە.

تینم ئێوەن
ئەی ئەوانەی مەرگتان بۆ گەل
هەڕاج دەکەن..!
کاتێ کوورەی دڵم ئەکوژێتەوە
شنەی شەماڵ
(کەوڵەکەی) کاوە وەکو گڕ بشنێتەوە..!
وەک پشکۆ ئاڵ.

١٩٨٤/٢/١٩

(٢) وتەیەکی حەلاجە.



## پێنجوێنی تەخت

مێرووڵە:
کە شارەکەی ئەشێوێنی
کفر ئەکا و ئەویزێنێ
چۆلەکە:
کە هێلانەی لێ تێک ئەدەی
گەر بۆی بکرێ
بەدەنووک چاوت کوێر ئەکا و
بەترپەی باڵ ئەت ترسێنێ
ئاسک:
کە (کەورگی) ئەڕووخێنی
وەختە بەشاخی نووک تیژی
ورگت بدڕێ و بت تۆقێنێ
هەنگیش: کە هەنگوینەکەی (ئەبڕی)
پێتەوە ئەدا و
کسپە و چزەت لێوە دێنێ
(کە ئەزانێ ئیتر ئەمرێ..!)
ساوا:
گەر بێشکەی لار بکەی
گغە و بڤە وەدەم دێنێ
ئێمەی مرۆڤ:
دەستەپاچە، هەناسە سەرد


پێچانەوەی قینی پیرۆز
بۆ توێشووی هەرد
بۆ ڕێگەی تۆف
ئێمەی مرۆڤ:
شارەکەیان کاول کردین
تەخت و تاراجیان تێک ڕمان
بۆ "ساجی عەلی"یان بردین
بووینە پەندی ئاخر زەمان
ئێمەی مرۆڤ:
دەستەپاچە
بەتاوسان:
سەرچاوەی کانییەکان
کوێربوون
(پێنج وێنە)کەش
سەرەوژێر بوون
بەزمستان:
چاڵە بەفرەکان
نارنجۆک و پۆستاڵیان شاردووەتەوە
لە جێی بەفر
"جۆگەلە ئاگر" دەبەستن
لە جێی باران لە جێی هەور
گرەویان:
لە هۆلاکۆ بردووەتەوە
نارنجۆکیان شاردووەتەوە!!
درەختەکان:



لارەملن وەکو هەتیو
سەوزە گیا و گوڵیان
گشت سووتان
گاردی ئەودیو.. گاردی ئەمدیو
لووتکەی: "شەوەقەت"[١] و "کەژان"[٢]
دۆش داماون
دڵیان پڕە لە ڕق و ژان هەتا ماون
شاری پێنجوێنی شوێنەوار..!
خەڵکی ئاوارە و هەژار..!
ئەڕۆینەوە، بۆ "سەر کۆشک"[٣] و بۆ "بلکیان"[٤]
با سەردەمێ تاڵ بێ ژیان
با زەمانێ تاڵ بێ ژیان..!!

تشرینی دووەمی ١٩٨٣

(١)، (٢)، (٣) و (٤) چوار هاوینەهەواری پێنجوێنن.
ئەم هەڵبەستە لە کاروان و لە ڕۆژی کوردستاند بڵاو کرایەوە.



# پێنج وێنەکەم

## وێنەی یەکەم

پێنجوێنەکەم
پێنج وێنەکەم..!
شاری هەرمێ و هەنگوینەکەم
ئەی گۆشت و ئێسک و خوێنەکەم
کولووە بەفری شیو و شاخت
دار گوێزی چڕ، بەدەماخت
ئاووهەوای سازگارت
گەشت و سەیرانی بەهارت
پایزی پەلکەزێڕینت
لووتکەکانی وەک پەرژینت
کانییەکانی بەر مانگەشەو
شەپۆلی دەنگی قاسپەی کەو



گوڵە شیلانی ڕەنگاوڕەنگ
چەند جۆرە گژوگیای قەشەنگ
کەژاوی مانگی نیسانت
هەزاران دیمەنی جوانت
بیر و هۆشم ئەورووژێنن
فرمێسک لە چاو قەتیس دێنن

## وێنەی دووەم

کاتێ لەشکری ئەسکەندەر
کردی گوزەر
بەوڵاتی کوردستانا
وەکو مێژوونووسان ئەڵێن
پێنج شەرکەریان لێ بەجێ ما
بناغەی پێنجوێنیان دانا
پێنج برا بوون
لە لەشکر بەجێ مابوون
بۆ سەیرانگە و بۆ ڕاوشکار
ئەم بەهەشتەیان کرد بەشار
هەر لەو ساوە:
لە وەتەی مێژوو خوڵقاوە
بوو بەئارامگا بوو بەشوێن
بوو بەپێنجوێن
ئەڵێن پێنج شازادەی پەری
لەم خاکە چاویان هەڵبڕی
هەندە جوان بوون وەکو وێنە

ناویان لێ نابوون "پێنج وێنە"
ئەڵێن کە بەیانیان هەتاو
هەڵدێ و ئەیدا لەسەر کڵاو
لە چێشتەنگاو تا ئێوارە
پێنج جار پەلکەزێڕینەی جوان
پێنج ملوانکە و پێنج جووت گوارە
ئەکەنە مل و گوێی (کەژان)..!

### وێنەی سێیەم

ئەی نیشتمان و شوێنەکەم
یادگارە (یۆنانی)یەکەم،
ئەچمەوە کاتی مناڵیم
کاتی خۆشیم، کاتی تاڵیم
کاتێ کە ئازاد بووم وەک مەل
لە کیسمان نەئەدا، قەت هەل
هەر باخێ پڕ لە گوڵ بووایە
هەر گوڵزارێ جێی دڵ بووایە
هەڵپەڕکێمان تا بەیانی
شەو و ڕۆژمان نەئەزانی..!
ماندووبوونمان لا پشوو بوو
بەیەک زەردەخەنەی جوانێ
یا بەفووی شمشاڵی شوانێ
هیلاکی گیانمان دەرچوو بوو..
ڕەشبەڵەک بوو هەتا شێوان
لە گوێ حەوزەکەی بلکیان



لە ناو بەفر و گەردەلوولا
بەنشێو و سەرەو ژوورا
بەدوای کەروێشک و کەودا ڕاو
جار جار بەتەبکە، جار بەداو
دیاریمان بۆ ناو ئاوایی
دابەش ئەکرا بەخۆڕایی.
ئێواران پیاسەی لای کانی
کوڕ و کچی پۆشتە و پەرداخ
هەر کاممان فرسەتی هانی
چاکی چۆنی.. هەناسە و ئاخ..!
دڵداری ئەوسا.. ئەو چاخە
یا ڕێی کانی، یا ڕێی باخە
شەو کۆبوونەوەی کوڕوکاڵ
لەسەر تاق و سەکۆی بەرماڵ
باسی یار و شیعر و وڵات
باسی چۆنیەتی ڕێی خەبات..!!
بزێو سەرگەرم و شێتگیر!
هەر دەستەی جۆرێ ئەی کرد بیر
بەڵام هەموو بۆ (کورد گریان)
بووبوو بەوێردی سەر زمان
ئەنجا شەکەت وێڵی هیوا!
هەر کەس بۆ ناو جێگەی ئەخزا
یادگارەکان هەند زۆرن!
بەقەد میوەی پێنجوێن جۆرن..!

### وێنەی چوارەم

ئێستە وەک هەتیوی دایک مردوو
ڕۆڕۆمە شارمان لە کیس چوو..!
وەکو کوێرێ بەو هیواوە
هەتا ماوە ئەتلێتەوە
هەر مەلێ دێ بەحەواوە
بەسەرماندا ئەخولێتەوە
بۆنی دۆڵ و چیای لێ بێ
یا مژدەی ڕووناکی پێ بێ
لێی ئەپرسین. ئایە توخوا:
ئاوەکەی (سەرچەم) هەر ئەڕوا؟
کارێزەکان هەڵ ئەقوڵێن؟
نەمامی نوێ ئەنێژرێن!؟
گوێز و هەرمێ سەوز و زەردن
یاخو بەکاڵی "ڕنراون"؟
هێرۆ گوڵی گەشەی داوە؟
یا خونچەی چاوی نووقاوە؟
چواله و سێوی دەشتی (بەرباخ)
گینگڵ پڕن لە ئۆف و ئاخ.
یان بەزیندوویی نێژراون.!؟
تووترکەکان قژیان بژە و پرچ شێواون.
وەک ئێمە سەر لێ شێواون؟
بەلاڵووکی ملەو نزار،
زەردن وەکو لێوی غەمبار..!



یا گەزیزەی ژێری بەفراو..!
هەر مەلێ دێ بەحەواوە
بۆنی پێنجوێنی هێناوە
وەک باران و تەرزەی بەهار
لافاوی فرمێسک دێتە خوار
بۆ کروزی هەناسەمان
کەی ئەگاتە دەرگای "یەزدان"؟

### وێنەی پێنجەم

هەر مەلێکیش بەرەو ژوورە
باڵی تەرەو ڕێگەی دوورە
راسپاردە، بەژماردە
تەنها ئاگای باخەکانە
هەواڵی ناو شاخەکانە..!
بەترپەی باڵ بیگەیەنە
بەو کانی و باخی پێنجوێنە
دار و پەردووی کەلاوەکان
نەزرگەیە
یادگارە
باڵەخانە ڕووخاوەکان
سەیرانگەیە.
شوێنەوارە
هەر مەلێکیش بەرەو ژوورە
بەرەو ئاسۆ
بۆ چرووکی ئەم دەروونە کە تەنوورە
کە برژاوە

هەڵقرچاوە
بۆ کوێستان و نسێکاک (بە)..!
با بێنە سۆ
ببنە پیفوو..!
بۆ بەرد و چەقماقی داهاتوو..!
ببنە بۆسۆ..!
ئەی باڵندە و فریشتەکان
ئۆباڵمانتان وا لە ئەستۆ
ببنە بۆسۆ..!
ببنە بۆسۆ!..

بەهاری ١٩٨٤

کاتی خۆی لە گۆڤاری بەیان-دا بڵاو کرایەوە



## ئافرەتێکی ڕۆمانتیکی

هەموو گیانت ڕۆمانتیکە
گوڵی دەگمەن و عەنتیکە
چاوەکانی ژێر چاویلکە
وەکو ماسیی ناو گۆمی ڕوون
خۆی نیشانی هەتاو بدا
بریقەی پڵپڵەکانی
بەپەنهانی
"لێزەر" لە بیلبیلەم ئەدا
لێوەکان، کاڵ، فەریکە
ئەڵێی تیشکی ئەلەتریکە
یا دوو خونچەی نەپشکووتوون
(ژێ)یەکانی دڵم ئەجون
هەڵسوکەوتت ڕۆمانتیکە
چاو لەگەڵ چاو لێو لە تەک لێودا خەریکە..!
***
گفتوگۆی نەرم و شێنەیی
گۆنا ئاڵ، نینۆک پەمەیی
"مەرحەبایەک!" خوا نەتگرێ، خوێنم مەیی..!!
زەردەخەنە و بزەی هێمن
سەلارێکی هەموو شت ژن..!
ئەمخاتە خەیاڵی جموجۆڵی

ڕۆمانێکی بێ سەر و بن
ئەی مژدەی خۆشی عەنتیکە
بەژنت هەموو تابلۆیەکی ڕۆمانیتکە..!
١٩٨٤/٥/٢٤ بۆ مژدە ناوێ نووسراوە



## بەفر ماڵین

که بایانیان گڤە گڤی گێژەڵووکە
هانی ئەداین بۆ ماڵینی بەفرە بۆڵکە
نوێنی گەرمی شەوی زستان
مەلا بانگدان،
پێچرایەوە.
شۆربای گەرم چای تاڵی خەست خورایەوە
بێڵ و "وەروەرە"[١] لەسەر شان
ڕوو بەسەربان
هەندە سارد بوو کە ئەیگەزتی
تەزووی تەزیوی بەهەستی..!
وەکو برین ئەکولایەوە
یەخی[٢] لووسی خزانی پێت..
تەوقی سەرت ئەخولایەوە..!
بەئاوڕێک (ونە) جێ پێت..!
ئەبوو بەهەرا و غەڵبە غەڵب
لوورەی بای ناو دۆڵی ئەوبەر
لرفەی هەرەسی لووتکەی تیژ
ترس و دڵەکوتەی "غەزەب"![٣]

---

(١) وەروەرە: بەفرماڵ.
(٢) یەخ: سەهۆڵ.
(٣) غەزەب: مەبەست هەرەسی بەفرە، کە هەرەسی ئەهات ئەیانوت خوا غەزەبی "گرتووە".

ناو ئاوایی ئەمسەر ئەوسەر
ژن و منداڵ بەقاو و قیژ
تەم و کزە و هەڵمی سەر ئاو
تێکەڵ بەهاژەی سەر کڵاو
بوونە تابلۆیەک تا ئەمرم
لە کاسەی مێشک ڕێزیان ئەگرم
وا نزیکەی نیوەڕۆیە
لەمبەر بۆ ئەوبەر هۆ هۆیە
تۆ ئەماڵی و ئەو لەسەردا ،
هێواش هێواش..!
بۆت تێ ئەکا وەکو باراش



## کرێکار

کرێکارم سەرگەرم و وێڵ
بەپاچ ورگی زەوی ڕەق هەڵ ئەدڕم
کفن بۆ تەرمی خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم ئەبڕم
بەبێل و پێک و نوێل
جەرگی خڕکە ئەکەم بەئارد
تەمەنم کورت ڕوو دەغەزار هەناسەم سارد
تۆز و خۆڵی گەرمی ڕێ و کار
پرژەی پێچکەی ماشێنەکەی سەرمایەدار
زوقمی زستان هەڵ ئەمژم
گوڵی لاوێتی خۆم ئەکوژم
سییەکانم ئەبنە لانەی ئازار و دەرد
گورچیلەکان ئەبن بەبەرد..
چەوسانەوە و زەحمەت و ڕەنج
لە بەرهەمم هەڵ ئەچەنێ
بانق و قاسەی ئەئاخنێ..
خاوەن سامان لە زێڕ و گەنج
بەئارەقەی ناوچەوانم..
ئەو شەو "ویسکی" ئەخواتەوە..
بەئەرکی ڕۆژ و شەوانم..
لە باوەشی سۆزانیا
لە بۆنی خۆش و جوانیا

لەتر و وەنەوز ئەیباتەوە..
لە ئارەقەی ناوچەوانم
لە ئەرکی ڕۆژ و شەوانم
ئەو شەو "ئارەق" ئەخواتەوە
لەسەر مێزی "ڕۆللێت"، "پۆکەر"
هەر ڕاکێشانە بۆ جۆکەر!!
لەتر و وەنەوز ئەیباتەوە
بەپارەی ڕژاوی دەوری
بەزەبری کوتەک و جەوری
عەیب و عاری ئەشواتەوە..
منیش بەخۆم و خێزانم
بێ بەری بووین
ئا لەم ژیانە دەهری بووین
لە ڕەنجی ڕۆژ و شەوانم
لە ئارەقەی دەفەی شانم..!
هاکا ڕۆژێ بەسەرما دێ
چەکوشم ناولەپی دەس بگرێ..
سەرمایەدار و بۆرژوا
وەکو زوحاک مێشکیان پژا..
ژینی چینەکان یەکسان بێ..!
شار و لادێ ئاوەدان بێ..



## هەر قژ زەردێ

هەر قژ زەردێ ئەبینم بالآی بەرزە
وەکو پەیکەر شۆخ وەستاوە
ئاوڕ سەرنجە بۆ دواوە..!
تا ئەیگەمێ
دڵ خورپەی دێ
ژێیەکانی دێنە لەرزە..
کە ئەزانم حەدی نییە لە ئاستی تۆ
جانا و ئومێد و ڕەنجەڕۆ..!
بەبێ خشپە دێمە دواوە..!

## بێشکەی دڵ

که بێشکەی دڵ ڕائەژەنێ
کۆرپەی تیا "مرد" و ساتارە..!
وەکو "دانێ"(*) هەڵی ئەکەنی..
جێگەکەی پڕ ئێش و زامارە
که کۆچت کرد لە دڵما تۆ
ئاوا ئازار لێم هاتە سۆ..!

***

وەکو خۆر بووی کە ئاوا بووی..؟
بینایم کوێر و تارێکە..
بەناهەق لێم تەوەلا بووی..
دیاردەی مەرگم نزیکە..

---

(*) دانێ: دان. دگان. ددان.



## گوڵ و یاد

گوڵی بناری شنروێ
لەو ساڵەوە تۆم دیوە و بۆنم کردی..!
هانا و پەنام بۆ ئەبردی
"گلی"(١) چاوانم ناسرەوێ..!
هیچ دەرمان و "مایەلووسی"(٢) ژانی نەشکاند..!
هەتا خۆڵی "حوجرە"ەکەی (نالی)م تێ تەکاند
جا ئۆقرەم گرت، ئاسوودە بووم..!
بەشیعری چەش ئالوودە بووم
لەو ساڵەوە هەتا ئێستا
خۆشەویستیت لە ئینجانەی دڵا ڕوا
ئەی هەڵاڵەی گوڵ عومەر و شارەزوورم
تەمەنێکە "٢١" ساڵە لێت دوورم
لە بیرم دێ
گوڵە جوانەکەی شنروێ
چەپکە نازت بۆ ئەهێنام
کە"مانو" ئەبووم بەهەناسەت..!
بەمەیلی گەرم و پڕ تاسەت
برژانگەکانت ئەشێلام..!
لە بیرم دێ

---

(١) گل: ئازاری چاوە.
(٢) مایە لووس: دەرمانێکی خۆماڵی کوردەوارییە و بۆ چاوئێشە بەکار دێ.

گوڵاڵە سوورەی شنروێ
تێر تێر چاوت ئەبڕییە "چاوان".
هەتا مەلا بۆ نوێژکردن تێی ئەچریکان
نیگاکانت بەئەسپایی لە بینایمدا ئەخنکان...!
لە بیرم دێ هەڵاڵە و هێرۆی شنروێ
ئاوەز و دڵمت شاردەوە
بەپریاسکەی وەکو چکلێت پێچاتەوە..!
وەکو نوشتە گرمۆڵەت کرد
لە گیرفانی سوخمەکەتا قایمت کرد
لەسەر دوو گۆی مەمکەکانت
بووبوونە چێژی ژوانت..!
– بووم بە "کلی[٣] چاو و برژانگ"..!
– بووم بەخەرمانەی دەوری مانگ
لەو ساتەوە لە یادمی و یادگارم
نەک یەک و دووانە، هەزارم
چین لەسەر چین قەد کردووە
ناو بوخچەمە..!
جوانترین خونچەی باخچەمە
ئەو یادانە ئەمژێنێ
وزە و تینە ئەمبزوێنێ
بۆیە وا هەڵم گرتووە..!
لەو بنارەی شارەزوور و شنروێیە
تا زمناکۆ
لەو شوێن و هەوار و جێیە..!

(٣) کل: ئەوەیە چاوی پێ ئەڕێژن.



گشت کۆ بەکۆ
فێری دڵداری و عەشق بووم
فێری سەختترین مەشق بووم
لە یادمی و لە یادم دێ
گوڵە شیلانی شنروێ
کاتێ بەنینۆک وەرد و شێوم
دەشت و کێوم
ئەکێڵا بۆت..
بەکۆکە کۆک..
خوێن ئەزایە سەری پەنجەم
داخ لەو ڕەنجەم..!
بەخ لەم گەنجەم..!
بەپێخاوس دڕک و پەیکوڵم
جۆش و کوڵی پڕ بەدڵم
ئەشێلا بۆت
بەئارەقەم خوسایەوە سنگ و بەرۆک
ژێر پێم هەموو بلووقی کرد
برین بۆ سەر ئێسقانی برد..!
لەبەر مانگەشەوی زێوین
شەیدای ئەڤین..
تا بەیانی بژارمە کرد
وەکو سوێسکە هەزارەمە کرد..
بەو ئامانجە عەشقم ئەکرد
بەو هیوایە مەشقم ئەکرد
***

لەو ساڵەوە هەتا ئێستە
زیاد لە بیستە
وێڵ و گەریدەی سۆراخم
لە گەرمیان و "لەیلاخم"(٤)..!
هەر گوڵە سووری ئەبینم..!
ئاوی ئەدەم بەئەشکی سوێری ئەسرینم
بەڵکە بۆنی میخەکبەن، کاسم بکا و بمنوێنێ
بەچپەیش بێ دڵی زامارم بدوێنێ..!

***

گوڵە سوورەکەی شنروێ
ئەم عەشقەی من هەموو ساڵێ دووجار ئەزێ
جارێ ئەژی بەتەمای تۆ..!
جارێ ئەمرێ بۆ وەفای تۆ..!
چونکە پێڵاوی غەریبم،
لەوێ دڕی
شانە هەنگوینی چوڕسپیم
لەوێ بڕی..!
هەر بەتەمام بۆت بێمەوە
لە"چاوگت" بخۆمەوە

***

سەهۆڵ و زووقمی ناو خوێنم
لەو بنارە ئەتوێتەوە
خۆشترە لام لە گشت شوێنم
دڵ هەر بەوێ ئەکرێتەوە

***

(٤) لەیلاخ: کوێستان



لەوە ئەترسم چاوگەکانی "چاوگم"
کوێر بێتەوە..
وەک داک و وەک باوکم..!
بۆ تکێ ئاو سوێم بێتەوە..
لەوە ئەترسم کە نەم بینی و نەت بینم
تەمەن بڕوا و ببڕێ تینم
لەوە ئەترسم من بمرم و تۆ بمری و شیعریش بمرێ
باخەکانی "باوە کۆچەک"(٥)
ئاویان ببڕێ و بکەوێ پەک
هەنار و هەرمێم بۆ نەگرێ
گوڵی بناری شنروێ
ئەزانی بۆ هەر تۆم ئەوێ؟!
چەنکە مژدەی (ئاوی ژیان)..
گزنگی ئاڵ بەرەبەیان..!
لە فرمێسکێکی چاوتایە
ئەو ژیانەی نەمرییە و تا هەتایە..!
گوڵە جوانەکەی شنروێ
لەو ساڵەوە خۆشم ویستی
خەو لە چاوانم ناکەوێ
بۆ ئەم کاتەم زۆر پێویستی
فریام کەوە. "فریا کەوێ"..!

(٥) چاوگ و باوە کۆچەک: دوو گوندن لە نزیک هەڵەبجەوە.

## بەڕوو گرژی

بیناییەکەم کە ئەتبینم بە ڕوو گرژی
چەشنی "زەرو"[1] قوڵپی خوێنی دڵم ئەمژی
لە کسپە تاڵی دڵ ئەچەژی
پەپوولەی هەست و زەوق ئەکوژی
خوێنم حەڵاڵ.. ئەکەی.. ئەڕژی
وزەی گیانم بەبزەی لێوی تۆ ئەژی
زەردەخەنە.. نیگای چاوێک.. بڵێ.. بژی..
کە ئەتبینم وا ڕووت خۆشە
دەرد و غەمم فەرامۆشە

(١) زەرو: جانەوەرێکی خوێنمژە.. وەکو کرم وایە..



## ڕێواس و نەورۆز

ئەی ڕێواسی بنج داکوتاو
باڵا ڕێکی گەڵا قەوزەی شلکەی هەتاو..!
لە بن بەرد و لە تەختایی کچی چاوڕەش
بەدەم گۆرانی و بەستەوە
بەئەندێشەی پڕ مەستەوە..
دروێنەی باڵاکەت ئەکەن
بەری ڕەنجی ساڵت ئەبەن
بێخی قووڵت هەڵ ئەکۆڵن
بەکەژاوەی سەر هەڵگرتوو..!
قوڕە سوورەی (پێ مەڕە)کەی پێ ئەشۆرن
ئەوسا کە تۆی ڕەنج (با) بردوو..
لە کوێستانی وەفادارا
چوزەرەی تیژی سوور هەڵگەڕاو
وەک شەپۆلی مۆم داگیرساو..!
وردە وردە بەهێمنی سەر هەڵئەدا
بانگی ساڵێکی نوێ ئەدا..!
ئەی ڕێواسی مزر و لەزەت
لە تامت تێر نابین هەڵبەت..
با هەر دروێنەی قەدت کەن
مادام بنجت ئەڕوێتەوە
شنەی شەماڵ بەپەلکەکانت ئەکا شەن..

بۆ سروەکەی ئەشنێتەوە
باکمان نییە.. هەموو ساڵێ تامی مزرت
ئەچێژین و پێستی گزرت
ئەکەین بەدەرمان لە بۆ چاو..!
رێواسەکەی لەیلاخەکەی (نەکەرۆزم)
دیاری بۆ جەژنی نەورۆزم..



## بەفر ئەگری

بەفر ئەگری بەفر ئەگری
بەفر مەگری..!!
پۆلە ئەسرین بەس برژێنە
پوورەی دڵم مەورووژێنە
دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک ئەبێتە جۆگەلە
گەزیزە و چنوور و نێرگز
هەلاڵە سێ سنە[١]ی چاوبز
بناوانی ئاوی چیای[٢] خوڕی کەلە..!
هەڵمی گەرمی هەناسەی ئەرز..
گەواڵەی لووتکەی خلیسک و بەرز..!!
ورشە و پرژەی قەڵبەزەکەی
پێکی شەرابی پەی دەر پەی..
کاتێ کە لێی ئەدا هەتاو..
تەزوویەکە.. ئۆخەی ئۆخەی..
جوکەی مەلی هەزار ئاواز
لەنجەی کەروێشکەی گیا بەناز..!
تانگۆیەکە..،
بەستەی گیانە
بەهاری ئەم کوردستانە..

(١) سێ سنە: گوڵێکی کوێستانە.
(٢) چیای: سارد.

گری گری بەفر ئەگری
شینی زستان ئەکا و ئەڵێ
شەماڵ پەڕەی کارک(٣) ئەدڕێ
وەنەوشەی بنی کلۆرەدار
وا نەورۆزە جەژنی بەهار
شەرم مەکە وەرە دەرێ..
ئارەقی سەر کوڵمی کچ بەناز
وەک گۆی زێڕینی سەر یاقوت
ئەڕژێتە بەین دوو بەهێ جوت..!
وەک مامزی ڕوو لە هەوراز
کاتێ بۆ (کاشمە و گێلاخە)(٤) هەڵ ئەزنێ
چارەکەی کۆڵی پڕ لە گیای لێ ئەخزێ
ئینجا بەزمی هەڵپەڕکێیە
سەرچۆپیکێش باڵابەرزێکە (خەجێیە)
هەرچی غەمی دنیا هەبوو
بەیەک (سێ پێیی) لائەچوو..!..
ئارامی گیان و دڵ ئەوسا
کچ لە دەشت کوڕ لە چیا
گری گری
بەفر بگری..!

---

(٣) کارک: قارچک..

(٤) کاشمە و گێلاخە: جورە گوڵ و گیایەکی بەهارن ئەکرێن بەچێشت یان لە ناو ڕۆندا سوور ئەکرێنەوە بۆ خواردن.



## نەورۆز ئاوا پەیدا بووە..!

گڕ بارینە گڕ بارینە
هەر لووتکەیەک کە ئەبینی
هەر ئەشکەوتێ کە ئەدوێنی..!
چراوگێکی بەتینە..
ڕۆنی گرانی، دار گوێزە..!
شەوقی قڵیشەی ئاگرەکەی
پشکۆی گەشی (کوانو)ەکەی
بیری تیژی چز ناسۆرە..!
هەڵگیرسانی ئەم تەنوورە..!
دار بەڕووی تەم و ئەستوورە..
ڕیشی لاوە پرچی کچانی ئاڵۆزە..!
نێڵە نێڵی ئەم نەورۆزە
پۆنگی ڕقی دڵی زەوی..!
لێزمە (تەرزەی) (هێلکە کەوی)،..
چاوی نەرگزی خەواڵوو بێدار ئەکا..
وەنەوشەی نوقمی جۆگەی لێڵ..
هەلاڵەی ئاڵی هەردەوێڵ..!
لە گیانەلا ڕزگار ئەکا..!
لە زستاندا بەفر باری..
بۆ نەتەوەی کوردی ئاری..
لە بەهاردا باران چەند جار پەڵەی داوە..!

چڵک و گەردی دێرینی دڵ چاک خوساوە..!
گرمە و نرکەی هەورەتریشقە..
جەرگی مێرغوزاری سمی و خوێن بەفیشقە..!
فوارەی داوە
خوێن لافاوە..!
***
ئەم نەورۆزە
ئاسمان تەم و تەپوتۆزە..!
گوڵاڵە بۆیە وا مۆرە!..
جێی نسرمە و دوور لە خۆرە..
ئەرخەوانیش (تارا)ی شینە!..
کۆستی لە (لا) هەڵپەڕینە..!
نەورۆز ئاوا پەیدا بووە
بۆیە (وا) بەرز و زینووە..!



## پرسیارێکی بێ وەڵام

هەورەکان کۆمەڵ کۆمەڵ بەلێشاو
ڕەو ئەکەن و ئەگرن بەری تیشکی هەتاو
بەسەر کەژ و دەشت و دەر و
بەسەر کێوا
بەسەر هەوراز و نشێوا
ئەڕۆن بێباک و سڵ ناکەن
لەسەر سنوور
نزیک و دوور
داوای پەساپۆرتیان لێ ناکەن..!
مەلەکانیش پۆل پۆل ئەفڕن
قۆناغ قۆناغ زەوی ئاسمان
پێکڕا ئەبڕن
کەسێ باجیان لێ ناسێنێ..
پەڕەی مێژوویان نادڕێنێ..
***
ئاژەڵەکان ڕەوگ ڕەوگ..
مۆڵ ئەبەستن
لەسەر تا خوار..
گەرمیان و کوێستان
کێو و بنار..
بازڕقەی خێرا ئەبەستن..

یەکێ نالّێ تاپۆی دەرباز
نارِەنجێنێ دلّی پەرواز

***

بەلاّم منی مرۆڤ و ژیر
خاوەنی هەست و هۆش و بیر..
کەوا گەورەترین کولورم
بنچینەی سەرمایە و گەنج
زانست و ئابوورم..
لە چوارچێوەی مالّەکەما..
لە چوار مێخەی دەوارما..
رِوو لە هەر لای چیخ بکەم!
لووت لە (بەردی ئەلحەد!) ئەدەم..!
پرسیار هەزار
کوا گەوالّە و پێناست
کوا.. تۆماری کەس نەناست...!
بۆچی مەل و هەور و ئاژەلّ؟
لە من ئازادتر دلّگەش بن
منی مرۆڤ ئادەمیزاد
گیرۆدە و دەوار بەر باد..
بەسەرما هەر خاک و هەش بن؟..



## دلّی بێ پەترۆ

بازرقەی پەترۆم بەرەو کوێستانە
قرچەی دەروون بەفراو ئەخوازێ
گلاراوەکەم بەبێ ئامانە
نەفسم وا کەیلە لە کەس ناسازێ
خەو و خواردن و هەناسەم خەمە
دلّەی گرینۆک هەتیو کەوتووە
ژیر نابێتەوە
کالاّی ماتەمم خرِ ئاودامانە..
دلّسۆزێ نییە بێتە دایەنی
ژیری کاتەوە..
بۆی بکا رِازێ..
خەفەت خوێنەکەی وا ئەخواتەوە..
چۆرِای دادێ..
وا لە داخانا
ناوی ئەگۆرِم
ئەلّێم هەرمێیە....
یا پرِتەقالّی زەردی گوشراوی
سیسی پایزە
یاخود بەهێیە..
بەلاّم خوێنەکەی هەروەک خۆی وایە
ئالّ ئەچێتەوە

کاری سروشتە سەمتی یاسایە
بەهیچ دەرمان و تیشکی ئاگرێ
کاڵ نابێتەوە..
نە حەت حەتۆکە نە بووکەشووشە..
گەمەی پێ ئەکەن..!
نە مەمەی لاستیک ئەی خلافێنێ..
بۆ لای خۆی ئەبەن..
دڵە پەروەردەی قارچکی کوێستان
ئێستە ئاوارە و کز و سەرگەردان..
کوتراوی گڕەی گەرمەسێرانە..
ئای بێ ئۆقرە ئای بێ ئامانە..
شارەو شار ئەکات
نە لایەلایەی درۆی باوەژن
نە سروەی گوژمی
جۆلانەی بن گوێز..
خەوی لێ ئەخات
دەسرازە و بێشکەی
کۆلۆی سەر تەنوور..!
سەختیانیکە بۆ گونکی جەرگی بەکۆڵەوژ چز
قوڵپ لە دڵ ئەدا خوێنە خەستەکەی کلۆ کلۆ خڕ..
خەونی کوتوپڕ بەشیوەن ئامێز..
لە جێی هەرزاڵی سایەی شۆڕە بی
دڵی بێ پەترۆ ئەمە حاڵیەتی
ڤالیۆم و مۆرڤین عارەقی قاچاخ
ئۆقرەی پێ ئەگرێ



دڵێکی نەخۆش ئەمە حاڵی بێ
ئاخۆ کەی ئەمرێ
ئاخۆ کەی لە بەردەرگای مەیخانەی
لێ کلۆم کراو لار ئەبێتەوە
وەکو (ئەمیلیان) بۆ قومێ عەرەق
سوێی ئەبێتەوە..
ئەمانە گەمە گڕوگاڵیەتی
دڵەی سەرکێشم..
ئاور باوەش و سۆز و حاڵیەتی
زاخاو ئەچێژم..
بازرقەی بازم ڕووەو کوێستانە
هەڵگری نازم بێ ناونیشانە..

ئەڵێن ئەگەر عەشق نەبێت، شاعیری دڵتەنگ و غەمبار نابێت، ئەگەر شاعیر دڵتەنگ و غەمبار نەبێت، شیعری جوان و دڵتەزێن نابێت، ئەگەر شیعری جوان نەبێت گۆرانی و ئاوازی پڕ جۆش و خرۆش نابێت، کەوا بوو عەشق سەرچاوەی ئیلهامەکانە.

## پێشکەش بەوانەی کە لە مانای شیعری "گوڵ و یاد نەگەیشتن"

گەر بووکم بیت
دیدەکانم
گەر بووکم بیت
لە پەڕەی گوڵ
نوێنی بووکێنیت بۆ ئەکەم
بۆ حەوتەکەت
سەر جێگەکەت
بەپەشمەکی پۆپەشمین
بەجاجمی گوڵنکە سیمین
بۆ ڕائەخەم
تان و پۆکەی..!
لە تاڵە تاڵی دڵ ئەکەم
لە چرۆی سەر پۆپەی چڵا
گەردانەکەت بۆ ئەهۆنمەوە
لە چاڵی چەناکەتا
بادەی مەی هەتا مردن ئەخۆمەوە
لە هێلانەی گەرمی دڵا
نۆماڵی زاوییەکەمان ئەنەخشێنم
گلێنەکانم کە دوو مووروون بۆت دەردێنم
بەگۆی گوارەکەتیا ئەکەم



لە خونچەی لێوی بزەدا..!
بۆنی گوڵاوت بۆ دێنم..
لە گوڵدانی دیدەکانما..!
گوڵی یادگاریت ئەڕوێنم..
گەر بووکم بیت
لە (کەوڕەوی) بە لەنجەتا..
لەبەر پێ، بەر پەنجەتا
من برژانگت بۆ دائەخەم..
کە دەست بشۆی..
ئاوی چاوانم ئەگوشم..!
بەهەردوو دەستیا ئەکەم
کە بمدوێنی بانگم بکەی
هەزار جورتم.. ئۆخەی، ئۆخەی..
دەستەو نەزەر
لە پەنجەوە تا تەوقی سەر
چاوەڕێی فەرمانت ئەکەم
گەر بووکم بیت
ئەی قژ گزنگی ئێواران
ئەی چاو ئەستێرەی دوای باران
وەی ڕوو ساماڵی دوای بەفر
برۆکانت، مانگی یەک شەوەی
ناو دەمی کەلی سەر پێچراوی کلافە هەور
باڵا چنار
من تۆم لە لا مەبەستترە
لە هەناسە و لە ئاو و نان..!

سوێندم بە (خوا) هەزاران جار
ئەی قژ زەردی بالآ چنار
باوەڕ بکە هەزاران جار..!



# کە گڵ ئەبێتە هیمۆگلۆبین

دیاری

دیاری بۆ ئەوانەی ئێشکی وشەی ڕەسەن و سەرفرازی کوردی دەگرن.. بۆ ئەوانەی لە پێناوی "وشە"دا ملی ڕێ ئەگرن بەرەو پەت.. بۆ ئەودیو پەنجەرەی ئاسنین و هەوراز هەڵ ئەزنێن..! بۆ هەموو دڵدار و دڵسۆز و تامەزرۆ و دڵ پاکێک.. دیارییە.

وشەیەک

خوێنەری خۆشەویست تا ئێستا دوو کۆمەڵە شیعری خۆم بەچاپ گەیاندووە، جگە لە نامیلکەیەک، کە ئەویش هەمووی پەخشانە شیعرە. هەریەکە لەوانە، برادەرێ، یان چەند برادەرێ پێشەکییان بۆ نووسیون، ئەگەرچی لەو پێشەکییانەدا بەتەواوی هەقی خۆیان بەشیعرەکان نەداوە و لەسەری نەوەستاون، ئەوان بیریان بۆ لایەنی تری مەسەلەکان چووە و شتی تریان ئاخنیوەتە ناو پێشەکییەکانەوە، کە (ئەوێ) جێگەی ئەوە نەبوو..! کەم تا زۆر باسی شیعرەکانیان کردووە.. بەڵام من وەکو مەسەلەیەکی (اخلاقی) حەزم کرد چۆنیان نووسیوە (وا) بەبێ دەستکاری بڵاوی بکەمەوە، من بەشبەحاڵی خۆم، زۆر زۆر سوپاسی ئەو برا بەڕێزانە دەکەم چونکە ڕێزیان لە من گرت و خۆیان ماندوو کرد و لەسەریان نووسیوم.
بەڵام ئەمجارە وا بەبێ پێشەکی و پێشکەشکردن ئەم کۆمەڵە شیعرە ئەخەمە بەردەست خوێنەرانی شیعری کوردی، دیارە هیچ شتێ بێ کەموکوڕی نابێت، بۆیە منیش داوای لێبووردن لە خوێنەران ناکەم.. بۆ ئەوەی، ئەوەی بەلای ئەوانەوە پەسند نییە و ناڕێکە لەسەری بنووسن.. من بەشبەحاڵی خۆم هەموو شیعرەکانم خۆش دەوێن، هەموویان جگەرگۆشەمن، هەمووی شیلەی گوشینی مێشک و ئەزموون و ئازارن، یادی کاتەکانی (حاڵ و مەحاڵن)..!

هەست دەربڕینن بەرامبەر بەجیهان و ژیان و کات و فەرمان!.. سەرنجن بەرامبەر بەئەشق و ژوان و خۆشەویستی و تێکۆشان.. هەر شیعرێکیان لاواز بێت ئەوە وەکو ئەو منالّە لاسار و نالەبارەم وایە، کە لەوانەیە لە منالّەکانی ترم خۆشتر بوێ هەر شیعرێکیشان کە باشە و لە لای خوێنەران پەسندە ئەوە وەکو ئەو کوڕە خۆشەویستە زیرەک و ئاقڵ و چاپووکە وایە کە لە ناو مالاّ ئەبێتە نموونە..!

کەوابوو هەموو شیعرەکان ئەولادمن..

"لە جگەرگۆشەی شیعرم مەدەن مەعنای خراپ
بێ خەتا کەس نییە ڕازی کە لە ئەولادی درێ"
"نالی"

پێشکەشە بەگیانی شاعیری نیشتمان و میللەتپەروەری ئەفریقی "بنیامین ملویسوس" کە ڕەگەزپەرستەکانی ڕژێمی خوارووی ئەفریقا وشەیان لە گەرووی‌دا تاساند!

١٩٨٥/١٠/١٩



## کە شیعر لە سێدارە ئەدرێ

ئەی بنیامین، ئەی پێست ڕەش
دڵ و دەروون بەفری بێ گەرد..!
وشەی هەڵبەستەکانت.. گڕ
وەک گوللەی تیژ، وەک پشکۆ گەش
ئەی بنیامینی قولەڕەش
***
تاوانەکانت:
ڕەشی پێست و ئازادییە
خۆشەویستی نیشتمان و
یەکسانی پێست
دیارە ئەنجامیان وا ئەبێت،
لای ڕژێمی جانەوەران،
لای زێڕ و دۆلار، پەروەران..
ئەی قولەڕەش:
کاتێ تۆیان بەدارا کرد،
چی ڕژێم و دەزگا هەیە و
بەویژدانە،
چ ئێستگە و ڕۆژنامەیێ (سپی و پاکە)،
لەم جیهانە،
ڕقیان هەڵسا..
هاواریان کرد:

شاعیر نابێت بخنکێنرێت...!!
شاعیر فریشتە و پەیامە
گوڵی هۆشی بژاکێنرێت..
شاعیر شۆڕش و ئارامە!

***

ئەی بنیامینی قولەڕەش:
بەپێست تاریک، بەباوەڕ گەش...!
منیش هەر وەکو تۆ.. خولیام
حەزە و شیعرە و هەم جوانییە،
مرۆڤ و خاک بڕوای منە..!
شیفتەم ژین و ئازادییە،
خۆزگەم بەخۆتە سەرەنجام....!

***

چونکە کاتێ ئەخنکێنرێم..
یاخود زیندەبەچاڵ ئەکرێم..!
ئەم گێتییە و هەندەرانە
گەورە و پانە،
گوێیان بەمس ئاخنراوە
مەلاشوو یان پڕ بۆی نەوتە..!
لە ئاستی من دۆست و دوژمن
زمانیان لاڵ و جەراوە..

***

من گەنم ڕەنگ! تۆیش قولی
لای ڕەگەزپەرستان "گولی"!
نەفرەتی گەردوون، لە گەردن
داناماڵرێ وا بەئاسان..!



هەتا پەت نەچێتە ملمان
تا من وەک تۆ
نەبمە "خەڵووز"..
گوریس بۆ تۆش خەفەکا "نووز"..!!

***

ئەی بنیامین با تێر بگرین
تۆ بۆ چارە و پێستی ڕەشت..!
من بۆ دڵی ساف و بەفرین..!!
با یەک بگرین لە گریانا
لە فرمێسکمان تێر بنۆشین
لە جێی بادە..!
لە ناو کاسەی کۆڵ نەدانا..!!

## من ئاشقم

وەک پەپوولە ئەشقی گڕم،
هی جووتیاری پێخاوسی ڕانک شڕم،
من ئاشقی سواڵکەرانی
سەر جادە و نێو گۆڕەپانم
هی چەوساوە و زەحمەتکێش و
پاڵە و شوانم
هی بێ کەس و بێ ڕێ و جێم
هی لانەوازەی شەوانم
هی ئەوانەی لە دوو ڕێیانی شەقاما
لە نەسرەوتی بێ ئاراما
لە بن "ترافیک لایت"ەوە
هەڵ تووتاون..
سەرتاپای لەشیان داهێزراو
چاوەکانیان پڕ زووخاون
***
لە پەنجەرەی ماشێنەوە،
بەچاوی پڕ ئەسرینەوە،
بۆ درهەمێ
تا بیدەمێ
دەستی درێژ.. ملی خوارە...!
زۆر بەکزی، لە ژێر لێوەوە



بەشەرمەوە:
دەڵێ: خاڵۆ
"ئەز باب نینە باب نەمایە!"
ئینجا منیش ماشێنەکەم
(لا مارەکەی شێخ هۆمەرە) و.
لە دەست و قاچم ئالاوە!!
خۆیشم لە لا وەک قەقنەسە و
هەموو کەون و کائینات و
سیستەمێکم لا چەپەڵە..
لا گلاوە، لا گلاوە..!!

ئەم شیعرە بەهۆی شالاوی ئەنفالەوە وتراوە لە میهرەجانی شیعری کوردی لە هۆڵی نەقابەی کرێکاران خوێندرایەوە، دەنگی زۆری دایەوە.

## شاری گڕ

شاری گڕم..!
خەڵکی کرم.. خەڵکی ورم..!
"بیر" کلۆڵە گیرۆدەیە،
کۆستێکی زل و قەبەیە!
"زانین" بەندە، "ژیر" داماوە..!
ئەهریمەنە لە مەیدانا،
ئەسپی تاریکی تاو داوە..!
شمشێری تیژی ژەهراوی لێ ساو داوە
وا کلۆڵی فەلسەفەیە،
رووبار بەرەو ژوور ئەچوێن..!
ئەیانەوێ خولی زەمین بوەستێن..!
پێچکەی مێژوو شەق و شڕە..!
لە جێی خۆیدا پەرتەناشە..!!
خولانەوەی وەک بەرداشە!..
خەڵکی وڕە! خەڵکی کڕە!
بەری پڕشنگی ڕۆژی گەش،
خەفە ئەکەن بەخەرقەی ڕەش!
یان بەبێژەنگ ئەیتارێن!!
وەکو بایەقوش ئەخوێن!!
وا کلۆڵی فەلسەفەیە
کۆستێکی زل و قەبەیە



*سۆکراتیان بەدەرمان مراند..!
بەژەهری مار،
گیانیان لێ سەند..
بەڵام بیری زەوق و زیندووی
بۆ نەوەمان،
بۆ نەوەمان..!
جیل لە دوای جیل..
جار لە دوای جار
سوکرات وتی:
من شەهیدی دیموکراتیم،
با ژەهریشم دەرخوارد بدەن،
لە ویژدانی خەڵکا ئەژیم..!
من بیردۆزی دیموکراتیم
من سوکراتم
ئاگر خۆشکەری خەباتم
***

**گالیلۆ:**

وا زەوییە، هەر ئەسووڕێ و ئەخولێتەوە..!
با حەپسم کەن، برسیشم کەن
سەرم لە لاشەش بێتەوە
زەمین هەر ئەسووڕێتەوە،
زەمین هەر ئەسووڕێتەوە!..

***

**ژان دارک:**

کە سووتاندیان،
وشەکانی بوون بەخەرمان..!
بوون بەئاگر،
تەمی تاریکی ئەڕەوان
بیری ڕۆشن
لەسەر زەوی بوونە خۆراک
بوونە هەوێن بووبوونە ماک
ژان دارک وتی:
واز لە "ئازادی هێنانم"
واز لە "ژینە"!
چڵ و چێوەکەی سووتانم
بۆ هەموو مرۆڤ پەرژینە،
رووناکییە، گڕە، تینە..!

**حەللاج:**

کە حەللاجیان وەکو بەرخی نێر سەربڕی،
پەڕە پەڕە تەورات و ئینجیلیان دڕی..!



جارێ دەست و جارێ پێیان
لێ ئەقرتان..
خوێنی تکایە سەر زەوی
بوو بەئایەت بوو بەقورئان
کە سەریان لە لاشە قرتان..
ئەیوت: منم ڕاستیی ژیان..!
کە دەست و پێشیان ئەقرتان
ئەیوت و هەر ئەیوتەوە:
منم ماف و ڕەوای ئینسان..!

***

**لۆرکا وتی:**

من ئارەقەی ناوچەوانی..
کارگەرانم
من نرخی ژیان ئەزانم..
نەوتی چرای زەحمەتکێشم،
بۆ ئەوان مۆم بۆ خۆم ئێشم..!
ئەمن لۆرکام،
پەیامبەری هەژارانی،
بارەگای خوام..!

***

هەتا سنگیان کرد بەبێژەنگ
بەگوللە و گڕ
مێشکیان پژاند بەفیشەکی
تیژی تفەنگ..!
ئەیوت: منم بیرم پشکۆ
بۆ خەرمان و کایەنی

سەرمایەداری..!
ڕەنج قوتدەر هەروەک نەهەنگ..
ئەیوت:
خاکی ئەم زەمینە..
یەک چیمەنە.!
چەترەکەشی یەک ئاسمانە..!
با مرۆڤ و گیانلەبەران..
بەسەربەستی و بێ جیاوازی،
تیا بکەن چینە و دەسبازی..!!
***

**• عەبدولخالیق:**
هەرچی ڕق و کینە هەبوو..
لە مرۆڤ و خەڵکی نەبوو..
ئەوەی هەیبوو، دڵسۆزی بوو
زانستپەرست، بیردۆزی بوو
بۆ کوردی بوو، بۆ هۆزی بوو
ئەیوت:
ئافرەت، مرۆڤە وەک پیاو
جیاوازی بەینیان وشەیە..
ئەویش لە ژینا سەربەستە
خاوەنی ئارەزوو و هەستە..!
***
چونکە کە دیم سەعاتەکەی ڕاوەستاوە
لە جێی میلی سەعاتەکەی
گوللە لە ناویا چەقاوە..!
بۆ دادگاکانی تەفتیش و



بۆ سەدەکانی ناوەڕاست هاتمە دواوە..!
وا کلۆڵی فەلسەفەیە..!
کۆستێکی زل و قەبەیە
ژیریی لە کەللە تەزیوە..!
بیر لە مێشکدا ڕچیوە..!
ئینجا ئێوەش
میلی سەعات بگێڕنەوە
– سێ هەزار ساڵ
– بێگێڕنەوە بەرەو دواوە
لاپەڕەی ساڵنامەکانتان ئاوەژوو کەن
دەی سا زوو کەن
لێی بنووسن: وا کلۆڵی فەلسەفەیە
کۆستێکی زل و قەبەیە
بۆ قۆناغی
ناوەڕاست بگەڕێنەوە
***
جا بێنەوە بۆ شاری گڕ..!
بۆ خەڵکی کاس بۆ خەڵکی وڕ
زوو بێنەوە
بەڵام هەرگیز ڕقی پیرۆز لە یاد مەکەن
حەللاجەکەی قەڵای هەولێر
لە یاد مەکەن، لە یاد مەکەن..!!

ئەم شیعرە بەهۆی تیرۆرکردنی عەبدولخالیق مەعرووفەوە نووسراوە لە کۆنگرەی مێژوونووسانی عێراق و عەرەبدا خوێنرایەوە کە لە زانکۆی سەلاحەدین ساز کرابوو لە هەولێر بووە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان. وە هەروەها ئەو ڕۆژە سێیەم ڕۆژی شەهیدبوونی عەبدولخالیق بوو.

## کاتێ گڵ ئەبێتە هیمۆگلۆبین

بەمناڵی گڵم ئەخوارد..
لە ناو خۆڵا، خۆم ئەتلاند..
زیخ و وردە بەردم ئەژمارد..
خۆڵم ئەخوارد، گڵم ئەخوارد..!
لێیان ئەدام،
بە"شەولەبان"
ترس و خێویان ئەنامە بەر!
فەلاقەیان بۆم دائەنا..
زۆر لاسار بووم عارم نەنا..!
بەمەقاشی سوورەوە بوو
چزیان لە پێستم هەڵئەسان..!
چوون وەک شەکر گڵم ئەخوارد،
وەکو مەل چینەم لێ ئەکرد
خۆڵە پەتانێم پێ ئەکرد..!
نەم ئەزانی لەبەر چییە؟
بەم شێوەیە.
من هۆگری خۆڵ و خاکم..!
گەر دوور لە گڵ بم غەمناکم..

***

کە گەورە بووم چوومە "حوجرە"
چاو کراوە.



عەقڵم بەدنیا شکاوە.
زانیم کە مرۆڤ..
لەو گڵە دروست کراوە
کەوا من یاریم پێ ئەکرد..
کە من بەسەر خۆمما ئەکرد..
مێشک و بیر و خوێن و دڵم،
هەر لە گڵە و هەر بۆ گڵە!
کەوابوو خاک یانی (من)ە و.
منیش واتە. خاک و گڵم!
چوومە مەکتەب، پێیان وتم:
خۆڵ خواردن هەرگیز باش نییە،
بەڵام کاری سروشتییە
ئەبێت وابێ
چونکە منیش گڵ و خاکم
ئالوودەیم و لێی بێ باکم..!
بۆیە ئێستە هەر کلۆیەک..
کە لەم خاکە دائەتاشرێ،
برینێکە لە جەستەما..!
هەر تاشەبەردێ ئەهارێ،
هەزاران لێوی غەمگینە
ئێسک و پرووسک، خوێنی دڵە و
(مەم)ی چەند "زین" و شیرینە..!
تۆمارێکی یەکجار گەورەی
مێژووی کارەساتی ژینە..!
ئاوازێکی گەلێ چڕ و

زۆر بەجۆشە لە بەستەما..!!
ئەگەر ئێستا
مناڵەکانم گڵ بخۆن..!
بەقوڕە سوورە چاو بشۆن
پێیان ئەڵێم دەک نۆشتان بێ
دەستان ڕەنگین
تا خۆشەویستی نیشتمان
تا گڵ و خۆڵی کوردستان
لەگەڵ خوێنتانا تێکەڵ بێ..!
بێتە ماددەی "هیمۆگلۆبین"!!
لە ناو دڵتانا گەورە بێ..!



## لە مەستیما

ئەمشەو تێر مەمکی کچی شەو ئەمژم..!
ژیری و هۆشمەندی پێ ئەتارێنم..!
ئێشک و بێداری شەوی پێ ئەکوژم
بەو ئەندێشەی کە چڕ و بڕە، دەماری
گرژی چرچی ڕەقەڵەی،
کەللەی ئاڵۆزی پێ ئەخوسێنم..!
ئەمشەو مژ ئەدەم لە سینەی شووشە..!
تا گزنگی "تاو" پڕشنگ نەهاوێ..!
لێو بەری نادا یەک تاکە تاوێ..
ئەوساکە کۆرپەی برسی و چڵێسی،
دڵەی قیرسیچمەی پێ ئەخەوێنم..!
ئەمشەو تێر "شیری"
خەستی گڕ ئەمژم..!
غەم و پەژارەی ئازاری جێگەی،
بزماری تیژی ژەنگاوی جەستەی،
ڕۆژی.. پێ ئەکوژم..!
ئەمشەو مێشک و دڵ ئەکەمە "یەخ" و
ئەیخەمە پێکی بادەی گۆی (مەمێ)..!
تا خۆم "پێ!" ببم بۆ مەزەی ماچی،!
دوو خونچەی ئاڵی لێوانی "شەمێ"
من وەکو مۆمی شەوی بووکێنی

با بتوێمەوە و فرمێسک برێژم
تا شووشەی کوڵمی وێنەی سووتانم..!!
دەربخا
ئەوسا
بەخۆم بزانم
ئازار ئەچێژم..!!
ئەمشەو نەک بەپێک
بە"کوزوو"ی مەڕمەڕ بادە ئەنۆشم!!
با.. لە "گۆ" کەوێ پێ و پلم تەواو
با.. بە"گاگۆڵکێ" و بە "دارەدارە".
پەلکێشم بکا فریشتەی شەراب..!
ئەوسا دوا پێکم،
لە هەڵمژینی لێوی ئەنۆشم..
خەو بمباتەوە بۆ دنیای سەراب..
لەو بێ هۆشییە و
لەو مەستییەدا
ئەڵێم سەرخۆشم..



## سێ تیر ماسکی هێشووە شیعرێک

**شەوارە**

* جاران..
ژنێ نەزۆک بوایە،
گەر ئاواتی بۆ مناڵبوون بگرتایە،
بۆ "بابەگوڕگوڕ"یان ئەبرد..
قوربانییان پێشکەش ئەکرد..!
بەڵام ئێستە
شەوارەی تیشکی ئەم گڕە
بابەگڕە
مێشکی هەزاران لاو و پیر
نێر و مێ، شێتۆکە و ژیر
ئەپروێنێ، ئەجنێ ورد...!
ئەوسا
بەرخمان پێ ئەبەخشی
کوڕی ئەداینێ لەجیاتی
ئێستە
گشتمان هەڵ ئەلووشێ و
ژەهری داینێ، بەخەڵاتی..!
بەهۆی ئەو شەڕەوە کە چەندین ساڵ لەسەر کەرکووک لەسەر کورد فەرز کراوە

***

**"٢" جاران**

* جاران..
حەزم لە ملوانکە و مێخەکبەنگ بوو
ئێستە، حەزم وا لە ئەڵقەی سێدارەیە...!
جاران، حەزم لە چاوبڕکێی
گوڵە باخی شۆخ و شەنگ بوو..
ئێستە حەزم
لە گریانی منداڵێکی ئاوارەیە..!
جاران شووشەی
بۆن و لێوی ئافرەتانم لا پەسەند بوو،
ئێستە حەزم
لە قەوانی فیشەکدان و بۆی بارووتی بۆمباکانی تەیارەیە..!
جاران کپی و گۆشەگیریم لا پەسەند بوو
ئێستا مەیلم لە لا "وێڵ" و
پەتیارەیە..

***

**"٣" کۆن و نوێ**

* جاران نەنکم
کە هەوێنی لێ ئەبڕا..!
ئەنگوستیلە "پیرۆزە"کەی
ئەخستە ناو شیرەکەوە
تا، بگرسێ!..
کلانکەی شین
لەسەر سنگی وەکو "پەنیر" کەی ئەگرسێ؟!
ئەگەر ئەڵێیت



"چاوەزار"ی لە چاو چوونە..!
وا خەریکە چاو و زارم
وەکو پشکۆ دائەگرسێ..
بەچەخماخەی..!
ئەو زنجیرەی لە مل تایە
پووشی وشکی
یادەکانم،
هەروەکو گڕ،
هەڵ ئەگرسێ.. دائەگرسێ!!

## ئەزموونی ئەڵماس

هەندەیان کوتام
(بێزار)یان کردم..!
هەندەیان سوامەوە
هەتا بووم بەئەڵماس
بووم بەبەهاترین کولوور
نرخم لە هەموو شت گرانتر و
بایەخدارتر بوو
لەمسەر و سەری زەمینەوە
نزیک و دوور
ئەوانەی چاوچنۆک و چڵێسن..!
ئەوانەی بەهیچ تێر نابن
هەر هەڵپەی منیانە
هەر کەسە تۆزێکم لێ دائەتاشێ و ئەبڕێ
ئەیخاتە سەر خۆی..!!
هەر کەسە نەختێکم لێ ئەچڕێ
پەنا ئەبا بۆی..!
لە هەر لایەکەوە دەرکەوم
هەزاران کەس پەلامارم ئەدا
هی واش هەیە، قووتم ئەدا..!
چونکە من بەردی ئەڵماسم
من ئەچمە گوێ و گەردنی



نازداران و جوانە شۆخەکانەوە
ئەچمە پەنجەی ناسکی پەرییەکانەوە
ئای کە خەڵک بەمنەوە
سەریان قاڵە و منیش هیچ
باکم نییە..!
ئەمەش یاسایەکی
سروشتییە:
چونکو من بەردە بەنرخەکەی
ئەڵماسم..!

## بۆ حەسیب قەرەداغی شاعیر

شاعیری فەرهەنگی خەمم..!
"دەماوەند"ی سەر بەتەمم..!
– شیعرەکانت شیری تەمەنی منالّی و
قووتی گەورەی ژەم بەژەمم..!
هۆ هاورێکەی
بیابانی گێژەڵووکەی
لمی داخم..!
گوڵە سوورە گەشاوەکەی
ڕەگ لە خاکی قەرەداغم..!
ئەی ئەو دۆستەی بەدزییەوە
ڕاز و چپەم لا درکانی..!
لۆمەم مەکە..!
سەرم قاڵە و مێشکم دەرزی ئاژن
ئەکرێ..!
خۆیشت بەحاڵم ئەزانی..
تۆ ئەزانی کەوا من چیم لە دڵ دایە..!
تۆوی هەڵبەستەکانی تۆ
گوێلێ ساچمەی سوورەوە بوو،
مشتێ دڕکی وردی تیایە!!



## کەمەن کێش

لە دەروازەی "نەهجی بەلاغ"
لای وشەی گەشی شەوچراغ
جێگەی کۆنە ژوانی ژان..
ورشەی زێڕ و تیشکی هەتاو
ئەهاتن بەرەو "پیری"مان..!
پێکڕا لەتەک
"پۆلە ڕیشۆڵەی"(١)
بەردەرگا و
پۆلە کۆتری سەر گومەزی
زەرد و سەوزی
چەتری (ئیمام)(٢)
بوونە کۆگای ئارەزوومان،
کە هاتن بەرەو پیریمان
***
کلاّفەیەک داوە دەزووی
تێک ئالاّوی مووڕووی
هۆنراوەی..!
ڕۆژگاری
کالّ و کرچۆڵە و نەبەکام..

(١) ڕێشۆڵەکان: مەبەست ئەو کچە قوتابیانەیە کە بەعەبای ڕەشەوە لە بەردەرگا پێشوازییان کردین.
(٢) ئیمام: مەبەست ئیمامی (عەلی)یە «خ. ل.» ئەم سەردانە گەڕانمییەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە لە نەجەف کاری سیاسیم دەکرد و موختەفی بووم زۆربەی ژوانەکانم لە سەحنەکەی ئیمام عەلیدا بوو.

وەک پوورە هەنگ لە من ئالآن..!
تێم ورووژان..!
ئامان حەزرەت خاوەنی سەردەمێک
پەیام..
دەخیلم ئیمام
لە هەموو ماڵێکدا "ملجم"..![3]
لە هەموو ژوورێکدا "قطام"..![4]
هاتنە خەوم
بەهەزار جۆر وەک فریشتە خۆی
نیشان دام
جا تەزووی ئەڤین بەری دام..!
بەڵام ئێستەش هەر دەروێشم
مریدێکی لە شێخ زیزی کەمەن
کێشم..!
***
ڕیشۆڵەکان
بەشنەی باڵی ئەفسوونی
لەرانەوەی عاباکانیان،
گرژی و پەستی
ڕێی ماندوویان،
لێمان تەکان..!
***
چاوم گێڕا بەیادەوە

٣– ملجم: ئەو پیاوەیە کە ئیمامی عەلی شەهید کرد.
٤– قطام: ئەو ئافرەتە بوو کە چەک و خۆی بەخشی بە (ابن ملجم) بۆ ئەوەی لە تۆڵەی کەسوکاریا، ئیمامی عەلی بکوژێت.



بەهەستێکی مەست، بادەوە
پەڕەسێلکەی فریشتەم..!
کە هێلانەی لە ناو دڵا
گەرموگوڕ بوو
پڕ بەپڕ بوو دیار نەبوو،
چاوم فڕی نیگام تیژ کرد،
یەک ئاشنام بەدی نەکرد،
یەک ئاشنام بەدی نەکرد..!
هەناسەکەم،
تەزووە پڕ جۆش و تاسەکەم،
قووت دایەوە،:
چرای سەرنج کوژایەوە..!
***
کوا هەواڵی یارانی کۆن؟
کوا ژوانی جارانی کۆن...!
خۆم هەڵگڵۆفت و خواردەوە
ئەم دیمەنانەم شاردەوە
***
خۆم کرد بەژووری حەزرەتا
بەو یادانە و بەگەشکەوە...!
وەک "کەمەن کێش" لە عەزرەتا..!!
خۆم کرد بەژووری حەزرەتا...!!
***

ئەم شیعرە بەبۆنەی سەردانی شیعرەکانی "مربد"ەوە بۆ شاری "نجف الاشرف" وتراوە.

# چڕنووکی چاو

که چاوەکەت وەکو هەڵۆ
چڕنووک ئەگرێ..!
له گۆشته لینجەکەی دڵم
که ورشەی تیشکی ڕووی شووشەت،!
گزنگ ئەگرێ،
له دوو چاوی ترێی بڵم..!
که هەڵووژە ڕەشەی لێوت
بزەی ئەفڕێ
بەرەو ئارەزووی نەوسنم!!
که قارچکی مەمکەکانت
له ژێر بەفری سوخمەکەتا،
ئەشنێتەوە،
ئەتوێمەوە له بەرپێتا!!
وەکو مۆمی شەوی نەورۆز
تا بەئەسرینی سووتانم..!
وێنەی باڵات دروست
بکەم
بەکسپە و سۆز..
کەب ەفرمێسک بۆت
ئەنووسم
وا دڵ و گیان



له گیرفانی جانتاکەتا..!
تەزیون و بەجێ ماون..
دۆش داماون..!
تیایا (سازان)!!.
چی بەکچانی تر بڵێم...؟!
یان بەوانەی کەوا تۆ و.. یان..!
له هەڵبەستەکانما..
ئەژین..
یان بە(شیرین)..؟!
بەکام یاسا لات ڕەوایە..
لاشەیەکی بێ هۆش و گیان،
سێبەرێک بێت
داهۆڵێک بێت..!
بەبێ جووڵان
لەسەر خەرمان..
***

## هەپی پێرس دەی تو یو..!!

وەکو گوڵی سیس و ژاکاو
لەسەر شەقام فڕێ دراو
یا نەرگزی لاسک زەردی
بەڕقەوە پێشێل کراو..!
یا کارژۆڵە و بەرخی بێ شوان
بەساویلکەیی و بێ ئاگا
لە لای گورگان بکەن گەمان!!
چەشنی قەتێ و
کەوی بەندی ناو قەفەسی
بێ ئاو و دان
بەم سەرما و سۆڵەی زستانە
لە جێی باخچەی ساوایان و قوتابخانە
لە جێی نازی دایک و دایەن..!
بەشڕ و پڕە و ماڵەوە،
بەقورئان و بەرماڵەوە..!!
بەدەسرازە و حەتحەتۆکە و
بێشکە و بووکی مناڵەوە..!!
وەک قەرەج و دۆم و خەڕات
لە ناو چەقی دەلاڵخانە
مەزات! هەڕاج..!!



هەڕاج...!
مەزات..!!

***

لە جێی هەپی پێرس دەی تو یو
لەباتی دیاری و جەژنانە
دەس لەملانە و بابە گیانە
بیری نۆماڵ، مشووری شوو..!
لەسەر شۆستەی تەڕ و شێدار
دڵ بەئازار، هەست بریندار
باوان شێواو کۆست کەوتوو..!
کەزی زەرد و ئەگریجەی خاو
چاوی شینی ئاسمانیان
لە ترسانا، لە برسانا
ئەبڵەق بووە، واقیان وڕماو...!
چۆن پەیا کەن
نانی ژینی پڕ لە زووخاو
لەبەر دواڕۆژی تەنگ و تار
وەک ڕیشۆڵە و پۆلە کۆتری
بەتۆڕ گیراو..!!
ڕیز چنراون، داهێزراون
بۆ فرۆشتن
دەسکێشی جوانی ڕەنگاوڕەنگ
گۆرەوی بەن
سەرکڵاوی خوری نایاب
شتی دەگمەن
بەرماخێک و هەندێ تووتن

بۆ فرۆشتن
مت و موور و
پورە دراو بەقالۆنچە و زەردەواڵە..!
شتی سەیر و و وردەواڵە..!!
***
لەو لاشەوە
لە پەنایێکی نەدیوی
کەس نەزان و نەناسەوە
لە ژێر کەوڵی مەینەتیدا
لە ناو بەرگی پەلاسەوە
پیرەژنێ بەتیلەچاو..!
دڵی پڕ لە ئاخ و زووخاو..!
پاسی گوڵ و ئابڕوو دەکا...!
نەوەک تەپکە داوی پیسی زیرو دراو
دڵە پاکەکەی لێ بدزێ..!
ڕاوی بکەن.
وەک کەروێشکێکی بێ ئاگا و
کارمامزێ..!
بۆ زەلکاوی فریو بخزێ..!
زەردەواڵەی داوێن، پیسی..
شیلەی گوڵی لاوی بمژێ..!
لە بەرچاوی دۆست و دوژمن
قەترەی پاکی حەیای بڕژێ..!!
بیکەن بەپەن!
ئابڕوومان بەن!!
***



خەڵکی هەولێر!!
گۆرەوی بەن
لفکەی نایاب، کەوچکی دار
دەستکێشی جوانی ڕەنگاوڕەنگ
هەتا زووە ببەن بەبار
ببەن بەبار..
هۆ کوردینە
هۆ خەڵکی "شار"..!
بۆ دانانی خشتی دیوار
یاخود بەردی لەسەر مەڵۆ..!
داڵدەی جوچکەی چنگی هەڵۆ..!
دڵنیا بن.. لێ.. زانی.. بار..؟!
لێ.. زانی.. کار..!
وا ئێستاکە، لە ناو چەقی دەلاڵخانە
هەراج دەکەم
هەر کەلوپەلێکی کە هەم
هەزاران مەزات
هەزاران هەراج
بەڵام ئەنجام
لێوی حەز هەر دەگا بەماچ
عیسا دادەگیرێ لە خاچ..!!
هەتا زووە
تا لە دەستتان دەرنەچووە
ئەم دەرفەتە لە دەس مەدەن

زوو بکەن بکرِن
گۆرەوی بەن..!!

ئەم شیعرە بەهۆی ئاوارەبوونی منداڵە بارزانییەکانی کۆمەڵگەی قوشتەپەوە نووسراوە کە لە بازاڕی هەولێر سواڵیان دەکرد کەس نەی دەوێرا هەتا خێریان پێ بکات. ئەم شیعرە لە کارواندا بەکوردی و عەرەبی بڵاو کرایەوە بووە سرووودی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین و چەند کەسی لەسەر گیراوە.



## برووسکە
## بۆ یادی جگەرخوێن لە دهۆک

لە شارەوە.. لە شاری شکۆدارەوە
بۆ جگەرخوێن
چەپکێ نێرگز.. چەپکێ وشە بۆ شاعیری
بێ جێگە و شوێن..!
کەوا و سەڵتەی سەوزی نەرمی
قەنەوزی
وەکو قەوزەی حەوزی بەر حوجرەکەی
"نالی"
کە لە پاش خۆی بەدانسقە بەجێ
ماوە
وەک "پیرۆزە هەڵمان گرتووە
بۆ دیاری تۆ ئەی جگەرخوێن
حوجرە و چێشتی مجەوری!..
خانەقاکەی سۆفی "مەحوی"
هەر وەکو خۆی فەرموویەتی
ناوی بەشەکرە سێو ناوین
باخەوان و بەهێ ئەگرین..!!"
بۆیە ئەگرین..!!
یا گۆچانی
دەستی حافز و کوێرەکانی

مەجلیسەکەی "مەلا حەمدوون"..
کە تا ئەمڕۆش پارێزراون
بێ چەن و چوون..
ڕیشە سپییەکەی پیرەمێرد
چۆڕی شیرە..!!
هەروەک سەرپۆشی بەفرینە
بۆ ڕووخساری "پیرەمەگروون"..
چەشنی چاوی کەوەکانی!
پەنای ئەزمەڕ بریقەی، دێ..
پێشکەشت بێ
ئەی جگەرخوێن
کورسییە شڕەی مەیخانەکەی
فایق بێکەس
کە چاوەزاری دیوارە..
لە هەر لای ئەم کوردەوارە..
بۆ هەڵبەستنی گۆڕەکەت!
لەباتی خۆت
ئەی جگەرخوێن
یان زیندانە تەڕ و شێدارەکەی
"گۆران"
ماوەتەوە وەکو جاران..
کە دیاری دەستی ئاسنە
وەکو ئەشکەوتی سامناک و
تار و تونا و تون پشکنە..!
کە لامان.. نەخشی دیوار و دەرگاکانە



لە گشت لای ئەم کوردستانە
ئەیکەین بەبارگە و کەژاوە
بۆ گیانی تۆ..!!
ئەمانە گشتیان هاتنە کۆڵ
تێر تێر گریان..
بۆ جگەرخوێن
بۆ شاعیری دوور وڵاتی
بێ سەروشوێن
بوونە دیاری
بۆ شاعیری هەژار دۆستی ئاوارەی
کورد..!
کە بەئاهی کوردستان و میللەتەکەی
دڵە گەورە و مەزنەکەی
لە حەسرەتانا شەقی برد..!!
ئەی جگەرخوێن..
وا ناوی تۆشمان خستە سەر..
دەفتەرێکی نەنووسراوی بەرباخەڵی...!
بەرگ دڕاوی شڕ و ئاڵی..!!
شاعیرێکی نەتەوەی کورد..
ئەی جگەرخوێن
ئەی شاعیری پایە بەرزی لە ناو
دڵا هێلانە و شوێن.

ئەم شیعرە لە یادی چلەی جگەرخوێن لە دهۆک خوێندرایەوە

## هەر یەک کەسە

هەر یەک کەسە
هەر یەک دەسە
یەک پێنووسە
هەر یەک زەلامی دووڕووە..
دەمامکی لێ پۆشیوە
تووشی (شیزۆفرینیا) بووە..!
پیلانەکانی پۆخڵە، وەک ڕێوییە
وەک چەقەڵە..
لە تاریکیدا ئەوەڕێ..!
وەکو کەری ناو جۆگەلە
لە هەردوو بەری ئاو ئەلەوەڕێ..!!
پەلامارەکەی دڕ و نهێنگرە
زۆر گلاوە
هەر یەک کەسی ڕەوشت نزمە
هاوڕێ بێ دۆستە یا .. خزمە..!
جارێ ژەهرم بۆ ئەکاتە هەنگوینەوە
جارێ مارم بۆ ئەنێرێ بەخەڵاتی..!
جارێ ویستی بە (تەنوور)ێ
بمکاتە کۆڵۆی (سەختیان)!
جارێ ویستی بە(نوشتەیەک)..!
بمکاتە جنۆکە و شەیتان..!



هەر زەلامێکی زۆر سپڵەی کەم فرسەتە..!
دیاری بۆ هەر کەس
دڵسۆز و ئابڕوومەند بێ..
لە پاکەتی (بۆینباخا)..!
لە داخانا..!
ئەڵقەی پەتە..!
ئای لەو ڕۆژەی..
کە (هەوساری) دەمامکی دائەماڵرێ..!
وەکو بەرزەکی بانانی بێ شەرم و
شۆ
ئابڕووی ئەچێ.. ئابڕووی ئەچێ..
هەر یەک کەسە
هەر یەک دەسە..!

بۆ کەسێ نووسراوە کە ڕاپۆرتی بۆ (هەردوو لا) لەسەر ئەنووسیم!

## خاوەر..

که له خەو هەڵئەسام بەیانیان..
دوو دیمەنی جوانم ئەدی..
هێشتا چاوم خەواڵوو بوو..
که هەڵم ئەگلۆفت.. ئەکرایەوە..
گۆنا ئاڵەکەی (خاوەر) بوو..
جووتێ چاوی فرە جوانی
پیرۆزەیی..
گوڵ مێخەکی سەرنج بەری..!
بینای مژی پەمەیی..
لەل.. لاولاوی مەیلەو شینی
باخچەکەیان..
له بەینی چاو و ڕوومەت و
گوڵی مێخەک و لاولاودا
تەواو سەرم لێ تێک ئەچوو..!
نیگام له کامیان گیر بکەم..؟!
کۆرپەی دڵی هەتیو کەوتووم
بەبۆنی کامیان ژیر بکەم؟؟!
ئەوەندە لووس سەرنج ئەخزا..!
بەتاسەوە بۆی ئەگەڕا
هەتا خونچەی گوڵەباخی
هەردوو لێوی پێئەکەنی..!



ئەوسا ئیتر
گڕی ئارام لەسەر لێوی
ئەکوژایەوە!..
بەفری ئارەزووی سەرکێشم
بەئاوپرژێنی باخچەکەی ئەتوایەوە
پێش نغرۆ بێ شارەکەمان
هەردوو ماڵمان بەرانبەر بوو..

## نەورۆزانە

بەفر ئەوەندە گریا
ئەسرینی بوو بەجۆگە..!
وەنەوشە ئەوەندەی ئاورنگی
خواردەوە هەتاکو تەقی..
نەرگز لە داخ و خەفەتا
تووشی نەخۆشی زەردووی بوو
چاوی لێک نا..!
ڕەشەبای شووم
پەڕ پەڕ قارچکی دڕی
شیتاڵ شیتاڵی کرد..
ڕێواس پیر بوو
بووە چیلکە
ئاگری گەشی نەورۆزی پێ کرایەوە..!
دووکەڵ و هەڵم بەرزبوونەوە ڕووەو ئاسمان
هەور گریا
لافاوی بناری چیا
هەموو دڕک و خڵت و خاشی
ڕاماڵی بۆ نێو ڕووبار و گەرووی
دەریا..!!



## جارێکی تریش

وا ئەمجارەش
ئەم ئەستێرە خڕەی زەوی
سووڕایەوە..
وەرزێکی نوێ هاتە بەرکار
هەرچی غەم و زام و ژانە
لوولە کراو. پێچرایەوە!
وا ئەمجارەش
چاوی کزی نێرگزی. ناز تۆراو!
پشکوت و هەم ڕازایەوە..
بەفر و بەستەڵەکی زستان
بەزەبری برووسکە و باران..
توایەوە..
بوو بەلافاو
نەریتی.. گوڵ قرتاندن
هێلانەی کەوبارِ.. شێواندن
بەمیرات بۆمان مایەوە

نەورۆزی ١٩٨٥

## گوڵە وەچنێ..!

لە پاش ئەوەی..
کە دەغڵ دروێنە ئەکرێ
بەداسی تیژ بە(کەرەنتۆ)
ئەیدوورنەوە..
شەنی ئەکەین..
کەوی ئەکەین..
کە ئەبیتە خەرمانی سوور
بەری ڕەنجی ئێمەی هەژار
ئەڕوات بە(با)! ئەڕوات بەبار..
***
وەرن کیژ و کوڕی لادێ..
هی ئاوایی خاپوورکراو
نغرۆکراو
با بچینە (گوڵە وەچنێ)
با بچینە گوڵە وەچنێ..!
***
لە هەر خەرمانێ ڕنراوە
لە دەغڵی گوڵە گەنمێکی (بەهار و)
لە دەغڵ پێشێل کراوە
کۆ بکەینەوە..
لە کێڵگەیەکی پاراوا..!



بیوەشێنن
تۆو بچێنن..!
بەلایەوە بەستە بڵێن!
بۆ دوارۆژی ئاڵ! وەکو خوێن..!
***
جاران بەداس، بەکەرەنتو..
دروێنە بوو..!
گوڵە وەچنێ بەجێ ئەما
ئێستا گوێزانی دەڕاسە
ئەیقرتێنێ
وەک بەری دەست پاکی ئەکا..!

## نقێم..!

بەر لەوەی کە
ئەستێرەی ڕۆژ ماچێ بدا..
بەلووتکەی نوک تیژی چیا
یا.. چریکەی مەلای مزگەوت
بخرۆشێنێ و بەشیو و دۆڵ شەپۆل
بدا..
گوێی دار و دەوەن کەڕ بکا..
لە پێش ئەوەی
سەمفۆنیای دەنگی مەلان..!
خەو لە چاوم بتۆرێنێ..
گوڵ بۆ کزە پێبەکەنێ!
هەنگ دەم بنێتە ناو دەمی!!
سروە لەگەڵ گزنگا بێ و..!
لەرەی چڵ بێتە هاودەمی..!
گوێم لە دەنگێ ئاشنا بوو
لەگەڵ تەقەی قاپ و مەنجەڵ
تەدارەکی جەژنانەدا
بەدەم سۆزەوە ئەگریا؟
ئاهی ساردی هەڵ ئەکێشا
نە جەژنێ بوو نە دووان نە سیان
تا لێم پرسی دایکی پیرۆز..!



بۆ کێیە لاوانەوە و شین..!
بۆ کێ حەسرەت و دڵ گوشین..!
وتی: کوڕم..
تۆ نایزانی بیرت نایە
هێشتا چاوت بەئازاری ئەو دنیایە!
نەپشکوتبوو..!
برایەکی جوانت هەبوو نۆبەرەم بوو
لە تاو حەزی جلی جوان و پێڵاوی
سوور..!
تووشی سیل و زەردوویی بوو
هەموو جەژنێ وڕکی ئەگرت
تێر ئەگریا بۆ پاپوج و بۆ بەرگی نوێ
بۆ جەژنانە و خەرجی باخەڵ
نەبوو هیچ شتێکی بدەینێ
(نقێمێکی) زیوم هەبوو..!
هی بووکێنیم، مێخەک بەنێ
بۆم دا بەبەرگ و بەپێڵاو
تا ئەمەم گەیاندە ئەنجام
ئەو کە تووشی زەردووی بوو
فریا نەکەوت لەبەریان کا
لە باوەشما
لە عەزرەتا گیانی دەرچوو..!
ڕۆڵە بۆیە هەتا ئەمرم
لەباتی مێخەک بەندەکەم
فرمێسک ئەکەم بەملوانکە..!

یەخەی پەروەردگار ئەگرم
ئەستێرەش ئەکەم بەنقێم..!
چونکە گیانی کۆرپەکەمە
چووەتە ئاسمان..!
لە ناو چاوی گەشمی ئەدەم
ئێوەی پێ پەروەردە ئەکەم..!



## سروودی زیندووبوونەوە

پەنجا ساڵە ڕۆژ لە ئیسپانیا لێڵە
هەور تەڵخە مانگ گیراوە
ئەستێرەکان ئاڵۆزاون
پەلکەزێڕینەی خەیاڵ کوش
ڕەنگەکانی بزڕکاوە
پەنجا ساڵە دڵدارەکان
چاویان پڕە لە کل و ژان
چونکە چرای فەرهادێکیان لێ کوژراوە..!
پەنجا ساڵە
نووکی (قوڵنگ) مێشکی وەک بەردی
زۆرداران ئەڕوشێنێ..!
کانییەکانی (بەرشلۆنە) هەڵناقولێن
شیرینەکەی (لۆرکا)ی شاعیر
لە ناو خوێنا ئەتلێتەوە..!
پروشەی بەفر ئارنگ ئارنگ
لەسەر برژانگی ئەبارێ و
ئەتوێتەوە..
گەڵای خەزانیش ڕوو زەردە
بەشەرمەوە دێتە خوارێ
(٥٠) ساڵە بزە لە خونچەی زویرە..!
لێوی تاسە بێ پەرداخە..!

ژوان هەمووی گریە و ئاخە
(٥٠) ساڵە وشە بەدوای شیعردا وێڵە
چاوگی کانییەکانیان لێڵە..!
کورەی خەباتی ئیسپانیا نێڵە نێڵە
(٥٠) ساڵە دڵدارەکانی ئیسپانیا..
ئەم سروودە ئەڵێنەوە..
* لۆرکا وتی:
من ئارەقەی ناوچەوانی کارگەرانم
من نرخی ژیان ئەزانم!!
نەوتی چرای زەحمەت کێشم
بۆ ئەوان مۆم بۆ خۆم ئێشم
ئەمن لۆرکام
پەیامبەری هەزارانم
پەیامبەری هەژارانم



# مێژووی دەستەمۆ

هەر نەرامسینێ نەمرودێ
یا هەر خێوێ بەرەو ژوور دێ..!
خۆی و لەشکریان کە ئەهات
بۆ ئاواکردنەوەی وڵات..!!
چەرمی سەری خەڵکەکەشیان
ئەکرد بەکاڵە و بەپێڵاو..
پێستی مەمکی ئافرەتانیان
کرد بەدەستکێش..!
پرچی کچی هەرزەکاریش
بوو بەگوریسی دیلانێی
جەنگاوەری لەشکری "بت"..!
بەداری گوێز و قەزوانا
لەبەر هەیوان و داڵانا..
هەڵواسراون..
گومەزێکمان لە کەللە مرۆڤی ناو
شاخ..!
کرد بەبرجێک بۆ ڕوانگەی
زەبر و ترسان..:
کارێزەکان بوونە جۆگەی..
دەنووکی کەو..
شەوقی مانگی تیا بوو بەژەک..!

خەڵکیان بەم چەشنە کردە خەو..
گوانی چێڵ و پەزیان ئەبڕی
بۆ قوشباشی..
خوێن و شیری تێکەڵاویش..!
چوون.. بادەی مەی..!
فرۆی بەر خوان..!!
پەنجەی خانم و کەنیزەک..
دانوولە بوو بۆ مەزەکەی..!
خواکان وتیان:
وەرنە سەیری کارمان
ئەمە "قسنی" پەرستنە..
ئەمە پەیامی ئاسمانە..
فەرموودەی پاکی یەزدانە
وردبنەوە لە ڕەفتارمان.
چ پەنایەکی بەهێزین..!
بۆ زەبوونی
بۆ لێقەوماو و نەبوونی
لە ناو تۆف و کڕێوەدا ..
بۆ بوودەڵە و کەسیرەکان
کڵپە و تینین وەکو هەتاو
خەڵکی نووستوی ناو بەستەڵەک
ناو ئەشکەوت و وشکە کەڵەک
وتیان وایە: بەڵێ وایە..
هەرچی جەورێکیش کە ئەیکەن..!
ئەمری خوایە.!



زۆر ڕەوایە
گەر باوەڕیان پێ نەهێنن..
لە تیشکی ڕۆژ جێ ئەمێنین..!
نە نمێ باران ئەبارێ
نە بەڕوو بەرمان بۆ ئەگرێ
نە گوڵ و گیا سەر دەردێنن..!
خوای دەشتی چۆڵ..!
ملوانکەکەی بەرەو ئاسمان کە فڕێدا
چووە ملی دۆندی چیا ..!!
ئەوە پەلکەزێڕینەیە..
تاقی شەبەنگە بەڕۆژە!
خڕ وەکو بازنگ نەخشاوە
هەرچی نەیەتە بەر شەوقی..
ئەکەوێتە بەر نەحلەت و ڕقی خواوە..!
لەو ڕۆژەوە چیانشین..
ئەو بازنەیە بووە کۆت و
لە گەردن و مەچەک و دەستی ئاڵاوە
لەو ڕۆژەوە باخەوان و چێوارەکان
کەوتنە ژێر پێی
دەڵە دێوی گورز و مێژوو..
کەو! دروشمی نەیارییە..
گزنگی ڕۆژمان لا تارە..
"ئەهرەمەزدا"مان خستە بن
چاڵە بەفری گەرووی (زامۆ)
بەم تەرحە بووینە دەستەمۆ
***

# کۆتەڵی کامەران موکری

ئادەم بۆ گازێ لە سێوێ
حەز و ئارەزوو هانی دا
لە کۆشکی بەهەشت دەرکرا
بۆ نەمری بوو گلگامێش
کەللەی دێوی کردە سەری
هەموو گۆشەی زەوی پێوا
بۆ ئاوی زیندەگانی بوو
بەکاڵە و پیتاوی ئاسن
خدر زەمینی ئەکێلا..!
شێخی سەنعان بۆ کیژۆڵێ،
چون ئاشق بوو
دین و ئیمانی لە دەست دا..
فەرهادیش هەر بۆ شیرین-ێ
شەیدا و دڵدار
تەشوێی لە بێستوونی ڕەق دا
ئاوی لە ناو دڵ دەرهێنا..!
کامەرانیش بۆ کوردستان
شیعر و بیر و کوردپەرستن
ژین و تەمەنی فڕێ دا
***
بۆیە هەتا گۆی زەمین
بخولێتەوە..!



تا تیشکی خۆر وەکو تارا
بەسەر بووکی سەوزی ئەرزا
شۆڕ بێتەوە
داستانی نەمرییان
ئەوترێ و ئەوترێتەوە..!
تا ئەستێرە لە ژێر قژی
هەوری ڕەشا بجروێن
کوڕ و کچی ئەم وڵاتە
ئەم چیرۆکانە ئەخوێن.
سلێمانی گڵەیی بێت
گڵەیی بێت سلێمانی
کامەران بوو بەتۆی بەخشی
ناوی "هەڵمەت و قوربانی":
کە هاتە تەختی "بەرانان"(١)
بەتەوسێکەوە تێی ڕوانی..!
کوا.. کوانێ؟
کەسم نەدی کە سەرتاپای
لە قوڕ نابێ!!
یان یەخەی خۆی
تا ئاودامان دادڕابێ..!
کەسم نەدی پێڵوەکانی هەر وەکو چرۆی ئەرخەوان
پەمەیی و سوور هەڵگەڕابێ!!
هۆ ئەوانەی..
شیعرەکانی کامەرانتان

(١) بەرانان: ناوی شاخێکە لە ڕۆژئاوای سلێمانی.

وەکو فیشەک..!
بەناحەزانتانەوە ئەنا..
وەکو مۆری کوردایەتی..!
بۆ خۆرانان[٢] بەناوچەوانەوە ئەنا
وەکو پێناس شوناسنامە
"زەبری هۆنراوە و دیاریتان"[٣]
لە باخەڵ و گیرفان ئەنا..
گلەیی بێ سلێمانی، گلەیی
نەمدی بەدرێژایی ڕێگە..
خەڵکی هەر وەکو شۆڕەبی
ئەم بەرەو بەر کڕنوش بەرن..!
بۆ سەر خێڵی شیعری کوردی
تاقم تاقم کۆتەڵ بگرن
بەشانی قوڕاییەوە..
تەرمی پیرۆزی هەڵبگرن
گلەیی بێ سلێمانی،
گلەیی بێ ئەی خەڵکی شار..!
ئەی دایکانی جگەر سووتاو
ئێوە نەبوون؟
لەگەڵ شیرداو خەیار چەمەر
شیعری ئەوەتان دا بەمنداڵ
هەتا کە کەوتە گاگۆڵکێ
بەکوردی بێنە گڕوگاڵ

(٢) خۆرانان: فیز.
(٣) زەبری هۆنراوە و دیاری ناوی دوو دیوانی کامەرانن.



هۆ، لاوانی
سابوونکەران، بەرخانەقا
ئێوە نەبوون!!
شیعری ئەوتان کردە توێشوی
سەفەری مەرگ!
وەکو نووشتە، وەک چاوەزار
باز و بەند و حەمەیاڵ
هەڵتان کێشا،
لە مەچەک و ناوشان و باڵ
نۆردوو[٤]ی بردی ناو ئەشکەوت و
پەنا گابەردی پاڵ
ئەی کچانی
"توی مەلیک، ئەزمڕ، عەقاری"
ئێوە نەبوون؟
هەر بەهەڵبەستەکانی ئەو
بۆ خۆشەویست و دەزگیران
ئەتان نارد نامەی دڵداری..
گلەیی بێ سلێمانی.. گلەیی..
***
ئەم دی ژنان پرچیان ببڕن
پەلکەیان بکەن بەبازن..!
تا حەو ڕۆژە
پیاوان شانیان لە قوڕ نابێ
زین و کەڵپۆزی سوارەیان

(٤) نۆردوو: نانی پێچراوە.

بەعورفی ناو خێڵانی جاف..!
بەئاوەژوو!
لەبەر ڕۆژا
لەسەر پشتی ئەسپ نابێ.
***
گلەیی بێ سلێمانی
ئەوەی یەکجار بەڕێزەوە
سوژدەی گەورە و پاک و گڕ
لەڕێ،
قەڵاکەی هەولێر بوو
گیانی گیو و حوزنی و حەللاج..![٥]
لەوێ
گڵپەی بابەگوڕگوڕ
تیشکی ئەسیری و شێخ ڕەزا ..!
لێرەش،
لووتکەی بەرزی ئەزمڕ
لووتکەی
کەشتییەکەی نەجمەدین مەلا
بەشەرمەوە سەری ڕێزیان
لە خزمەتا دائەنەوان
هەر لووتکە و گڕ
ئەمەکداربوون، ئەویان ناسی..!
تێگەیین لە ڕاز و خواسی
بەسوژدەوە سپاردیان..
بەباوەشی گردی سەیوان

(٥) حەللاج، مەبەست (ع، خ، م)ە، لە چلەکەی کامەراندا خوێندرایەوە.



پیرەمێردیان ئاگادار کرد
سالم، مەحوی، هاوڕێی گۆران
ئەوان کۆتەڵیان بۆ ساز کرد
بەدەستووری دنیای ژێر خاک
بەپەیڕەوی پیر و پیاوچاک
بەیاسای ژێر شیعر و ئەدەب
لە زیندوویان ئەگرت غەزەب..!
لەبەر ترسنۆکی و "ڕیا"
لەبەر هەڵپە و ناوی دونیا
هەر ئەو شەوە
***
چی شەهید و جوانە مەرگ بوو..
چی میوانی کۆنی مەرگ بوو
بەدەودەوە..[٦]
کردیان بەشایی و میهرەجان..!
بۆ میوانی جوانەمەرگی گردی سەیوان
هاوار کرا..
بوو بەتەقە بوو بەهەرا ..!
"خوای" شیعر هات..
ئەفسەرێکی ڕێگەی خەبات
پەیامبەری شیعری کوردی
شای هۆنراوە
مامۆستای سەلیقە وردی..!
***

(٦) دەودەوە: مسابەقە.

پیرەکانیش دڵتەنگ و مات
بەکفنی وەک بەفرینەوە
خوڕ خوڕ گریان
بۆ تەمەنی کورت و، پڕ ئەرکی
بەرز و پیرۆزی کامەران..!
وتیان: دڵی سەربازێک بوو
کە وەکو شووشە شەقی برد
بۆ خاکی ڕەنگین و جوانی
نەتەوەی کورد..



## ژیان و مردن

ژیان ئەڕوات لە تاو ئازار
(هیوا) دەرگای لێ ئەتەنێ.!!
پەیام ئەبات ژیری (ڕزگار)
تا.. ئازادی پێ بسەنێ..!
بەڵام بیری پوختی هوشیار..
ئەدایە بەشادی تەمەنێ
بۆیە مرۆڤ بۆ (بەختی یار)!
بەمردنیش پێئەکەنێ..!!

ئەم پارچە شیعرە لە بەرواری ١٢/٤/١٩٦٧دا نووسراوە..

# خەونی سوور

خەونی پەمەیی سالآنی
ڕابردووم بووی
خەیالآتی بەشەوارەی
بابردووم بووی
لە هەر گۆشە ئاوڕدانم
تارماییەکەی..
پیرۆزەیی گلێنەی چاو..!
کە هەر ساتێ چاو نووقانم
وێنەی تۆم ئەهاتە بەرچاو
لە گوڵەهێرۆ
لە چوارچێوەی چاویلکەکەم
لە توێکڵی پرتەقاڵا..!
لەسەر گۆشەی مەکتەبەکەم
لە خانەی دووەمی پاسا..!
لە ملوانکە[١]ی دایکی هاڵا
لەسەر چرکەی سەعاتەکەم
لە دوای چارەک!
لە دیوار ستوونی شەقام
هەر ناوی تۆم هەڵ ئەکران
خەوی سوورم، خەونی سەوزم

(١) ملوانکە: ئەفسانەیەکی کوردەوارییە.



ئەشکی ئێشکی بەوەنەوزم..
ئەوسا هەنگی حەزی شێتم
برسی و نەوسن
زۆر چلێس و ژەمەن بووردە
بەدوای شیلەی سێوی کوڵمت
پەتی پچڕی و بەلەسەبوو
پەپوولەی سەرنجی نیگام
بەچەشنی باز
چەشەی بریقەی چاوت بوو
وەک ئەشقی ڕووت![٢]
بۆ پارێزی هەڵی (ڕێ)ی تۆ..!!
کوڵەی ئەگرت.
ئەونە حەزم لە قژت بوو
بوومە ئاشنای هەور، شەنگەبی
ئەونە ئەشقی گەردنت بووم
بوومە شەیدای کەڵەکێوی
کە ئەمبینی مەمکەکانت
وەکو (نۆما)[٣]ی سرک و یاخی
لە ناو مێرگی سەوزی سنگدا
بەشێنەیی ئەلەوەڕان
نووکی تیژی گۆی هەردوو مەم
وەک دەنووکی کەوی کوێستان
سوخمە و سووتیانی ئەدڕان

(٢) ئەشقی ڕووت: ئاشقە ڕووتە.
(٣) نۆما: جوانوو ومایینی نەگیراو.. پشت نەکراو.

جا.. دەنووکی لە پەڕەی دڵ
لە بینایی چاوم ئەدان
ئەوسا گیانم ئەبووە مشتێ..
سەوزە گیای ونجڕ ونجڕ
لەبەر سمکۆڵی. جوانووەکان
ئەی خەوی سەوز
ئەوسا باڵات لە پانتۆڵی
چارلستۆنا
دوو نەمامی سەرچنار بوون
سەدان دڵی هەڵچووی وەک من
پووشی هێلانەی بۆ ئەبرد!
گەرای سەودای تیادا ئەنا
چەندان ماسی لە کانییەکەی
بن چنارا..!
بەمۆسیقای شڵپەی سەما
مەلەی مەرایی تیا ئەکرد!
ئەوسا دڵت وەک دەریا بوو
هێمن و قووڵ هەر دەریاوانێکی ئازا
لەنگەری گەرمی تیا ئەگرت!
چاوت کانی بەر خۆرەتاو
خەڵکی دەستنوێژی لێ ئەگرت!
بسکت ڕێحانەی کوێستانی
بۆنی میسکی نافەی سارای
چین و ماچین..!
چەندانی لە هۆش خۆ ئەبرد!



باڵات کۆمەڵێ لاولاوی
ڕەنگاوڕەنگ بوو
لە کۆڵەکەی سپی شووشە
تێک ئالابوو
مەمکەکانت گۆ ئەستێرە و
گۆیەکانی..
داگیرساوی وەک چرابوو
گوڵیش زەردەخەنەی لێو بوو
***
بەڵام ئێستا بەداخەوە
وێنە ژەنگی پیا ڕژاوە
بەکۆڵێ ئاه و ئاخەوە
وەک تابلۆی چرچ ژاکاوە
ناشی سازە..!
خەندەی هەمیشە پڕ قاقات
بەبێ نازە بێ ئاوازە

## بەهارە.. یاد و گۆڕەوشارێک

ئەڵێن:
(هەزارەکانیان) کوێر بوونەوە..!
فرمێسک لە چاوانت هەر ئەبارێ..!
ئەوا
جۆگەی کارێزەکەی (تاقانە گوێز)
چۆرە بڕ و وشک و برنگ بوو..
– کەچی خوێن بەشادەمارەکانتا..
هەر هاتوچۆیانە.. وەکو زوو..؟!!
ئەوەتا
چرای باڵەخانە و حوجرەکەی
(مەلای گەورە)یش کوژایەوە
– کەچی چاوەکانت بزەیان.. دێ و
زەق زەق ئەبینن!..
وەک کۆرپەی لە تاو گل و ژان
نەنووستو..
تۆ وتت:
لەگەڵ مردنی من و (کەژان)دا..
ئەم وەرزە.. پروشە ناکا..
چاڵە بەفرەکانی نسرم نزار
گۆڕەوشاری سەهۆڵ نادەن..!
چلوورە بەگوێسەبانەکاندا



هەڵناواسرێن..!
– کەچی دڵت نەیبەستووە و..!
نەبووە بەچاڵی بەستەنی..؟!
قاوبوو
لە دوای باڵاکەت..
چنارەکان نەشنێنەوە
بۆ (با)ی دار ئاوس..
شۆڕەبی پرچی شانە نەکا..
کۆرپە بۆ سروە پێنەکەنی..
تاڵی گزنگ لە ژێر قژی
هەورەوە چاوشارکێ
لەگەڵ بوڵکەی لووتکەدا نەکا و..؟
بۆی نەشنێ..!
نە چوالە ئارایشتی خۆی بکا و
نە درەختی هەرمێ گوڵاوی
مەمکی کچ بەر بداتەوە..
وتیان:
هۆزار لە ناڵە ناڵ ئەکەوێ
تاق تاق کەرەی (چوارباخ)
قوڕ و قەپ ئەکا و ئەخەوێ
– کەچی دڵت هەر تەپەی دێ؟؟!!
وەکو پەڕەسێلکەیەکی باڵ
تەڕبوو.. بەپایزەوەشت.. و
بەشیخەڵی بەر ڕەشەبای
لەشما هەڵواسراوە..

لە هێلانە (کۆلاران)..!

دوو

مێخی ٣ ئینجی ژەنگاوییان

بەئێسقانی کڵاوەی ئەژنۆتا.

داکوتا..

– کەچی تۆ هەر نانوشتێیتەوە؟؟!

سوژدە نابەی بۆ لافاوی گڕ

هەتا شەبەق بەتاریکی نەدا دڕ..!

سەرنج :

١– ئەوانەی ناو کەوانەکان.. ناوی چیا و شوێنە پیرۆز و کانییەکانی پێنجوێنە.

٢– مەلای گەورە.. مەلا "عەبدوڕەحمان"ی پێنجوینییە.

بەهۆی کاولکردنی پێنجوێنەوە نووسراوە.



## مارەیی

گیانەکەم کە تۆم "مارە" کرد

لەم جیهانە پان و پۆڕە

هیچ کلورێکم

شک نەبرد..

جووتێ چاوی کەلاشووشە و

دڵێکی وەک هەرمێ نەبێ..!

***

چاوم بۆ کردی بەنقێم..

بۆ ئاشق بەن، ئەموستیلە..!

بۆیە ئێستە سۆمام تاریک..

لە ئاستی هەموو پەرییەکدا

دیدەکانم مزمەعیلە..!!

کەسێ نابینم تۆ نەبێ..

***

دڵیش بە(کولتووری) دەرمان

بەگێسووتا هەڵواسراوە!

وەک جوانێکی یەخسیرە

کە لە سێدارە دراوە..!

ئەگەرچی پێی ڕشتووە!

(کۆڵەوژی) زەبر و شێلان

لەم کلدانەی وەرداوە

یا.. هێلانەی بەبا تێکچوو

ڕاوکەی هیچ مەلی تیا نییە
گەرای ئەڤینی تۆ نەبێ..!!

***

من ئاوا بووم! هەر واش ئەبم
ئەم چاو و دڵەم هی تۆیە
پیشەی ئاشقان ئاوایە!
هەر ئەوەندەم لە ئەستۆیە

***

دەڵێم گەڕێ بێ چاو بێ دڵ
وەکو (مزراح) بخولێمەوە
لە زێڕی خۆشەویستیتا
بەتێزابی شەیداییەکەم
دڵۆپ دڵۆپ بتوێمەوە

........................................

١– کولتوور کلدان: توورەکەی کل و دەرمانی چاوڕشتن.
٢– کیسو: زلف: کەزی.
٣– کلچوک: ئەو میلەی یا ئەو چیلکەیەی چاوی پێ دەڕێژن.
٤– کۆڵەوژ: ئەو دارە یا ئەو شیشەی نانی تەنوور پێ دەرئەهێنن.



## تەوژم

"پەخشانە شیعر"

ڕووبارێکی سەر هەڵگرتووە
لە ئێسقانی مردووەکانی
چایخانە و مەیخانە و سەر شەقامەکان
دارە مەیتێکی نەخشینی
دروست کردووە
پڕە لە کەلوپەلی مێژوو
دڕکەزیی پەیکۆڵی تیژی
خستۆتە ناو گوڵدانی چاوەکانی فریشتەوە
کاڵە و پێڵاوی لە پێستی سەری مرۆڤ
باش چنیوە
گۆچانی لە لۆکە دروستکراوی
گرتووە بەدەستەوە
ئەیەوێت
کێوی بێستوونی پێ شەقار بکا
ڕچەی جۆگەکانی لافاوی
ئاگری گڕکانەکان کۆبوونەوە
شالاویان برد و چۆکیان دادایە
سەر سینگی ئەرژنگی دێو
بوونە زرێبار
لە تەختی شارەزووری دڵی دەریاوە

هەڵقوولاون
ئای چ ڕووبارێکی سەرکێشە
نە گوێ لە ناڵەی هەورە تریشقە
ئەگرێ نە باکی لە قەڵبەزەی بناوانی
تاشەبەردە
کە خۆی ئەماڵێ بەئەمبەر و ئەوبەری
گەلییەکاندا
هەرچی پەلکە گەون و گیاکەڵە و قەرەهەنجیرە
هەموو لە بێخ و بنجا ڕاپێچ ئەکات
ئای کەڕووبارێکی لاسار و نالەبارە
ئەیەوێت
بێتە پشتێن لە قەدی
قەندیل و زاگرۆسەوە بئاڵێ
ئەیەوێت
بێتە فەقیانە و لەم لی پیرە مەگروونەوە بپێچرێ
ئەیەوێت
هەرچی کارمامزە کەسیرە کەوتووە
هەمووی دەستەمۆ و ماڵی بکات
ئەیەوێت
هەرچی حەمامۆک ماڵە کۆچیی
منداڵانە، هەمووی بڕمێنێ
ئەیەوێت
بەناو دۆڵاو دۆڵی بەمۆدا گوزەر بکات
هەرچی قەراقشک و پووشە ڕای ماڵی
بۆ ناو زەلکاوی بەرین و پان



ئای کە ڕووبارێکی نەگریسە
ئەیەوێت
هەرچی کۆنە مەرەزە هەیە
هەموویا بکات بەپەموو
وەرزێرەکان بکات بە کوڵەوەچینی
جووتیارەکان بکات بەبارگیر!
کەڵەشێرەکان بکات بە (بەور)
چیرۆکنووسەکان بکات بەسووتەمەنی
مێژوو
شاعیرەکان بکات بەبۆسۆ لە برینەوە
بسوێ!
قەڵەم بکات بەشمشێر و وشەش
بەفیشەک
پەڕەش بکات بەدۆشەکی پەڕی پەڕی
تەراتێنی لەسەر بکات
ئای ڕووبارێکی چەتوونە خوێنی دڵی ڕەگی دار گوێزەکان مەیین
بوو بەسەلکە پەنیر
خورما بوو بەدەنووکی کەو
لەباتی حەبی سەرئێشە
تلیاکمان بۆ کراوە بەدانەوێڵە
هێلکە مارمان بۆ کراوە بەڕاوکە..؟!
دەرمانی شێرپەنجەی چاوە مزگیرە
ژەهری ماری ئاشقە و ماشقەیە
بەرگی ژیشک سەرینی خەوی پەنەمووسە![١]

(١) پەنەمووس = خەوی فورس.

بێژنگی لە پێستی ڕێوی دروستکراو
کراوە بەچەتر
بەبۆمبای چاخی میتان و فیرعەون
قاچی گێرۆ هەپروونکراوی
جەنابی مێشوولە و چۆلەکە پاساری
ئەگرنەوە
لە چاڵۆکی بنێشتە تاڵی دارەبەنی کێوی
تووردا
بادەی بەدمەستی ئەخۆنەوە
ئای کە ڕووبارێکی پێچاوپێچە
ئەڵێی لەشکری تەتەر و مەغۆلی
شەبەیخونکەرە
***
دەماوەند چوو بۆ خوازبێنی ئاسۆس
ئاسۆس شووی کرد بەکوڕە کاژاو
مارەییەکەی دەشتی قەراج و
پۆیلانەکەی گردی سەیوان بوو
زنجیرەی زاگرۆس لە دایک بوو
بوو بەبناوانی ڕووبارەکە
لافاوی گڕکانی ڕووبار پۆنگی خواردەوە
گیرسا و مەیی، بوو بەیەک
دەریا سەهۆڵ.



## دوا سەرنج

سەرنجی قووڵ
دوا ئاوڕی نەزۆکی کچ
لە ڕەگی درەخت لە شنەی گیا
چۆڕ چۆڕ ئەڕژا
بنی زەوی هەڵئەکۆڵی
بەنازەوە فرمێسکی ئەچاند
ئاوڕەکەی وای ئەگەیاند.
کە ئەم ئەسرینە ئەچێنێ
بۆ دواڕۆژ سەر دەرئەهێنێ
سەرنجی تیژ لەتۆزی
زەردی کەلاوە
لە دووکەڵی تەڵخی مانوو
هی ئاگردانی ڕووخاوو
هینی کوانوو
هەنسکی کورکەی گریانی
لەسەر پشتی گالیسکەیەک
شڕ و شیتاڵی
سامانی
گەرووی نزوولەی لە ئاسمان
هەڵئەکرۆزان
شەماڵ نەرم نەرم پرچی دائەهانی

هەموو کۆڵانی شار گەڕا
بۆ ژێرخانێ دەستی نەکەوت
تا دەهری، بوو
هەرچی یەکی هەبوو سووتانی
تفەنگێکی کردە شانی!!



## بینایی چاوان

خونچە نەپشکووتووەکانی
شکۆفەیی بەرۆکی چەپ،
ئەگێڕنەوە
ئەیڵێنەوە:
لەم دەشت و کەژ و لەم خاکە
هەزاران چاخ پێش ئێستاکە
ئەستێرەیەک، برووسکەیەک
چەند دڵۆپێ ئەڵماسی سەوز
لە ناو جەرگەی تاریکستانی
ئاسمانا
لەگەڵ عیسا و لەتەک مووسا و
پیاوچاکانا
لە خزمەت بینایی چاوانا
کاتێ گەردوون ئەیدا وەنەوز
بەرەو میاندواو کشا!!
شەبەقی بەتاری شەو دا
***
لەسەر نەخشەی وڵاتێکدا
کە تخووبی کەژ و کێوی
هێڵەکانی بەدانی کوێرەمار کێشراو
کەوتە خوار

پەرژین لافاوی بورکانە
چیمەن سووژن ئەسرین پەرژین
ژیشک سەرینی خەوی گیان
شەقام خەنجەری دەبانە
گوڵی لاولاوی تێ ئاڵاو
بەتارمایی و بەخێو تەنراو
جنۆکە زا و دێوترەکی
ئەو مرۆڤەی لەم زەوییەدا
هاتنە بوون
هەر لەو ساوە
سەراسیما کەوتە تەکی
فرمێسک و خوێنیان وەک ڕووبار
بەپرتاو و بەتاو تکا
هەزاران چرۆ پشکووتن
سەدان نەمام ڕەشماڵی خست
بەو سوێراوکە لێڵ و تەڵخە
پاراو بوون و گەشانەوە
بۆیە تامی بەری سوێرە!
گوڵیش هەندێکی بێ بۆنە
ئەی ڕۆحیانەتی مردووان
ئەی لاشە و تەرمی زیندووان
لەو چاخەوە ئەم بنارە
گورگ تیایدا ئەمرخێنێ
ئیسقانی تەڕ ئەپروێنێ

* مەبەست منداڵان و قوتابیانە.



## خوێن بێ فرمێسکە.. سلێمانی

هۆ بووکەکەی تارا
لە خوێن هەڵکێشراوی
زاوا لە حەوتەدا گلاو!!
سلێمانی
تۆی دایکە میهرەبانەکەی
مەمکەکانت شیر و شەکر
بەپرچی خۆت، کوڕ خنکێنراو..!؟
سلێمانی
باوکە پشت کۆماوەکەی
دەستی ڕۆژگار
لە بەرچاوا جەرگ لەسەر بەرماڵ بڕاو..!!
سلێمانی
ئاسکەکەی شوان گورگی..!
دووجار
بەقوربانی کراو
سلێمانی
ڕاوی مێژووی شکۆی تۆیە
چ بۆمبا چ دۆزەر چ لافاو
سلێمانی

## فیزی ئەسپەشێ

کێ ئەڵێ خاک قایلە
کە شەرمەزار بێ!
یان کێو ئەیەوێ
کە ملی خوار بێ،
نەبووە داری بەڕوو کڕنووش ببا
بۆ گڤە و هاژەی ڕەشەبا
کەی بووە کەڵ
جڵەوی خۆی دابێ بەدەڵ
قەت بووە پیرە هەڵۆ،
لانەی بباتە لای نەوی!!
کەی بووە خەنجەر
کالانی کەل بکا و لووتی نەوی!
قەت بەبەستی پووش بووە،
ڕووی ڕووبار ڕوو بەهەوراز وەرگەڕێ!
کەی بەور چەشە کراوە و دەستەمۆ
کەوی ئەوێ!!
کوا لە جێی سمکۆڵ و غوبابی،
فیزی ئەگری ئەسپەشێ!
چۆن لە مزگەوت لێ درا،
ناقووس و نەی!
کێ لە مەیخانە و خەرابات



وانەی خاچ فێر دەبێ!!
کەی کەژاوەی کۆشی سۆزانی،
بڵندگۆی نوێژە، کەی؟؟!

## دوو شاعیر

دوو شاعیری کەللە شەقی زەمان
خەیام و دیلان
لەگەڵ ڕەشەبای زەوی و ئاسمانا
کردیان بەزۆران
ئەو کوشتەی مەی بوو ڕژایە زەوی
ئەم شێتی میوەی برژاوی بنار
هەردوو کە خوێنی کووپەیان
ئەخوارد
تا دوا ئەستێرەی ئاسمانیان
ئەژمارد
ئەو ژانی شەراب، ئەمیش ژانی دڵ
ئەیکردنە کۆرپەی ساوای دایکی گڵ
خەیامی شەیدا، دیلانی سەرکێش
پارشێوکەرانە، تەتەرێ نییە
بۆتان، با، هەواڵ
ڕەز و خاوەنی کووپەی پڕ، ئەمساڵ
بەژەهری ماری ئەژدەهاک ئاسا
بوو بەخۆڵەمێش
بەگڕەی سەبوون..!
مرۆڤ و ئاژەڵ درەخت و چیمەن
بوونە کۆی زوخاڵ..!!



## لە کێ پرسم!؟

ئەی مەم..
هەوێنی داستان و ئەوین
لە گەنجی.. کوردەواریا..!
کە قوڵپی مژت بەتاسەوە ئەدا
لە گۆی مەمکی چیا
بەو مژانە..
وشەی ڕەسەنی هەودات ئەرست و
لە بیری زەمزەمی دڵ..
شیلەی گەوهەریی کوردیت
بۆمان هەڵ ئەهێنجا..
لیرە لیرە هۆنیتەوە
تا چیرۆکی (پەنجا فلس)
یا (گەنجینەی مام سێوەدین)
بەچیرۆکی پڕ لە سۆزت لەودەمەدا
نەیارانت کوێر ئەکرد و لە چاڵ ئەنا..!
کە سەرنجی تیژت ئەدا
لە دارستانی سەوز و چڕ
لە قەڵبەزە و کەف و کوڵی
رووباری مار و کازێوە..!
کە ئەڕژایە دەشتی کپ.. کڕ

یا لە شێخەڵی قنجی دار بەڕوو
کە وەکو (گوردە) وەستاوە بەپێوە..!
لە گوزەرانی پڕ ئەرکی خەڵکی
زەحمەتکێش
بۆیە ئاوا..
توێ توێی جگەرت
ئەهاتە ژان و ئێش
ئینجا لە حەسرەتی کورددا
بوو بەمۆم و ئەتوایەوە..
ئەی مەم..
کە ئەندێشەی چڕت وەک پەپوولە
بەدوای دیمەن و وشەدا
ئەهاتە جۆش و ئەکەوتە گەڕان
ئەفڕی لە بنار و دۆڵەوە
هەتا پۆپەی کەژ کەژان
یا لە کوخی هەژارێکا
ئەنیشتەوە
یا لە ڕختە و توێشەبەرەی عەودالێکا
ئۆقرەی ئەگرت ئەمایەوە..
ئەی مەم
ئەو ساتەی کە تۆی تیا مردی
باڵی پەپوولە پرووزا..
لانەی مەلی چنار و بی.. بە(با) تێکچوو
هەزاران دڵ.. بەپەنگری داخا چزا..



کارمامزی خزاوی بن
مەڵۆ گەنم قاچی قرتا
بەداسی تیژ
بوو بەگوریسی بارکردن..!
پرچی کابان و پەلکەی گیژ
ئەی مەم
ئەو ڕۆژەی کە تۆی تیا مردی
هەزاران دڵ (زکر) و ڕاوێژانی ئەکرد
چەندەها زین گیانی سپارد
ئای لەو (بەورەی) لەبەر تیشکی
سەهۆڵینی مانگەشەوا..!
لە گەنجینەی کوردەواری
بۆ ئەو (زیکرە) تەسبیحانی
لە مرواری..
ئەهۆنییەوە بەپەنهانی
ڕێچکەی ملە و یاڵی ئەگرت..
ئەی گەنجینەی مام سێوەدین
نیشانەی پاکی تۆ دیارە
کە متمانەت بەکەس نەکرد..!
لە وڵاتی غەریبانا!
گیانی شیرینی بەیتە دەست
هەتاکو وەک ئەمانەتێ.. داتە دەستی
زوورگەکانی جەبەل حەمرین..!
وەک وەفای فەرهاد بۆ شیرین

لەوێڕا سەرت نایەوە بۆ یادگار
هەتا ڕێبواران نابەدڵ
ئەڕۆن پەڕەگەندە بەرەو خوار..
گوێلێ گڵی سەر گۆڕی (مەم)..!
بەدیاری بۆ خاتووزین بەرن
چونکە بەو خۆڵە سەروەرن..!
لە سارای وشک و ژیلەمۆ
لە چاوی (زینانی) بکەن
ئینجا ژانی چاو ئەشکێ و
ئارام ئەگرێ
منالآنی پێخەو بخەن..!
هۆ یارانی کاکە مەم و فەرهادی خەم
ڕەنج بەباد و خوراوی ژەم..!
مەگرین و قەت خەفەت مەخۆن
بەفرمێسک دەموچاو مەشۆن
لە هەر بن دارێ مەمێکە..
چیرۆکی خۆی تۆمار دەکا..!
لە هەر ئەشکەوتێ زینێکە
بێشکە بۆ کۆرپەی ساز دەکا
لە هەر شارێکیش شاعیرێ
شیعرە نووسێ بەیاقووتی حەسرەتی دڵ
لە هەر شەقامێ بیردۆزی
بەبەرگی ڕەش و شینەوە
ئەیچنێت و ورد ئەیدۆزێ..!



چەپک چەپک ئەیکا بەگوڵ
بۆ سەر گۆڕی سیامەند و مەمی دەبەن
تەنووری نوێی پێ دائەخەن..
بەدەوریا زەماوەنە، ڕەشبەڵەکە
شایی خەجێ و زین ئەگێڕن..!
مەرگەوەڕی پێگۆڕ ئەکەن

لە بۆنەی چلەی مەمی چیرۆکنووسدا لە هەولێر خوێندرایەوە.

........................................................

١-٢- دوو چیرۆکی مەم-ن
٣- هێمایە بۆ نەخۆشییەکەی مەم (تشمع الکبد). (بەمۆمبوونی جگەر)
٤- لە ئیلهامی شیعرەکەی مەحوییەوە.

# گرێژەنە

پێشکێش

***بەوانەی دیوارەکان ئەڕووخێنن و سنووره دڕاوەکان ئەدورنەوە..!***

***بەوانەی وشەی گەش دەرباز ئەکەن لە قەفەزی کەڵبە..!***

***ئەوانەش کە ژیان بەگوڵ لە ناو شووشەدا پەروەردە ئەکەن..!***

***بەهەردوو بیلبیلەکەم: چیای کورم***

***ڕووناکیی سۆما و بینابیم***

***تەسەلای ڕۆژ***

***پێکی شەوم***

***ئەندێشەی کاتی تەنیاییم..***

***بەوانەی دڵیان ئەکەنە زیندانی نهێنی و سنگیان ئەکەنە گۆڕەپانی ڕەخنە..!!***

***ئەم شنگ و هەڵەکووکە..***

***قارچکە..؟***

محەمەدئەمین پێنجوینی

وشەیەکی بچووک بەداوێنی ئەم دیوانەوە.. ئەمڕۆ کاک محەمەدئەمین پێنجوێنی دەنگێکی ناسراوی شیعری کوردییە و خاوەنی ڕەنگ و ڕەچەی تایبەت بەخۆیەتی. گەلێک جار شیعری ئەو دەتهەژێنن، دەتبزوێنن، ئاودیوی دنیایەکت دەکەن دنیای مل نەدان و خۆبەدەستەوە نەدانی چارەنووس و دنیای ژیان بەئومێد خواستنە.

شیعر بۆ ئێمەش و ئەویش تێگەیشتن و ئاوێتەبوونی هەڵکەوتی دەوروپشت و نەینۆکی وێنەگری دیوی ناوەوەی من و تۆ و ئەم و ئەوە. زمانی دەربڕی کەفوکوڵ و گریان و لە ڕک ڕاچوون و سەر نەهێنانە بەرە. یان بزە و پێکەنین و شاگەشکەییيە



ئەگەر بێتو ئەمانە هەبن. نەک خەرمانێک قسەی بێ سەروپا و ڕستەی شەل و گۆ و، نەک شایەتێکی نابینا و هیچ نەدیتوو.

ئەگەر
زەردەخەنەم هاتە سەر لێو بەناچاری
درۆیە..!
هەناوم قوڵپ ئەدا لە خوێن
لە ناخما چی هەیە ئەگری.

ها لەبەرئەمەیە شیعری ئەو ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵت دەژین و جووت دەبن و لە تۆی دڵ و دەروونت ڕیشە دادەکوتن و بەجێت ناهێڵن.

شاعیر خودانی گەنجینەیەکی پڕ لە (وشە)ی زمانە و بۆ وێنەکێشانی دیمەنی شیعر و مەبەست دەربڕینێ، دەستەوئەژنۆ دانامێنێ. بەوشە و ڕستەی کورت و پڕ لە مەبەست و نیشان ئەنگێو نیازی خوێن بۆ دەربڕی و گەردانە و ڕستەیەکت لە وشەی گرانبایی بۆ دەهۆنیتەوە. زمان پاراوی و تەڕ و بڕی دەربڕین ئەستوندەیەکی گرینگی بەهرەی شاعیریەتییە و دەرووی بەهرە و خەیاڵی پتر بۆ دەخاتە سەرپشت.

هەر شاعیرێک بەدمەست نەبێ
وەک (بازۆڕی)
بەدەم بەستە چڕینەوە
گیانی نەبەخشێ بەزەوی..!!
گۆڕیش نەفرەتی لێ ئەکات
بەگۆڕەوشار فڕێی ئەدات..!!

پێم وایە گلەییيەکی تا ئێستا چەند جاران لە شاعیر کرابێ و بەکەم و کورتی وەرگیرابێ، لەنگینی هەندێک جار کەم و ئاواز و ڕەزمین ناو بەناوی هەندێک لە شیعرەکانیەتی. منیش هەر ئاوەهای تێ گەیشتم، بەڵام ئەگەر گوێ بۆ شیعر خوێندنەوەی خۆی شل بکەیت ئەوا تارمایی ئەو گازندەیەت لە لا دەڕەوێتەوە و دڵنیا دەبێت ئەو شیعرانە بەخوێندنەوەی شاعیر خۆی، نە گران و نە سووکن و چ لەنگی کێشیان پێوە نییە. خۆ ئەگەر سووریش بین لەسەر ئەم گلەییيەمان ئەوا بەبڕوای من

ئەو نەرمە لەنگینە وەک (خێڵێتی)یەکەی مەحبوبەی نالی بەلای ناز و جوانیدا دەشکێتەوە نەک کەم و کورتی.

ئەو شتەی سەرنج ڕادەکێشێ، شاعیر هەنگاوێکی بەر هەستی بەباری ئەستوونی و شۆڕبوونەوەی لەم کۆمەڵەیەیدا هاویشتووە و چڕی و سفتی دیمەنی بەوشە کێشراوی ناو دیوانی ئەمجارەی لەوانی پێشووی تۆکمەترن و، شیعرەکانی بەگورجی و سانایی خۆبەدەستەوە نادەن، دیارە ئەمەش ئومێدێکی تری دڵخۆشکەری پاشەڕۆژی شیعریەتی..

هیوای پتر خۆشبەختی و پێشکەوتنی (بەهەنگاوی گورج و درێژ)ی بۆ دەخوازم..

بەدران ئەحمەد حەبیب

١- ١- ١٩٩٠ هەولێر



## ئایەتی ئاشق

هەرکەسێ هات و وتی من ئاشقم باوەڕ مەکەن
تا بەپرچی خۆی بەداری مێژوودا شۆڕی نەکەن
هەر ئاشقە و بەپرچ هەڵئەواسرێ
بەستوونی کافورینی مێژوودا ..
چەرخ قورقوشم قاڵ ئەکا
بەگەرووی ئەویندارانی هزریا نۆش ئەکا..!
لرفی بێڵی پارە..
فیسقە و هۆزار و پەپوولە
بەتۆڕی باوەڕ ئەماشێتەوە
بۆ توونی ماکینەی تەختە ئەڵماسییەکان..!
لە مەنگەنە ئەدرێن هەتا ڕۆنی لێ ئەچۆڕێ..!
بەبەزەکەی هەندێ (جەڕی) ماکینەکان
چەور ئەکەن..!
هەندێ ئەبنە سابوون دەستی پۆخڵی
ئەندازیاری چڵێس و نەوسنی نەگریسی
فڕنەکانی پێ ئەشۆن...!
هەر ئاشقە و ڕوحیانەتی پیرۆزی
بۆ ئاسمان ئەفڕێ، لەوێ ئەستێرە
ئەیکەنە تەوقە و قژی بەورشەی
وەنەوشەیی و پیرۆزەیی پێ ئەنەخشێنن..!
لاشە پواوەکەشیان ئەبێتە (خەنە)..!

کچان ئارایشتی بووک و خەنەبەندانی پێ ئەکەن..!
هەر ئاشقە و تیغی دەبانی تەوژمی سەردەم..!
دەیکاتە قوربانی
نە.. بەکل چاوی ئەڕێژن
نە.. سرکەی ئاڵی لە گەردن دەئاڵێنن..!
نە.. نوقڵ و نەباتی ئەخەنە ناو دەم..!
"هەر بن دەوەنە، کانێکە، ڕوونە، خوێن
بۆ کڵپەی نەورۆز ئەبێتە هەوێن"!
جۆگەلە خوێنە مەییوەکان بەنمێ باران
دەبنە ڕووبار..!
دامەنی کێو ئەگرن تا بێتە بەستیان
هاکا.. دەریایەکی نەوت و ئەلکول هاتە دی
چەخماخەی بەردەستێی نێر و مێ..!
شۆرت بکا و بگرێ..!
مێشکە ئاسنینەکان بتوێنێتەوە..!!



## قڵپەی زریان

شەرمەزارە وشە
کاتێ لە زار دێتە دەرێ
خولیایە بۆ هونەرمەندێ
کە زەینی پەی پێ بەرێ
***
شیعر ئەگری،
بەفر ئەگری
زەوی و ئاسمان و مەل ئەگری
ئەستێرە، پەلکەزێڕینە
هەور و ڕووبار و هەرد ئەگری
شەرم ئەکا مرۆڤ کاتێ
ئەنووسێ.. یا ئەڵێ.. ئەگری..!!
ئەگەر زەردەخەنەم هاتە سەر لێو بەناچاری
درۆیە..!
هەناوم قوڵپ ئەدا لە خوێن
لە ناخما چی هەیە ئەگری
هەست و خوێن و ئارەزووم
بوو بەقەقنەس..!
ئەوانیش دوژمنی "خۆ"
یەک بەیەک ئەگری
نە.. ئەرز ئەدوێ

نه.. ئاسمان قاپی والآیه
چ.. گۆڕەوشاری.. سووتانە..!
هەتا.. پەروەردگار نەفسی سروشت ئەگری
نییە پووشێ هەتا دەستی بۆ کەلاکەم...!
لەسەر ئەم زەوییە بێ پەروا
لە.. گۆمی خوێنما خنکام..!
هەچی.. کاوێژە وەک حوشتر
هەمووم هێناوە (جوو)..!
دادی نەبوو.. هاوار
کە.. باوەڕ زێڕ و نەوتە، داخم..!
بە.. تیشکێ گڵ ئەکا...!
وشک و تەڕ ئەگرێ..!
پەنام بردۆتە بەر ئێسقانی خۆم
ئەیخۆم..!
هەتا.. خود بێنە بوون و بەر..!
کێ بۆ کێ ئەگری..!؟
وەلی و مەولەوی و گۆران لە ناو گۆڕا
هەتا تاهیر و ئەحمەدیش
یەک بۆ یەک ئەگری

بەهۆی کیمیابارانی هەڵەبجەوە وتراوە لە گۆڤاری (بەیان)دا بڵاو کرایەوە بۆیە بەڕەمز نووسراوە



## سپرای

ئارایشتی قژت مەکە
وەکو پەشمەک (مێشی) مەکە..!
ئەی کچ تۆی شیلەی ئارەزوو
ئەی نگینی بەختی ونبوو..!
هەنگی مێشکم مەورووژێنە
پەردەی ئۆزۆنی دڵ ئەدڕێ...!
مەیگڵۆفێنە مەیهێنە ئێش
لەسەر زەمینی گیانمدا
کارەساتێ بەرپا مەکە..؟!
تۆوی توخمی بەشەڕ ئەبڕێ....!!
زەوی ئەگری ئەڵێ بەرگی تەنم دڕا..!
بەسپرای زڕکەفتینی پرچی کچێ..
***
سپرای خەست گرتنەوە
ژوانی مەرگە، هەرزەکاران...!
رۆحی بێ نرخی...!
مرۆڤە وەکو مێش..!
بەدڵۆپێ بارانی زەرد...!
خەفە ئەکا و بۆ (نەبوونی) ئەقۆزنەوە....!
رۆژێ مەلی گیانتان ئەفڕێ...!
کالآی قەلآی لە پاداشتا

لەبەر مەکەن..!

***

هەتاکو کیژ پتر بسکی "نگرۆ" بکا
بەتاقی پەلکەزێڕینە..!
درزی ئۆزۆنی گەردوونمان
زلتر دەبێ..!!
تیشکی وەنەوشەیی کوژەر...!
گزنگی "ئێکسی" ئاسمانی..
شەوقی سێکسی ئەرزی چڵێس..!
باڵی شوومی پەخش دەکا و
بۆ کێشانی گیانی کۆلۆڵ
چەشە دەبێ..!

***

ئەوسا کە گوڵ و گیا نەما
بوونەوەر گشت بوون بەخەڵووز...!
مرۆی بەهاترین کولوور بەخۆڵەمێش...!!
خاوەن پارەی سپرای زەرکەفت (دڵۆپی زەرد)...!
ڕزین لە گێژاوی تەما..!
کێ سەیری پرچی زێڕینی
بەر هەتاوی کچان دەکا..؟
کێ ئەشقی قژی (مێشاوی..!)
پڕووزاوی کیژان دەبێ...!؟

بەهۆی کونبوونی چینەکانی ئۆزۆنەوە



# بلیتی ساڵی ١٩٨٨

چوار وەرزی ساڵ
هەر من وەرزێری جوانیتم...!
بەگوڵباران هەتا ماوم پێشوازیتم
بۆ هەر کیژێ.،
جۆرە گوڵێکم دیارییە.

***

بەهاران، وەنەوشە، نێرگز
کە پێکی شێوەی چاوتە
تابلۆی بیرە نەقشی بەردە
لە یادما..
بکەونە گەڕ..
بەبۆنێکت وەکو جاران..!
کەی تۆ وتت دیاری جەژنی
سەری ساڵم، بزە و نیگان
ساڵ هات و چوو
لە (ژوانێ) زیاتر نەبوو..!
ئەی بەژن شووشە، گوڵ بەدەم
مجەوری وەلیم بۆ شەم..!
با ئەمساڵ ساڵی بەرات بێ
تێک ئالانێ لە بالات بێ..!
* پایز ڕەشە ڕێحانەی مۆر..،!

که وێنەی قژی خاوتە..
پەلکەزێڕینەی دڵ بزوێن
شەرم ئەکا، ناز ئەفرۆشێ
لە پەنایا..!
* زستان ئەی پەرییە شینەکەم
دڵم بۆت کرد بەئینجانە..!
تۆوی شیعرم تیا داوەشان
بەشەرابی خەستی ئاقیقی ئاوم دان
تا ئارەزووی تیا بنێژم...!
گوڵێک ڕوا پشکۆکەی، ئاڵ
کەچی لەسەر بەفرت دانان...!
تا بوو بەخونچەی یاقووتی،
مەیی، گرسان
وتم بەڵکو خڕۆکە سوور و سپییەکان..!
لە شادەماری ناخما
* هاوین گوڵەباخ
وەکو هەتاوی ڕوومەتت،
بۆی هەناسە تامی ماچە..!
بریقەی دێت و بێ گەردە
مانگەشەو، ترسنۆک، سەرکز
لە حەنایا..!



## تۆماری ڕەش..!

هەرکە (نیرۆن) سەرمای دەبوو
لەبەر تینی ئاگری (ڕۆما)
خۆی گەرموگوڕ دەکردەوە..!
(نیرۆن) لە ژێر خاکا ڕزی
ئەوا ڕۆما
بووە بەبووکێکی ئەوروپا...!
(کالیگۆلا) هێند چلێسی زاوایی کرد
دەرگای هەموو کۆشکەکانی بۆ ئەخرایە
سەر گازی پشت..!
کچە نەباڵقەکانی
بەخۆی لە خۆی مارە دەبڕی...!!
ئەسپەکەشی ئەندامێ بوو لە پەرلەمان..!
(کالی).! ئەمڕۆ داستانی نەفرەتییە
لەسەر شانۆ...!
بەبێ بنی گەورەبوون ژاکاوەکان...!؟
(بەهرامی گۆڕ) بەڕۆژوو بوو
گۆشتی (گۆڕ) بوو بەربانگەکەی..!
(خەیام) هەموو تاج و تەختی
ئەو سوڵتانەی
بەدێرە شیعرێ سارێژ کرد.....!!
لەشکری نێرگسی مەغۆل..

هەر جار تینوو بێ ئازووقە دەمانەوە
خوێنی ئەسپەکانی خۆیان
بەقامیشان هەڵدەمژێ...!
(جەنگیز) نوقمی زۆنگی مێژوو...!!
وا لەجغزی پەلەقاژە پەڕەی ڕەشە...!
ئەسپی ڕەسەن لە (رایسیس)دا
گرەوی خۆی دەباتەوە...!!
(هیتلەر) ویستی بەگوریسی نازیزم
گۆی زەوی بەکۆڵی کۆمیا بدا
خاچی شووم و گوریس پواو
بەزنجیری دەبابەیەک سوور هەڵگەڕاو..!
ونجر ونجر.. هەپروون.. هەپروون...!
شا عەباسی سەفەوی
هەردوو چاوە شینەکانی
کوڕی خان ئەحمەد خانی
خستە قاڵبی کەلاشووشە...!
هەتا کوڕەکەی
هەڵماتێنێکی پێ بکا..!
(یەسو ئاسکە) لە ڕقی شا
سکی خاتوو کلاوزەری لە جێ پڕ کرد...!!
(هۆلاکۆ) بەستێکی لە کتێب لە ناو دیجلەدا
هەڵچنی وەک بناوان
لاقەی هەموو ئافرەتێکی بەغدایشی کرد..!
پیت و پەڕاو لە تەک ئاودا بوونە لیتە
لەگەڵ هەڵما چوونە ناو هەور



(هۆلاکۆ) لە تینوێتی ویژداندا خنکا..!!
(رۆکفلر) سکێچی پیکاسۆی نەمری
بەملیۆنان دۆلار کڕی..!!
بۆ نەنگی لە پێشاوا هەڵی ئەواسی..!
ڕژێمی پۆڵ بۆگەنی بوو..!
(پیکاسۆ) بوو بەبلیمەتی سەدەی بیست..!!
کە هێرشی (شەوەزەنگ) هات...!
بارسای چل حوشتر (ئەدەبیاتی)
لە پێستی ئاسک نووسراوی
لە ئەشکەوتی هەزار مێرد و هەورامان
سووتاند...!
کەلەبەرێکی گەورە لە مێژووی کوردەواریا
بەدی هات و مێژوونووسانی خەساند..!
(بۆکاسا) جەرگ و دڵی منداڵی ساوای
ئەخستە فرێزەر بۆ پارشێو..!!
گڵۆپەکانی پاریس لە قێزیانا
لێی نووستن چاویان لێ نووقان..!!
لە فرۆکەخانە پۆلیس بەتاریکی
سەگی لە خۆی و خێزانی بەردان..!!
شای شاهان کە زەماوەندی ساز ئەدا
مێشکی دە هەزار تاوس ئەکرا بەمەززە
کەلافاوی غەزەبی قین هات
ئەو شاهەنشا پەهلەوییە
کونە مشکی لێ بوو بەکۆشک لەم سەر ئەرزە..!
کەروێشکی سپی تاقیگە

بوونە ماددەی ئەزموونگەری تەکنەلۆژیا
کە کاتژمێر باڵی ئەفڕێ بۆ بیست و پێنج..!!
مرۆڤ ئاژەڵ ئاسا لێ دەخوڕێ بۆ کۆز.!!
یان بۆ قەسابخانە
شوان دەمرێ و ئاژەڵ هەر زاوزێ دەکا!!
مێژوو گۆڕ وەچەی یەک یاسان
زۆردار و داماو لە خۆ دەگرن
گۆڕ گۆڕە و شاری هەیە!؟
مێژووش زەلکاو

گوڵان/ ١٩٨٩

........................................................

تێبینی:

١– هەر پارچەیەک ئیقاعی داخیلی و خارجی خۆی هەیە.

٢– گوێم بە تەسەلسولی زەمەنی نەداوە لەبەر جەمالیەتی شیعرەکە.

٣– گەلێ سەرچاوە دەخوێنیتەوە ئەوسا باش لێی حاڵی دەبی.

٤– ئەم شیعرە پێشکەشە بەدکتۆر کەمال مەزهەر و دکتۆر جەمال ڕەشید.



## ئاڵووشی زێڕ..

"میداس" بەورشەی زێڕ هاتە ئاڵووش
یوسف هی جوانی!
زێڕ دڵی "میدی" ڕەق کردە حەوجۆش
جوانیش یوسفی بەبێ تاوانی
لە بەندی خزان
ئاسن میداسی بەپەشیمانی
کردە سۆفیلکە
زیندان یوسفی بەپایەی وەحی پەیامبەر گەیان...!
نگین نەگبەتی کێ ئەزانێ چین؟!
ئەی ئایا زیندان قوتابخانەیە یاخود کەنیسە..!
ئاڵتوون قەفەزی دڵی نەگریسە..؟
یا دڵ بەرچینەی تووڵی ئاڵتوونە..!
ئاڵتوون ئەکرێ بەپەیکەری (بت)
ئەخرێتە قۆڵی ناو یەغانەوە
بەئاوریشمی چین دایئەپۆشن..
بت نایەتە گۆ هۆزانیش ناڵێ..!
مرۆڤ لە کیسەی خامەوە ئەنرێ..!
فرێ ئەدرێتە چاڵی گڵەوە..!
بەقوڕی (ئادەم) سواخ ئەدرێ
شیعر وەک هۆزار ئەهۆنێتەوە
زێڕ و پەیکەریش وە بەرهەم دێنن

بەنرخترە لە ئەڵماسی لاڵی!!
کەڕی لە جوانی پیرۆزترە..!
میداس بوو بەشا یوسف پێغەمبەر
نەگبەتی زێڕە، نگین جوانی



## چزووی تۆڵە

نابمە پەرداخ
هەرکەس هەڵسێ پێکم تێکا
بمخاتە سەر لێوی حەزی..!
کەمەستیش بوو..،
فڕێم بدا
بمشکێنێ..!!
دەبم بەشمشێری ئەڵماس
ورگی ئەژدەهاکان ئەدڕم
ئابڕوو، بڕوا،
ویژدان ئەگرم..!!
نابم بەگوڵ..
هەرچی و پەرچی، لە یەخەم دەن
لەسەر مێزی جەردەم دانێن
جانەواران بۆنم بکەن..!
پاش هەڵمژین..،
تاسە شکان
لە تەنەکەی خۆڵم دانێن..!
دەبمە چقڵی چاوی نەیار
تا نەبینێ لانە و کۆزی
بەستەزمانیم
گەزۆی شیری "هەلاهیل"م بۆ بارێنێ..!!

بینایی مزمەعیل ئەکەم....!
چرای لێزەری ڕێگەی تار...!
گەشی هەڵئەکەم
نابمە بەفر و لە ناو پیاڵەی
زڕکەفتینی بادەم بکەن
بتوێمەوە!!
دەبمە پشکۆ
گەرووی نەهەنگ
ئەسووتێنم..
ئینجا لە نوێ ئەژێمەوە!!
نابمە "هۆزار"
شاپەڕ کراوەی دەستەمۆ
بەگۆشتی خۆم چەشەم بکەن
لە قەفەسی..،
کریستاڵی جوانا بگریم
دەبمە باز و دەبمە شەهێن
دەبمە هەڵۆ..!
چاوی واشە و باز دەردێنم..!!
بۆ خۆراکی زەڕنەقووتەی
ناو ڕەز و ئەشکەوتەکانم
نابمە کەوبارِ..
لە کولەکەی کون کونم نێن
خۆراکم بێ پەپوولە و هەنگ
دواییش بمکەن بەمەزەی مەی!!
دەبمە دووپشک



قورتمی زەردەمار ئەگرم...!
چزووی تۆڵەی (تاپۆی کەوەی!)
وەک خۆڵەمێش
لە مێشکی بۆگەن و ڕەشیا
بەقینەوە ئەچەقێنم
لە ناو پێچی ژانی مەرگا
ئەیگەوزێنم..!
ئەیتۆپێنم..!!

# چاوی فڕۆکە

هەور لە خوارمانەوە
کولووە هەلاجی کراوە
خوری شیکراوەی بەر شەیە
بەفرە بۆلۆکەی باماڵی لووسە
سایەقە هێلە ساوی داوە
یا... شەماڵ دانا داناری کردبێ.
گەردەلوول ئەڵێی کفنی لە خۆی هەڵکێشاوە
لە پێینەوە فڕۆکەی نزمتر
یا (کۆنکۆرد)ی بەلاتا گوزەرکەر
وەک نەهەنگی شینە
کە لەدەریای شیرا بپژمێ...!

***

ئای سۆفییە خان
بەفرمێسکی تۆ
ژەنگی یادگارەکانم ئەسڕم...!
بەهەناسەی شەوبۆت
ماندوویی جوانەمەرگیم...!
زیندەبەچاڵ ئەکەم...!؟
گۆ خڕەکانی مەم
شیلانە ئاڵەکەی ناو مێخەک بەنی دایکم
وەبیر دەخاتەوە...!
مەزەی هەڵمژینی لێوت



تامی مزری ڕێواسی (کەلیخانە).[1]

***

هەورەکان بەیەکدا ئەچن
چەشنی دێو تەلەسیم ئەنرکێنن
وەکو من و تۆش ئاوێزان ئەبن
ئەوان "با" پەرەوازەیان دەکا
ئێمەش چارەنووس..!
دەریا ئاسمانێکی ترە...!
هەتا چاو ئەیگرێ شین ئەکاتەوە
گەمییەکان وەکو ئەستێرەن
کە بەمەلە ئەکشێن
شەپۆلی کەفچەڕێن...
کە شەپلاخەی لە کەنار ئەدا
نەیزەکی ئاسمانی ئەرزە..!
ئێمە لە بەینی دوو ئاسمانا ئەفڕین

***

لووتکەی کێوەکان
هەندێ کەسەکە، هەندێ بەفری سەرپۆشە
چەشنی جەنگەڵستانە قنج بوونەتەوە
خەریکن ڕێمان پێ ئەگرن
لێڕەواری شاخ
لە بەرزاییەوە
لە دارستانیی کاژ سامناک و جوانترە...!
شارەکان بەشەوە زەنگی چراخان

(١) کەلیخان: شاخێکە نزیک پێنجوێن.

ئەکەنە گەردانە...!
وەکو کچە قولەکانی ئەفریقان
کە مرواری لەمل ئەکەن...!
ڕێگا ڕەشماری شلەوبلەیە..
لە قەدی چیا ئالآوە..!
ماشێنەکان خاڵخالۆکەی بێ باڵن
وەکو کیسەڵ ئەخزێن
شەمەندەفەر کولە کوێرەیە...!
دووکەڵەکەی هەناسەیەتی...
***
ئێستا زانیم کە جوانی لە شیعر گرانترە
تۆ جوانیت هەیە منیش هۆزان..!
***
بەتاسووقەوەم چ زوو بنیشنەوە
تابکەوینەوە مەلەی گۆمە شیرییەکە
لەناو بەلەمی ئارەزوومانا..
سەوڵی حەز لێ بدەین هەتا خامۆشین
بەسنارەی بسکی نگرۆت
راوی ماسییە سوورکە بکەین..!
وەکو پیرەی هەمەنگوای
نەهەنگی نگین ڕاکێشین....!
***
خۆزیا دەبووینە دوو پەری سپی
لەو پەڵە هەورە زەردباوەدا
کەژاوەیەکمان دەکردە هێلانە
پەلکەزێڕینەمان دەکردە دەسرازە..!



خۆمان پێکرا شەتەک دەدا....!
***
ئای سۆفییە خان
چاوەکانت دوو ئەڵماسی سەوزی
داگیرساون..
مۆمی شەوی زاواییم
دێنێتەوە یاد
مەمکەکانت پێکی دەم پڵن
هی زینزا نۆن..!
هەر مژێکی تەمەنێکە وەحێکە.
بەئەندێشە ئەمکەنە شای پەرییان
ترۆپک بەترۆپک ئەفڕم
هەتا پۆپەی کەژ کەژان..!
کە قورسایی سەری زەرکەم(٢)
ئەنێمە سەر نەرمایی مەم
جوانەمەرگیم ئەبووژێتەوە..!
ژەنگاوستانی گیان زاخاو ئەدەنەوە
کەڕووی هۆش و نەریت ئەتاشن..!
بۆیە وا شەوارە و کەنەفتم
وەکو ماسی ژەهر چەشتەم
هەرچی خرۆکەی سوور و سپیم هەیە
بەکوورەی ئەشقی ئەمشەوت
ئەتوێتەوە
.. ئەت.. وێ.. تەوە.!!
بیرۆکەی ئەم شیعرە لە بەرزایی چل هەزار پێوە لە ناو فڕۆکەدا دروست بووە.

---
(٢) زەرکەم: زەرکەتاڵە کاڵەکی نەگەییوە.

# پێچکەی مێژوو

مناڵێکی زرنگ و ژیر
لە پیرێکی مانووی پرسی
بۆچ هێندە کز و وەڕسی؟
وتی: جگەرگۆشەی شیرین
لە چاوتا دیارە دووربینی..!
لەو کاتەی خۆری زێڕین
پرچی خاوی پەخشان دەکا و
تا ئێوارە تاریک دادێ و
لووتکەی کێوێ قووتی دەدا
تاڵیی ئارەقە نۆش دەکەین
بەرد ئەتاشین قوڕ خۆش ئەکەین
ئەرکمان بینامای هیوایە
چوون کارمان گوڵی تیایە...!
لێرە قوتابخانە و شانۆ
بۆ نەوەی من و ئێستای تۆ
دروست ئەکەین بەڕەنجی شان
بەئارەقی ناوچەوانمان
دیوتە کۆتر چڵاوچڵ
پووش دەبا بۆ هێلانە
یا پەرەسێلکەی شڵ و بڵ
بەو دەنووکە خنجیلانە



تۆزە تۆزە قوڕ سەر ئەخا
تا لانکەی پێ دروست کا
ئێمەش وا هێلانە و ماڵمان
بەبازوومان بەرهەم دێنین
بەڕەنگی دواڕۆژی ڕەنگین
بەئاڵ و مۆری ئەنەخشێنین
هەرکەس لێمان بشێوێنێ
پێچکەی مێژوو ئەیپیشێنێ..!!

# خورما

ئەڵێن کە چەجاڵ هەڵدەستێ
سواری ئەسپێکی کەحیلەی باڵدار ئەبێ
فەرمان ئەدا بە "دڵ دڵی"
لەباتی ڕیخ خوروا بکا
بۆیە خەڵکی بەچەپڵەوە دوای ئەکەوێ..



# ئەستێرەی چاو..!

ئاسمان پڕە لە ئەستێرە
هێمن و کڕ ئەجریوێنن
ڕاز و چپە و نهێنییان
بۆ یەک و دوو ئەدرکێنن
هەندێ کزە، هەندێ چاو گەش و بەخومارە
هەیە ئەکشێ ئەڵێی بارگەی شوێن هەوارە..!
حەوتەوانە، کۆ، کاکێشان..
– کە ڕۆژ هەڵدێ
تۆڕی زێڕ و زیو ئامێزیان..!
بۆ هەڵئەدا ..!
سرکن، شەرمن، داویان تاوە..!
هەموو خامۆش ئەستێرەکان
* زەویش هەر وا..
لە چاو ئەستێران جمەی دێ..
گرێی دڵی جەڕا و شەتەک
نیاز و ئاواتی "لوقمەی" گڵ
لە یەکتری حەشار دانە..!
مرۆڤ وایە دژی خۆتەن..!
هەندێ ئاوێنەی باڵانما
هەندێ زەری و فریشتەیان
لە گیرفانی چەپیان ناوە..!

– وەلێ تۆی مانگ کە هەڵهاتی
شەلاڵی ئارەقەن لەرزۆک
تارای ئەرخەوانی شەرمە..!
پەچە پۆشن چاوبەڵەکان..!
بەبریقەی خەرمانەی "رووت"
کریستاڵی ڕوو شەقارە..!
– بۆیە خونچەی دڵی سەرکێش
تاڵی قۆزاخەی ونجڕی
هەزار کلاڤەی ئاڵۆزاوە
دابێن نابێ سەرەڕۆیە
پەپوولەی مۆمی ڕووی تۆیە..!



# کولانەوە

تاسەت ئەکەم..
وەکو بەفری زیو ئامێزی لووتکەی ئەزمر
بۆ پەڵەیەک خوێنی مەییو
هەتا "بەفر و خوێنی" لێوت زەرنیقی با..!!
وەک کڵێڵەی ناو دەربەندی هەڵدێر و خز
بۆ گزنگی ورشە تیژی دەمەوبەیان..!!
کە تیشکی پیرۆزەی چاوت شەوقی بمژێ
تامەزۆتم..
وەک تاریکی سام لێ نیشتووی شەوی پایز..
بۆ ئاگری نێڵە و تینی کورەی ئیشقێ..
کە بریقەی دوڕی گۆناتی پیا بڕژێ
خەو زڕاوم..،
وەکو کۆرپەی ژەمەنبووردەی کڕ و زەڵەی
ناو جەواڵی هەرزاڵی دز..!!
بۆ دایکی هەڵتوتاوی تەلدڕکی بەر قرچەی خۆر
کە بەخەویش ختوکەی ناو ناخی بچەژێ
خەوم ژانە..،
وەکو زاوای حەو ڕۆژانەی بووک فڕێنراو
بۆ جۆلانەی سایەی گوێزی فریشتەی خەو!
بۆ کۆشی ئەو، بیرت ئەکەم، بیرت ئەکەم..!

## قەواڵە

### ١- وڵات

ئەگەر گڵی وڵات بخۆم
گوڵ لە ناو دڵما ئەڕوێ...!
بۆ هەر تەڵە وەنەوشەیەک
ژەمەنبووردەی چیای چۆڵە..!
تکێ خوێنم سەوقاتییە..!!
بەفرمێسکی یاقوتینم
نێرگزەجاڕ پاراو بکەم
ڕەنگی زەردم ئەبێتە ئاڵ..!
ئەوسا دیدەی شەکەتی جەور
بەئاسوودە خامۆش ئەنوێ
بەشنەی هەناسەی شەماڵ..!!

### ٢- کفن

بەگزنگی خۆر پرچی کەژ
گوڵاڵە نەدرووم بۆ کفن
چۆن لە ڕووم دێ؟
دۆڵ بێشکێ کوردستانم
مەزارم بێت..
بیکەم بەکەژاوەی گیانم..!؟

***



### ٣- وشە

وشە ئەگەر پشکۆ نەبێ
چۆن بەستەڵەک ئەبێتە ئاو؟
یان نەبێتە گوللە شینکە..!
کەللەی وەک "ساج" چۆن ئەسمێ؟!
وشە نەبێ..،
بەخەنجەری تیژی دەبان
نەبڕێ کەوڵی بەراز و گورگ
تەلیسمی دێو و درنج
چۆن ئەڕەوێ؟!
وەکو تەمی دەم ڕەشەبا..!!
لە ژوور سەری جوانەمەرگی
نابێتە شاهید ئەرخەوان!!

***

### ٤- هۆزان

شیعر نەبێتە کلیلە و
نەچێتە ملی مەرگەوە
وەکو بووکێ پەت زاوای بێت..!!
هیچ کەس نایکا بە سڵاوات
لە کاتی نوێژ نایڵێتەوە..!
شیعر ئەگەر سفت نەبێ وەکو ماسی
چۆن لە ناو دەریادا ئەژی
یان نەبێتە گوڵە گەنم
چۆن ئەبێتە دانەوێڵە لە بۆ هۆزار
کاتێ بەفر دائەپۆشێ هەرد و بنار..!

### ٥- شاعیر

هەر شاعیرێک بەدمەست نەبێ
وەک "بازۆری"
بەدەم بەستە چڕینەوە
گیانی نەبەخشی بەزەوی..!!
گۆڕیش نەفرەتی لێ ئەکات
بەگۆڕەوشار فڕێی ئەدات..!!

***

### ٦- قوربانی

شەهید کە گیانی مێژووە..!
ڕۆحی خۆراک و پێناسە..!
"بەتەپە موم دەستنوێژ ئەگرن..!
لە بەهەشتی مێژووی کورددا"
هەڵمی گڵکۆیان هۆی بوونە..!!
هەڵی مژن بۆ هەناسە..!
کێلی ئارامیان وەک کێوی
(قەندیل) و.. (پیرەمەگروون)ە..!
لە شکۆی سێبەریا ئەژین..!
پڕ زۆڵی گڵی سەر گۆڕیان
خونچەی گوڵ باخی گوشراوە...!
پەڕەی ئاڵە، وەکو دڵیان..!
گەش و ڕوونە
بڕوانامەی بوونی کوردی
تیا نووسراوە..!!

***



### ٧- زڵفنج

جاران شیر و حەڵوای گەزۆ
بۆ خورێنی و ناشتا بوون
شیلە لێوی بۆر ئەکردم..!
زەردەواڵە تێم دەئالآن!!
وەک بنێشتە تاڵ، وەکو زڵفنج
هەر ئەمجویی و قووتم نەدان..!!

***

ئێستە بەفر و خۆڵە ژەمم
"ویردم" کە چاوی قرژاڵە
روونە وەک سەرچاوەی ڕەوان!!

## سەرپشک..!

باڵا ستوونی بلوورین،
گەردن گەوهەر
پرچ ئاوریشم..
مەمک پێکی ئەڵماسینی لێوان لە مەی...!
پیرەمەگروون هات لاسای کردیتەوە؟!
دارەبەنی کرد بەقژی و
جووت کانیانیش بەمەمی..!
– پەلکەزێڕینەی لە مل کرد
– تۆش گەردانە؟!
مێخەکبەنی نەخشاو بەشیلان "وشەوە"..!
گیانی سروشت باری تالا..
– بوون بەسەرپشک و بەسەروەر
وتی.. مەخلووق
هەردووکی بوونکردنی خۆمن..!
ئەوا ئێستا لێم تێک چووە
کامیان هۆی "بوونە"، کام جوانە؟؟!
***



## سێ پەرستگا

**١– ئاشقەکان**

ئێوە وەک من
ئاوی ئەو کانییەی دایکتان بە "دووگیانی"
دەسنوێژی جەژنی لێ ئەگرت
کردووتانە گوڵدانەوە؟!
لە ناو شووشەی بۆنی بکەن
لە باخەڵی چەپی دانێن؟
کاتێ مردن
لەجێی گوڵاو ئاوی زمزم گۆڕی پێ ئاوپرژێن بکەن؟!

**٢– وەکو چۆپان**(١)

گڵی ئەو دێیەی لێی زاون
لە بازووبەندا هەڵگرن!
لە کاتی گیانەڵای مەرگدا
لە جێی بۆدرە و گوڵ و تەڵقین بەکفندا
بوەشێنن؟؟!
***
یا وەکو هیندییە سوورە(٢):
وردە بەردی چیاکانتان

(١) چۆپان: چۆمان، فریدریک شۆپان ١٨١٠. بلیمەتی مۆسیقای جیهانی هەتا مرد نەختێ گڵی ئەو دێیەی لێی لە دایک بووبوو هەڵگرتبوو. کاتێ مرد وەسیەتی کرد بەکفنەکەیەوە بیوەشێنن.
(٢) هیندییە سوورە: الهنود الحمر.

کردووەتە ملوانکە و "مورووەبا"!

تا لە کاتی تەنگانەدا

ترس و لەرزی سوێی ئازاری

دوژمنی خاک لە گیان و لەشتان دەربکا..؟!



## ئەندام..!

ئەو کەون بوو..

مرۆیەکی تەواو کامڵ...!

لە پاش دوو ساڵ

خەزێنەیەکیان دۆزییەوە...!

لە جامفازێکەوە پێچرابوو..!

گیان و خوێن و دوو ئەندامیشی نەمابوو..!!

## بۆكروز..!

هەر پارچەیەكی جگەرم
كە ئەبینم
چقڵ ئەچێ بەپێی گوڵیا!
یا هاڵاوی ژیلەمۆی قیر بۆ كروزی لێوە دێنێ
هەزار بزماری ژەنگاوی
بە.. گۆشتی دڵما ئەچەقێ..!
هەر بێوەژنێ..،
ئەبینم مەمكەكانی وەكو پۆڕی ئاوە ڕووتن
بەئێسقان و چەرمی سنگیا توورەكەی شۆڕ..!
هەزاران دەرزیی ئەشتەرخان
مێشك و بیرم ئەكرۆژن..!
هەر كوێستانێ ئەبینم وێڵ..!
نا ئاشنای گەرمەسێرە..!
كە ئارەقە و سوێراوكی لەش
لە جێ تەقەڵا تەریبدانی كەواكەیدا
نەخشەی كوێرەوەری ژینی
جێگا دەستی ئاسنینی
شەرمەزاریی ئەم سەردەمەی تیا نەخشاوە..!
گڵێنەی چاوی ئەبڵەقم
جووتێ.. تانەی زەنگیانەی تیا نێژراوە..!!

بۆ ئەو كوردە ئاوارانەی باشووری عێراق وتراوە كە دوای ئەنفال لە شارە گەورەكاندا ئەسووڕانەوە.. كاتی خۆی لە لاواندا بڵاو كراوەتەوە.



## ڕۆڵەم چیا..!

لە كوێ بێنم؟ مووسای گۆساغ
بەگۆچانی دەریا شەق كا و
گوزەر بكەی..!؟
فیرعەونییەكانیش هەڵلوشی..!
نەهەنگی (موعجیزە)ی وێنس
چۆن پەیدا كەم؟ قوتت بدا و
لە ناو سكیا (زكر بكەی)!؟
كوا سلێمان فەرمان بدا؟
بەئەرژەنگی بەدێو سپی
بتكاتە قەڵاندوشكانی...!
لە ئەستێرەی (كاروانكوژە)ت
حەشار بدا..!؟
یاخۆ عیسای ئاشتیپەروەر
دەستوور بدا بەتیشكی خۆر
ڕۆتكا بەرەو پشتی گاڕەش
دڵی زەویت بۆ بكا بەماڵ..!
"وەكو هاوڕێیانی ئەشكەوت"[(١)]
بەئاگا بێیت پاش سەدان ساڵ..!؟
فەرهادی كورد چۆن وەدۆزم
بەتەشووی پۆڵای سەوزەوار..!

(١) هاوڕێیانی ئەشكەوت: اصحاب الكهف.

جەرگی سەختی بێستوون بسمێ و
بۆت کا بەتاق..!؟
ئەڵێن سیمرخ لە ژێر باڵیا
هێلانە هەن..!
نایەت بتبا بۆ سەر لووتکەی
ئیڤرست و ئەڵپ و دەماوەن
لەوێ بتکا بە بەچکەی خۆی..!
تا ئەژدەها پێت نەوێرێ..!
کوا؟ (گاگارین) بۆ ناو گێژی
گەردوونت با.. بۆ ئەتمۆسفیر..(٢)
لەسەر زەوی وەدەرت خا...
ببیتە میوانی ناوازە..!
لە ئەستێرەیەکدا نەناس..!؟
"لە دڵەڕاوکی ساتارم کا و
ئۆقرە بگرم
ئارام ببێتە جۆلانەم
لەم خورپەی نیگەرانییە
لەنگەر بگرم..!"
"چیا" هەردوو گلێنەکەم...
ڕووناکی سۆما و بینابیم...!
تەسەلای ڕۆژ، پێکی شەوم..!
ئەندێشەی کاتی تەنیاییم...
چیت لێ بکەم؟ گەورە ئەبی
ترس لە تەکتا باڵا ئەکا..!

(٢) ئەتمۆسفیر: فەزای خارجی کە دەوری زەوی داوە.



لە ناو دڵما یا.. لە چاوما.. بتشارمەوە؟!
نەء نەء نەء نەء
چاوی (بڕوا) و هەر بمێنێ...
هیواگر و تەمایە هەر
دڵی بزڤێو لە گەردوون و هەندەرانا
گیانی پەیام بباتە سەر
بەچەشنی مەهدی مونتەزەر..!!

ئەم شیعرە بۆ جەژنی لە دایکبوونی (چیای) کوڕم وتراوە لەو کاتەی ٥٠٠ منداڵی شاری سلێمانی سەرنگووم کران و لە تەلەفزیۆنی کەرکووکەوە خوێندرایەوە لە کارواندا بڵاو کرایەوە..!

## تەسەوفی نوێ..!

لە ناو گەردی جەوری ژارا
لە کورەی ژیلی حەو جۆشا
قاڵ قاڵی کەن..!
بەیەک دڵۆپ زاخاوی تیژ!!
ورشەی پتر بریقەدارە..!
لە ناو مس و زیو و زەڕدا
مووشە دەمەی ڕەبەنی "جوو"!
بەجۆشا و جۆش بیڕەمێنن
بەدوو دەستی ژەهر و هەنگوین...!
زەنگ زەنگی کەن
هەر کات تۆزێ خۆر لێی بدا
ڕەونەقی پرژەی سوورمەی چاو
ئەڕوشێنێ و سۆمای ئەبا..!!
با سۆزانیش
بیکەنە گەردن و.. پەنجە..،
جەلاد بیکات بەکاتژمێر
بەدارجگەرە ...
پاشا بیکا بە گۆچان و خەنجەر و
چەرخ..
نووکی درزی دەرزێ بدا
وەک ئاو و ڕۆن جیاواز دەبن...!



لەو ناو قیر و لە بنێشت و
ژەهری مارا..
لەل دەرمانی حەو دەرمانەی
جەرگ بڕین..!
هەروەکو هەویر بیشێلین
بەیەک (تیژاو) بەفری سەر کێو!!
لە ژیلەمۆی خۆڵەمێشی گڕی کلا
دەنووکی کەو سوور بێتەوە...!
نوژدار بیکا بەمێخی پەرچی
ئێسقان..
بۆرژوا بیکەن بەددان!!
بۆ گاز گرتن لە مەمکی کچ..!
نرخی پلاتین و ئەڵماسی بەکلورە بەرەواجە
(بۆرسە)ی بازاڕ
نەختی یار بێ و دەرفەت بدا..!!؟

## وەرزەکان چاویان ئەڕێژن

**کلدان**

هەردوو چاوم هاتۆتە ژان
کز ئەسووتێ وەک بزووتی
ژێر ڕەشماڵی خێڵە ڕەوەند
– نەما (حەکیم) داوودەرمان
من پەلی بۆ نەهاوێژم..
راخەرم دڕک و پەیکۆڵە
سەرینیش وردە شووشەی تیژ..
پۆپەشمینم چەرمی ژیشک بەئاوەژوو..!
– وتیان چاوت برێژە بەکل
شیفات بۆ دێ درەنگ... یا .. زوو
– کولتوورێکیان لە بۆ هێنام
پڕتەقاڵی..
سەرنجم دا ..
مەمکەکانی دەزگیرانم خۆش کراوە
وەکو پێستەی دەباخانە..
– بەو خاڵەی بەگاز بۆم کوتا ..!!
بەهەوەسی هەرزەکاری..
ناسیمەوە..!
– کلچوکێکی سەدەفینی باریک و لووس..!
ئێسکی ئەنیژکی کچی بوو..!



داتاشرا بوو..
وەک چلوورە..!!
– دەرمانەکەشی
خۆڵەمێشی سووتووی دایکم..!
وا .. هاڕراو بوو..
ئەتوت باڕووتی تاپڕە..!!

***

بەیەک دوو ژەم
ژانی شکا تەسکینم هات
کەچی چاوەکانم.. کوێربوون..!!
چونکە بەم دەرمانە فێربوون

**بۆران پێچ..**

کڕێوەی خێو ڕاوی ئەنایین..
هەراسان و هەناسەسوار..!
ئەشکەوتی چارەنووسمان بوو..!
سەرما وەکو (هینی!) هەلاج
هەڵلەرزینی پێمان بەخشی..
دانە چۆقە وەک برێشکە..
– دوو بەردم خێرا لێک خشان
گڕ گڕپەی کرد..
پەلم کوتا بۆ کۆتەرە بۆ چلۆسکێ..
– ئەوە باسکی منداڵێکە..!
بەدەستمەوە بووە بەچیلکە..!

**گەماڵ..**

دوو گەماڵ پێکرا هەڵپژان

بوو بەهەرا ڕۆمەڵ خەزا..!
تەپوتۆزی گەردەلوولیان
وەک منارە ڕوو بەئاسمان..!
– کە چووین ناوبژییان بکەین..
پەلی مناڵێکی حەوت ساڵە..!!
خڕکاڵەکی زرکە تاڵە
لە ژێر کەڵبەی زلەکەدا بوو..!
دیارە نەریتی (هێز) وا بوو..!!

**چاڵە بەفر**

گەرما وزەی لێ بڕیبووین..
قوڕگ، برنگ پەلاس
لە گۆ کەوتین..
بەگاڵکۆڵکە پڕمان دایە چاڵە بەفرێ
لە پێ کەوتین..
بەچنگ بەفرمان هەڵئەکۆڵی
کە نواڕیمان..
دایک و دوو مناڵی ساوا
لە ژێر بالا
وەکو پەپکەی مریشکە بەکڕ..!
بووبوون بەیەخ..!
ڕەچێنرابوون بۆ پاشەڕۆژ..!
لە ناو فرێزەری سروشتا..!
بەهەرەسی تووشی زستان..



## گرێژەنە..!

**(کە لاشیپانی گیان لە گرێژنەی لەش ئەترازێ**
**ئەستێرەکانی تاریکەشەو دێنە وەلام..!!)**

**شەو**

ئەڵێن: شەو قەلای مێردانە
من یەخسیرێکی هەلاتووم
پەنام پێ هێناوی..
هەتا نهێنی خەمەکانت تیا بنێژم!
خەم لە دڵما چەکەرەی کردووە..
نهێنی وەک هەرێز سەوز بۆتەوە..!
دەستم دامانت ئەی شەوگار
ئەمەوێت ئەمشەو ببیتە باوانم
داخی دڵمت بۆ هەڵڕێژم
خۆم وەبەر تاریکستانی تۆ ناوە!
بەڵێ شەو قەلای مێردانە
بۆیە لە تاریکی.. تا.. بیرم دادەگیرسێ
لە شەوەزەنگ.. تا.. دڵم ئەبێتە چل چرا..!
هەتا تۆ.. پتر ببیتە توونی قوولی ڕەش
من دەبمە بەفری سەرپۆشی لووتکە
تۆ و دەریای ئەموستە چاوت
تۆ و.. گەردوونی سیا ڕاوت!
خەمەکان لە ئامێز بگرە

له بێشکه و جۆلانەیان نێ!
به دەسرازەی (نەیزەک) بیانجەڕێنە!
چوون ئەمانە بیلبیلەی چاومن
کۆرپە و هێز و هەناومن
شانە هەنگوینی تەمەنمە
شیلەی هەموو تەمەنمن
ڕەنج و گەنجی بیر و لەشی داخکراوی
هەزار جارەی ڕەنجاومە
هۆ شەو! هۆ شەوگار!
کۆشی دایک.. تاکە دڵدار
تۆ مەرگی پڕ شکۆی گشت ئەوانەی
گیانیان دایە دەست سام و (جەلالەتی) بەرزت..
جێم مەهێڵە.. لەم گەردوونە بەرینەدا
بەگێژەڵووک لوولم بدە و
لە تارمایی تۆقێنەری غیرەتتدا
ساتارم کە..
بمسپێرە بەسامناکی نێو قووڵاییت..!



## هۆ ئەستێرە

ئێوە شایەتیم بۆ بدەن
ئێوە لە سەرتاپای خەڵکی و
هەموو شتێک خاوێنترن.. بڵندترن
ئێوە هێشتا
پرژەی چەپەڵی (ئێیدز)ی مرۆڤتان
پیا نەپرژاوە..
ئیوە بیلبیلەی چاوانن
ئێوە خواوەندی شەوانن!
لەو سەرەوە.. تاوانباران
هەموو بەنزمی دەبینن
تاوانباران.. لە ئاوێنەی چاوانی ئێوەدا دیارن
ڕەوشت بەرزان وەبەر تیشکی زەڕەبینتان
کەوتوون
گەواهم بۆ بدەن!
کە من شاگردێکی ئەڵقە لە گوێی (حەللاج)م
کە من کۆت و سندمی ئەشقێ لە گەردنم ئاڵاوە
هەتا لووتم لە بەردی (ئەلحەد) نەدا، داناماڵرێ!
کە من ئەشقێ لە خوێنما هەڵدەقوڵێ و دەکوڵێ
هەتا نەڕژێ و زەوی پاراو نەکا.. دانامرکێتەوە
کە من سۆفییەکم.. بەخوێن دەستنوێژ دەگرم!
"ئەستێرە گەورەی شای ئەستێران

دادمه له دەست خوای جانەوەران"
گیانم کە لە لەش جیا ئەبێتەوە
بۆ کۆشی ئێوە سوێی ئەبێتەوە
گیانم ئاشقی ئێوەیە
هەڵی کێشن بۆ لای خۆتان
سوێندتان ئەدەم بەتیشکی ڕۆژ و مانگ
لێتان دەپاڕێمەوە..
توو.. مەرگی حەوتەوانان
توو.. پرچی ئایشێ و فاتمێ
توو.. نامرادیی مەم و زینێ
توو.. خوێنی گەشی سیامەند و خەجێ..
توو.. جوانی و پاکی یوسف و زولەیخایێ..
توو.. بەژنی باڵای بارام و گوڵەندام
توو.. شەیدایی وەلی و بێ باکی شەمێ!
چەشنی ئەزیا
وەک جوانەمەرگ.. مەسیح ئاسا
ڕۆحیانەتەکەم هەڵکێشن خێرتان ئەگا
ئەی دڵدارە دێرینەکەم!
کاروانکوژە!
ئەگەر نامبەن..
بەورشەی تیشکی (لێزەر)ت
ئەم جەخاری دڵەم بمژە
ئەڵێم: گیانم ببەن! گیانم..
نەکەن هەرگیز نەخڵەتابن
لاشەم کێش کەن..



تەنم زادەی توخمی زەمینە..!
پڕ لە تۆڵە و ژەهر و قینە
نەکەن ڕێگە بدەن جارێ
(ئارمسترۆنگ)ێ یان (لۆنا)یێ
پێ لەسەر چاوانتان دانێ..
با (ڤایرۆس)ی زمانە ماری ئەم بەشەرە
ئەم مێشکە (پێفوو)ە بێ فەڕە..!!
نەگاتە عەرشی بێ گەردتان
با ئایدزی جنسی ئادەم
نەگاتە لای ئاشیانەتان..!
ئەستێرەکان..!
ئامان شەوگار..!
زەوی پڕ لە جانەوەرە..
زەوی هەمووی جانەوەرە
ڕۆحم کە لاشەی سێ تەلاق ئەدا
پەنا بۆ شەو و ئەستێران ئەبا

**تێبینی**

١– ئەم چامەیە هۆرەی سۆفییەکی دیوانەیە لە حاڵەتێکی زۆر تایبەتیدا.
٢– پێشکێش بەڕۆحی مەولەوی و مەحوی.

## گەنجە و، شێست ساڵانە

ئەوا ئێستا
تەمەنم سیی ساڵە
دەستی لە نێو دەستمایە
سیی ساڵ تەمەنم لێ دابەزیوە
ڕۆحم
ڕۆحی مرۆڤێکی لاوە
شەرم و شۆم شکاوە
شەقام و جادە و
پارک و بازاڕ و
شوێنە توریستییەکان ئەگەڕێین
زۆر چوست و چالاکم
لەسەر سەوزە گیای
پارکەکان ڕادەکشێین
لە تیشکی خۆر
خۆشەویستی ئەمژین
بەدوای ترامەکاندا
غار دەدەین!
زۆر جار من پێش ئەو دەکەوم
دڵم وەک جاران
تەپە تەپ ناکات
دڵەکوتێم نەماوە!



لە قەراخ حەوزی
بەگوڵ ڕازاوەی پارکێکا
دەم دەنێتە نێو دەمم
وەک مەمکەشووشە ئەیمژێ
بەشاباڵی پەری
بەرەو ئاسمان ئەفڕین
دوو ئاشقین
دوو کۆترە باریکەین
دوو بازی لە ڕاو هەڵبڕاوین!
***
لە ئاوەکەدا وێنەی هەردووکمان دیارە
قەت باوەڕ ناکەم
ئەو پیاوە سەر بەفرینە.. من بم
ئەو پەرییە جوانە
قژ زێڕینە.. لە ئامێزیی گرتووم
***
لەپڕ ترپەی باڵی دوو مەل
وەئاگامان دێنێتەوە!
سەیری ئەملاو ئەولا ئەکەین
شوینەکە جێ دێڵین
لە سێبەرێکا هەوار هەڵدەدەین
***
دیارە هەندێ شتی شاراوە
لە ناخی مرۆڤدا هەیە
کە گوژم و تینی پێ دەبەخشێ
خوفیە و نادیارن!

بۆم ئیسپات بوو
کە پیری شتێکی نیسبییە
تەن و هەندێ ئەندامی لەش
(یا زاکرە)
لاواز دەبن و دەژاکێن..
بەڵام گەر ڕۆح گەنج و لاو بوو
هەرگیز مرۆڤ پیر نابێ!
ژاکان و،
کاڵبوونەوەی هەندێ ئەندام
مانای پیری نابەخشن!
من ئێستا تەمەنم
٢٥- ٣٠ ساڵانە و
وەکو زەمانی شەقامەکانی
ئەبونەواس و
پارکی زەورا و
دڵداری ئەو قۆناغە ناسکەی تەمەن و..
هاری و هاجی
ڕێگەی باخ و کانییەکانی بەهەشتی پێنجوێن
سرک و گورجم!
من لە ژیانمدا
دووجار کەوتوومەتە
ئەم حاڵەتە جەزبە گرتنەوە
جارێک.. لە عومری هەرزەکاریا
هەموو ئەندامە کاریگەر و
سەرنجڕاکێشەکانم



جوان و بەشەوق و بریق بوو
- تەن، تەمەن، ڕووخسار،
موو، پێست، چاو، زەردەخە
جوانپۆشی.. ئەمانە حەتحەتۆکە!
بۆ فڕاندنی دڵی کچان،
بەڵام ڕۆحم ژاکاو و
بێ ترووسکە بوو
ئەو عەشقەی ئەو کاتە
ئارامییەکی نیسبی دابوو بەڕۆحم
لەگەڵ کۆی ئەندامەکانمدا
مرۆڤێکی بەڕووخسار کامڵیان
دروست کردبوو!
بەڵام ئێستا.. کۆی ئەندامەکانم ژاکاون
وەلێ، ڕۆح..
هەر بەگەنجی ماوەتەوە
بۆیە وا،
وا منی خستەوە
ئەم گێژەڵووکەی عەشقەوە
یا ڕاستتر بڵێین
ئەم ئەڤینی (سەنعانییە)
ڕۆحەکەی گەشتر و
گەنجتر کردەوە!!
ئا ئەم سیحرە..
هەتا ئێستێ..
نەهاتۆتە کەشفکردن!

ئەو وزە نادیارە چییە
کە ڕۆح دەژیێنێتەوە و
ئەندامەکان
سەرلەنوێ دەبووژێنێتەوە
تەمەن بۆ چاخی
هەرزەکار خۆی دەهێنێتەوە

***

تەمەنمان (چل) و (شەستە)
٢٠ ساڵ لە نێواندایە
ئەم عەشقە
تەمەنی منی هێنایە بەرامبەر
ئەویش بەپراکتیک ئیسپات بوو
کە توانیم وەرامی
هەموو پرس و گرێکانی بدەمەوە
پرسەکانی ئەو
هی ١٥ ساڵ گرێدان و دابڕان بوو
وەرامەکانی منیش
هی ٦٠ ساڵ تەمەنی سوێ و
ئەزموون و حەسرەت و
گەڕان بەدوای جوانی و
خۆشەویستی ئەڤینێکی
سەنعانیدا بوو!
لە کۆتاییدا
هونەر بۆ جوانی و
سۆز و دلۆڤانی ئەو بوو



کە منی هێنایەوە
تەمەنی مناڵی
سیحر و جازبیەتی ئەڤین
نهێنییەکە
تا ئێستا پەی پێ نەبراوە و تاریف ناکرێ!

بەرلین – ٢٠٠٤/٩/١

## خەوێکی کورت و شەوێکی درێژ

خەوێکی کورت،
خەوێک تەزوولەی دا بەڕۆح
گەشەی دا بەمێشک و
کوژمی دا بەتەن
خەوێکی پیرۆزەی سەفەرێکی ئەفسووناوی
ئا لەو خەوەدا،
بەسواری باڵی سپی پەری بوو
چووینە ناو هەور
هەورە پەمەیی و
هەورە مۆرەکان چاوشارکێیان
لەگەڵ گزنگی خۆردا دەکرد
ئەستێرەکان..
ئەستێرەکان بەپیرمانەوە هاتن و
کەوتنە چۆپی
مانگی دڵتەنگ و غەمگین
کەوتە ناڵە و گرین
فرمێسکی شەونمی بارانە
سەر گۆنای گیا و زەمین
لە نهۆمی حەوتەم شاییەکیان بۆ گێڕاین
سەمفۆنیای جریوەی ئەستێرە و
دانسی چەخماخەی هەور
خرمەی باران، کزەی شەماڵ



شەرابی لەعلی ڕومانی
لە تەک مەزەی ماچی ئەبەخشرایەوە
ئای چ ئاهەنگێکی سیحراوی بوو
ئاسمان و ڕێسمان تێک ئاڵان
بەپرچی ئایشە و فاتمە شەتەک دراین
فوو بەنەفخی سوورا کرا
ڕووباری عەشق ئەشکی موچڕک و تامەزۆریی
ڕژانە دەریای دوو دڵی هەرمێی،
گوشراوی حەسرەتی زەمانەوە.
گوڵێ لە ڕیاڵی هەنگوینی شیلەی ژیان مەیی
خەوێک بوو..
خەوێک بوو..
بەقەدەر هەڵکێشانی هەناسەیەک
بەقەدەر دەرچوونی گیانێک
بەقەدەر لەدایکبوونی مناڵێک
سیسبوونی گوڵە لاولاوێک
یان کشانی نەیزەکێک
یان تروکانی چاوێکی گەلاوێژی
یا بزەی مناڵێکی جۆلانە
کورت _ کورت بەقەی یەک لە ئامێزکردنی
دوو دڵداری ترسنۆک
شەوێکی درێژ
بەقەی دوورایی ئاسمان
درێژ وەک ڕێگەیەکی ونبووی ناو
لمی سارای چین و ماچین
شەوێکی درێژ درێژ وەکو

چاوەڕوانی ئەڤینداری جێژوان لێ تێکچوو
شەوێکی درێژ هەتا تاڵە زێڕینەکانی
پرچی ڕۆژ دەرکەوت
هەر گێڕانەوەی حیکایەتی عەشق و
حەزی وەتەن، هی ئازادی، هی ئینسان
هی.. هی.. هی..!
خەمێکی کورت و
پەمەیی وەکو پێستی
زێڕین وەکو پرچی
بلوورین وەکو ددانی
قەترانی وەکو برۆی
پیرۆزەیی وەکو چاوی
هێمن وەک چرپەی
شەوێکی تاریک
وەک بەختم
درێژ وەک قەدەرم
لێڵ وەکو چاوم
سپی وەکو قژم
حەکایەتی خەوێک و
شەوێک تەواو بوو
منیش هاتمەوە
هیچیان نەدامێ
چەپکێ گوڵ و
چەپکێ نێرگز
مەرگتان نەبینم
هەرگیزاو هەرگیز!!



## ئەو

هەموو تابلۆکان وێنەی ئەون و!!
جوانییان لەو دزیوە..
هەر ئاوازێ دەبیستم
دەنگی ئەوە لە گوێما
هەر دەزرینگێتەوە!
هەموو شۆڕەبییەکان
لە پرچی ئەو شەرم دەکەن
دار هەرمێ و پرتەقاڵەکان
مەمکی ئەویان بەرداوەتەوە
گێلاس و گۆیژ گۆپکەکانیەتی
نە (ئینجیلۆ)..
نە (دافنیشی)
هەتا (مانی)
نەیانوێرا
نەیانتوانی
موعجیزەی وا بئافرێنن
زەردەخەنەی مۆنالیزا
بۆ بزەی لێوی ئەو ئەگری و
بەو هیوایەی کە لەو بکا
جار بەجارێ
ئەشنێتەوە و بزە ئەگرێ!

***

هەموو کیژە جوانەکانی ئەڵمانیا
شۆخی و شەنگییان لەو خواستووە
سەرسام ماوم
ئەم هەموو سیحر و
میهر و ئەفسوونەت
لە کوێ هێنا و لە کوێ بووە؟!
لە شای پەرییان لە فریشتە
یا کردگار..
بەتایبەتی
ئەم تابلۆیەی خەملاندووە
ناز بەسەرما ئەکەیت و
پێم ئەڵێی پیری!
لە خۆت پرسە
بەچ جەزبێ،
موگناتیزێ
هەست و نەست و
ئاوزت سڕ کردووە!
کە ئەو ڕۆژ بێ و
منێک بەفر
کە ئەو مانگ و
ئەزیش هەور
وەز حەلاندم
بووم بەچەن دڵۆپێ ئاو
بووم بەهەڵم
شەماڵ هەر کلوویەکی بۆ گۆشە و لایێ بردووە



لە خۆت پرسە
بەچ مافێ
چ زاگۆنێ
ئەم بڕیارەت وەرگرتووە
چۆن پیر نابم
چۆن قژم نابێ بەبەفر
چۆن ڕووم نابێ بەشەمامە و
دڵ بەکوورەی ئاسنگەران!
دەروون چۆن نابێ بەحەوجۆش
تەمەن چۆن نابێ بەوەرزی پایز خەزان
ژیان چۆن نابێ بەوەرزی گەڵاڕێزان
کە ئەو ئاوێنەیە چاوی
لە هەر تروکانێکی برژانگدا
سەد وێنەی خۆمم گرتووە
ئەستێرەکان
شەرم لە چاوی ئەو ئەکەن
کزن..
ماتن ناجریوێنن
چۆن چاوەکانم بڵ نابێ
کە تیشکی دوو گەلاوێژی
سۆمای سپێنەی بردووە!
لەو ڕۆژەوە..
کەوتوومەتە ئەم تۆڕەوە
ڕۆحم هەرزەکارێکە هار
تازە وا تامی،

ئەشقی شەمێکی تری کردووە!
ئەو (لەیلای عامریەیە) و
منیش شاگردێکی (مەجنون)
ئەو (زینێکی) دڵ بریندار
منیش (مەمێکی) پڕ چەتوون!
ئەو (شەمێکی) شەوقدارە
منیش (وەلییێکی) خەرقەپۆش
ئەو (شیرینی) ڕوو ئاوێنە
منیش (فەرهادێکم) سەرخۆش
ئەو (سەلمای) ئاخر زەمانە و
منیش پیرێکم (جزیری)
بۆیە بەدووی ئا ئەم
عەشقە (سەنعانییە)
لەم سارایە
سەری گێژم هەڵگرتووە!

٢٠٠٤/١٠/٤



## خەڵاتیی مەرگ

دەرگاکان یەک یەک
لێم کڵۆم ئەکرێ
ڕۆژژمێرەکەم لاپەڕەکانی
ئەژاکێ.. ئەدڕێ
پەنجەرەش پەردەی
ڕەش دای پۆشیوە
تۆقێنەر.. سامناک
لە شیلەی ژینم
تاڵیم نۆشیوە
ڕەنجەڕۆ، بەرباد
گۆشەی هێلانەی
هەواری دواییم
وا نوغرۆ ئەبێ
مۆمی زیندەگیم
جۆش ئەتوێتەوە
ڕۆحم لە تاوا سوێی ئەبێتەوە
تەمەن هەڵدێری هەزار بەهەزار
لەو ئاوێنەیەی گیانی تیا دیار بوو
هەپڕوون هەپڕوون بوو
چارەنووس ئاوی ئاوا ڕشتووە
ژیان خەڵاتی مەرگی گرتووە!

## وێنه

وێنەکەتم ڕەنگین کرد و
لە چوارچێوەی دڵما گوشیم
شووشەی هەردوو چاوەکانم
ساف بۆ کردیتە ئاوێنە!

ئەگەر هاتوو
گەردی لێ نیشت
بەهەڵمی دەروون ئەیماڵم
بەبرژانگم ئەیسرِمەوە
لە هەگبەی کۆڵما ئەیگێرِم
شار – بەشار و
ماڵ – بەماڵ و
جێگە – جێگە
بێ لانە خۆم
تا بەدیواریا هەڵواسم
سوژدەی بۆ بەم کاتی شەبەق
لەباتی ڕۆژ بیپەرستم
لە شەوما تۆی،
لە خەوما تۆی
شەو لەژێر سەرمدا نەبێ
قەت خەو لە چاوم ناکەوێ
تاقی میحرابی هەڵبەستم!!

بەرلین – ۱۹۹۹/۷/۲۰



## نووستن

کە ڕۆژ هەڵدێ
بیرت دەکەم
سوژدەی زەردەشتیت بۆ دەبەم
چونکە گزنگی خۆرەتاو
تاڵی قژی تۆم دێنێتە بەرچاو
کە ئەستێرەی کاروانکوژە
ئەجریوێنێ
نیگای چاوی تۆ ئەنوێنێ
کە مانگ ئاوا دەبێ و دەڕوا
ئەوسا وێڵم بەدوای تۆدا
لە تەک ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ
ئاوێتە بوو
مۆم... ئاسا تیا توامەوە
تاسە و خەم و تامەزرۆیی
شەوچەرەی (بوون)
بۆی ژیامەوە
شەو، تارماییت ئامێز دەگرم
چپەکانت لە ناو گوێما
زرنگەیان دێ
بۆنی هەناسە سوارەکەت
خونچەی هەستم ئەپشکوێنێ

هەڵی ئەمژم ئەتلێمەوە
بەو دیمەنانەوە ئەنووم/ تا بەیانی
خۆ لە نوێنەکانم هەڵئەسووم!



# ئەگەر

١

**گەر دەستەکان**

لەگەڵ دەستەکانی ترا بدوێن
گەر چاوەکان
لەگەڵ چاوەکانی ترا بدرەوشێنەوە
ئەگەر دڵ لە ناو دڵەکانی ترا بڕۆین
ئارامی و ئەڤین و ژیان
بەهەشتێک دروست دەکەن
باخچە ڕازاوە دەبن
تریفەی سیمفۆنیای پێکەنین
گوێی ئاسمان دەزرینگێنێتەوە..!

***

٢

**مانگ**

هەژارێک خەو بەمانگەوە دەبینێ
بووە بەناوساجی..
دەوڵەمەندێ خەو بەمانگەوە دەبینێ
کەی پارچەیەکی لێ بکڕێ و
بیکا بەژووری بازرگانی!
مناڵێک خەو بەمانگەوە دەبینێ
(دایکیەتی) فریشتە خەریکن ئارایشتی دەکەن

بووک و زاوا خەویان بینی
بەکەژاوە بەرەو مانگ چوون و
مانگی هەنگوینیان لەوێ تام کرد!
منیش خەوم بەمانگەوە بینی
یارەکەمە و هەوری ڕەش دایپۆشیوە

***

٣

**بەندە**

من لە ژیانمدا
کەسم ئازار نەداوە
کەچی هەموو ڕۆژ
دەرزیئاژەنم دەکەن
من لە ژیانمدا
گوللەم بەکەسەوە نەناوە
کەچی هەموو ڕۆژ
تیربارانم دەکەن
من لە ژیانمدا
مەلێکم سەر نەبڕیوە
کەچی هەموو ساتێ
ئەمکەن بەقۆچی قوربانی

***

ئایا ئەمە نزای دایکمە
لە من گیربوو!!
ئایا ئەمە دوعای دایکمە
لەسەر بزێویم لێم هاتۆتە دی!



یا من فریشتەم..
بەم ئەشکەنجەیە
گوناهەکانم لێ هەڵئەوەرێ!

***

٤

**چاو**

من گەلێ حەزم لە چاوە
کە وەک ئەستێرە بجریوێنێ
زۆر جار بوومە میوانی ئەستێرە،
جارێک دوو ئەستێرە
منیان گرتە خۆ..
کۆرپە ئاسا بەجریوەیان
لایە لایەیان بۆ کردم و
لاواندمیانەوە
بەگزنگی پڕشنگیان
شەتەکیان دام
پاش ماوەیەک
چاوان کوێربوون.. ئاوابوون
منیش لە ئاسمان کەوتمە خوارەوە..!
جارێ تر پاش سیی ساڵ
دوو گەلاوێژ منیان کردە میوان
بەشەوارەیان خستم و
دڵی زامار و فڕێندراویان دامەوە
لە ناکاو لە پەنای هەورێکی ڕەشدا
خۆیان مەڵاس دا

من مەلێکی سەرگەردان بووم
کەوتمە تۆڕی ڕاوچییەکی کارامەوە
لەو کاتەوە
من و ئەستێران شەڕمانە
ئەوان لەوێڕا
لە ئاسمانەوە
هەن بەتەوسەوە، پێم پێئەکەنن
منیش لە زەوی
شێت و حەیرانم، شین ئەکەم ئەگریم!!

***

٥

**پەلکەزێرینە**

کە پەلکەزێرینە ئەبینم
دەسرازەی پێشکەکەی دایکم
دێتەوە یادم،
کە من و خوشک و براکانمی
پێشەتەک ئەدا
کە مناڵ بووم..
ئەشقی پەلکەزێرینە بووم
زارۆک بووم
کە لەسەر لووتکەی چیا ئەمبینی
حەزم دەکرد خۆمی پیا هەڵواسم و
بچمە ئاسمان
یان ئەوە بۆ ئەمە بوو
کە لە کۆتی دەسرازە و



گۆڕی بێشکە ئازاد بم!
یان ڕەنگی بێشکە و
دەسرازە لەو وەرگیرا بوو!

***

**گۆڕ و بێشکە**

لە نێوان گۆڕ و بێشکەدا
جیاوازییەکی نیسبی هەیە
بێشکە هەوای ئازادی و
دەروونی و ڕۆحی دەکوژێ
گۆڕ تەن و تەرم و
ئێسکت لێ ئەمژێ!
کورد بۆیە کەللەشەق و
خۆخۆر و نالەبارن
چونکە لە گۆڕی بێشکەدا
گۆڕەوشار دراون!!

## قردێله

قردێله کەسک و سوورەکەی لەیلا
لەیلا زانا
بۆ بیست ملیۆن
بوو بەئاڵا
سمێڵی هەندێ سەرکردەش
بۆ ڤیزەیی،
پەساپۆرتێ، برێ دۆلار
بوو بەگسکی ئاودەستخانە!

***

**ڕۆح**

ڕۆحی من ئەفرێ لەگەڵ هەورا
هەتا ئەگاتە وڵات
بەو هیوایەی، لە ناو دڵۆپە بارانێکا
بکەوێتە شارەکەمان و
مناڵان یاری پێ بکات



## مۆم

مۆمەکان ئەگرین لەگەڵما؛
تا بەیانی
ئەوان گریان بەمن دەسووتێ
منیش دڵم بەوان
ئەوان ئەشکی بەلاڵوکی دائەڕێژن
منیش ئەسرینی وەک گۆیژی ئاڵ
هەردوو ئەسووتێین
ئەوان بوون بەشەم
من بەکۆی زووخاڵ!

**تەوقە**

کە دەستی خستە ناو دەستم؛
گوشی؛
گوشی بەتەوقە..
تەزوولەی کارەبایی
ڕژانە گیانم!
چاوی، کە وێنەی لەرزۆکی ئەگرتم
بریقەی کریستاڵیی فلاشی
سۆمای گلێنەی ئەبردم
تابلۆی بەژنی چناری شنەی هات
بۆ ئاسمانی سەرخستم
لەوێدا خودام بینی و

شاهی پەرییان
کە سوژدەم بۆ ئەبرد و ڕام دەمووسی
پەری خۆی بوو پەریخان
فلیمێ بوو بەڕووتی و بەڕەنگی
بەهەشتی دامە نیشان!



## شێت و مەی

تۆ دینیت[١] و،
من دێوانە
تۆ گوڵیت و
من ئینجانە
وەرە بڕوێ لە ناخمدا
ناخی ناخم
ڕەنگی بکە ڕەنگی باخم
چینە بکە لە سینەما
مینا کۆترە کێویلەی نەگیر!
سۆز[٢] بێت بەو چاوە جوانانەت
دڵمت بۆ بکەم بەهێلانە
شەوانیش دەمی ڕازانت[٣]
لەشم بۆت بێتە جۆلانە
سەرینت هەردوو باڵم بێت
پۆپەشمینی گوڵین لێفەت
بۆ لایە لایەی وەنەوزت
سەمفۆنیای بەزمی لەرزانە
تۆ دینیت و

---

(١) دین: شێت
(٢) سۆز: سوێند، پەیمان.
(٣) ڕازان: خەوتن.

منیش ئاشق
وا دونیا بوو بەشێتخانە
وەرە ئەی جانی جانانە
بەجووت ڕوو بکەینە مەیخانە



## ختووکە

گەر ڕووت نەبینم،
شیعرم بۆ نایە
بەیادت نەژیم،
هەڵبەست نانووسم
ئەڵێن: هۆنراوە فریشتەی هەیە
(وەحی) پێغەمبەر ئیلهامی خوایە
– وا باوە شیعر شاپەڕی پەری
ئەینووسێتەوە
یاخو جنۆکە
هەڵبەستی ڕەسەن ئەهۆنێتەوە
هۆزان بەرموور و خشڵی پەرییانە
چاوی فریشتە هێلانەیەتی
گیانی شیعری من لە یادی تۆدا
لە ناو دوو پێکی چاوانتا ئەژی
بادەی هەستی من مژەی شیعرێ بوو
لە سەیرانێکی کۆیلندا ڕژا
گزنگی بەختی پەلکەزێڕینەم
بەستەی شەبەقم شەوقی داگیرسا
لە گێژەڵووکەی پایزی تەمەن
لە تەمومژا.. لە کۆشی سەلما!

# کۆچی شاعیر

کۆچی شاعیر کۆچی سووره
لافاوی سەر بەرەو ژووره..!
چەخماخەی کۆچت کەوتە زاری شار!
شەماڵ ئەی هاورد کۆڵان بەکۆڵان
هەوار بەهەوار
بەتەنافەوە چۆغە و پشتێنی
لە خوێن هەڵکێشراو!
کاڵ بوونەتەوە وەک لیمۆی بەر خۆر
کەسێ ناوێرێ بەتیلەی چاویش
سەرنجیان بدا
ئەگەر "یارۆ"یە بەنابەدڵی ڕۆژێ
بوێرێ!!
بەو کۆڵانەدا گوزەرێ بکا
بەمۆن و گرژی ملی دائەخا
ڕووی وەرئەگێڕێ
***
ئەڵقە ڕێزەکەی دەروازەی کلۆم(١)
بەسووره مۆمی مۆرکراوه خڕ.
چەند دڵتەزێنە، مرۆڤ تۆقێنە
مەرگی وا سامناک، خێرا، کتوپڕ

(١) کلۆکردنم: داخستن و قەپات کردن.



گوڵی گوڵدانی لای پەنجەرەکە لاسکەکانی؟!
وشک هەڵهاتووه وەکو ژێی کەمان
پەڕەی وەک پەڕی پۆڕی کوژراوه
لاولاو و هێرۆ سیس و ژاکاوه..!
ئاوێنەکانی هۆڵ و ژوورەکە
گەردی لێباره، چڵک لێ نیشتوو
وەکو ڕووی بووکە ئارایشت تێکچوو!
میلی کاتژمێری ژووری نووستنت
ڕاوەستا چرکەی وەک "دڵی گەوره"!!
نرکەی لێ نایە؟!
پێنووس و پەڕە و دیوانی هۆزان
تۆز و خۆڵ دایگرت چێن چێن وەکو گیان!
"بۆنی" نایاب و دانسکە و دەگمەن
خۆی ئەخواتەوە هەر وەکو
– پیشی ناخی شاعیران..!
(سێوە چاوپانەی باخی شیرینت..!؟
زەرد هەڵگەڕاون وەکو بەهێی خەم
"شووشە" کریستاڵ کورەی ئەڤینت!
بۆ تەرمی وەلی ئەسووتێ وەک شەم!!

پایزی ١٩٩٠ بەهۆی گوللەبارانکردنی شاعیر و ئەدیبی شۆڕشگێڕ
دڵشاد مەریوانی–یەوە گوتراوە.

## دیلان

ئای کێ بێ ئێستە هاوار و فیغان
بگەیەنێتە سەر گۆڕەکەی دیلان!
بڵێ هۆ شەیدای گڕێ ڕەز و خاک
ئاوێتەی گڵە فرۆی بیروماک!
بەبەرگی سپی وەک کولۆی لۆکە
ڕوو بەرەو لووتکەی ئێلخان بکە..!
ئاوازێ بچڕە وەک نرکەی جاران
هۆزانێ بڵێ بهەژێنێ نەفس
ئایەتێ دانێ بۆ ئەزبەر کردن..!
نەوە دوای نەوە بیلێن تا مردن
(شووشە شکاوە..
شەرابی ئاقیق خوێنە ڕژاوە
ڕەز خۆڵەمێشە،
باخەوان قەقنەس..!
بەدەوری گڵکۆی چاڵە خەڵووزا؟
شەراب فڕکردن
تەلیلە و نوێژە..!
خاک والابێژە..!
خەڵتەی شەرابی کوپەی کۆنە ساڵ
وەک قوڕی خەستە
بۆ بسکی ساقی بۆ ڕەحمی منداڵ..!)



ئای کێ بێ ئێستە هاوار و فیغان
بگەیەنێتە گوێی گۆڕەکەی دیلان..!
بڵێ ئاشقەکەی کوردستانی جوان
بێ یار و یاوەر کۆسار و کوێستان
هەرمێ نارنجۆک پارێزەیەتی..!
ڕەز شەرابی ژەک ئەخوا تا بمرێ..!
دارەبەن ساچمە ئەکا بەبەری..!
گوڵە باخ برووسکە ئەدا لە سەری..!
نە قارچک دەردێ نە ڕێواس ئەڕوێ
شنگ و هەڵەکوک ئەگریجەی چیا..!؟
پەنجەی دێو سوژن، با، شانەی ئەکا..!
ئای بۆ تەتەرێ وەک (بەوری بەیان )!
رووەو (نیشاپوور)
هاوار و پەیام..!!؟
هەواڵی بۆسۆی (نالی) و شارەزوور
خورپەی تەعزیەی خەڵکی کوردستان
بگەیەنێتە گۆڕەکەی خەیام
بڵێ دیلانێ میوانی تۆیە
قورئانی شیعری کوردی ئەستۆیە..!
دەنگ و ئاواز و شیعر و هونەری
گەیاندە تەختی عەرشی (ئەنوەری)..!
مەجلیسی سەرووی (سەعدی) و (گەنجەوی)
مەر زەبری (حافیز)، (فیردەوسی توس)ی
قەڵەمی کانەوی..!
دیلانێ کۆڕ و ئاهەنگ و شیعری

کۆڕی خوسرەوی..!
دیلانێ ئێستا میوانی تۆیە خەیامی نەمر!
شاگردی خۆتە..؟!
گەوهەری دەریای بێ بنی شیعرە
ماسی ڕووبار و هی ئاوەڕۆتە..!
ئاشق و مەست بوو دەروێشی (سەبۆ)[1]
بەئەستێرەی چەرخ ئەیکرد هەڵمەقۆ[2]
ئەو ئەیویست کفنی تارای ئەرخەوان
بکاتە بەری..!
کڵاویش تاجی زەحمەتکێشی کورد بکاتە سەری؟!
ئینجا سوژدە با بۆ گردی یاوەر..![3]
هی سەیوانەکەی..!

***

هۆ ئەرخەوان
بەرگی شەفەقی سەیوان لە بەهارا
ئەی ئەرخەوان..!
گۆپکەکانت جگەری شاعیر و شەهیدە!
لە جەخارا..!
ئەی ئەرخەوان
چرۆکانت پێڵوی بووکی زاوا (ونە)!
بەفرمێسک بووی لە کاتی کۆچ و هەوارا..!
ئەمجارەیان دیلانێکە هونەرمەند

---

(١) کوپەی مەزنی شەراب.
(٢) جۆرێکی لیستێکی منداڵان
(٣) گردی یاوەر.. ناوی گردێکی مەشهورە.



شاعیرێکە پایە بەرز
تێکۆشەر، خۆڕاگری، خاکپەروەر
بیلاوێنن!
وەک ئەو ئێمەی ئەلاوان..!
بەشیعری گەش، بەئاوازی هەزار تەرز!
بیلاوێنن..!
بەسۆزی وەک ئاسۆی ئەرخەوانی
ورشەدار بێ
وەک خوێنی ئاڵ هی دڵی بریندار بێ
بیلاوێنن..
ئەنجوومەنی شاعیران و پیاوچاکان..!
قیبلە-ی شارن ئێوە لە گردی سەیوان!
کۆڕێ بگرن
وەک شەوانی بەزم و ڕەزمی (سەرچیمەن)..!
خەرمانی خەم بەبای سەدای ئەکرا شەن!
وەک ڕۆژانی ئەڵقەی ناو بەندیخانە..!
یادگاری گشت ئەو ڕۆژ و شەوانە..
نەوەک دڵی پڕ ئازاری گەرد بکرێ!
قافیەی شیعرێ (ئیقاعێکی دیلانی)..!
بەناکامی لەبار بچێ و زوو بمرێ..!
بیلاوێنن..
بڵێن دیلان تۆش هاتی؟؟
ئەو بەیداخەی ئەتویست بتپێچێتەوە!
هەڵ نەکراوە؟ دیارە نەهاتووە کاتی؟!
دیلانێکە..

ئەی سەیوان و ئەرخەوان
هەموو کوردێ وەک گوڵدان
شیعر و دەنگ و دیوانی..!
ئەلبومی زایەڵەکەی..!
وشەی گڕی هۆزانی
لەسەر مێز و مەکتەبەکەی
سەر مەشقیەتی، ئەیکاتە ناوونیشان..!

***

ئەم شیعرە بۆ چلەی ماتەمی دیلان نووسرابوو، بەڵام لێژنەی ئاهەنگ ڕێگەیان نەدا بۆ خوێندنەوەی.. لەبەر خاتری پیاوانی ڕژێم..!

* سەرچیمەن: گەڕەکێکە لە سلێمانی کە دیلان بەمنداڵی تیا ژیاوە..

* دوای سەرهەڵدان لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" بڵاو کرایەوە.

مامەڵەکردنە لەگەڵ شیعرە بەناوبانگەکەی دیلان (خەیام)دا و گەلی شتی تریش..!



## کچە گلاسنۆت

من ئەو گوڵە جوانە گەشەم
پەڕەکانم هەمووی شیعری لێ ئەبارێ
بۆنم دەریای ئەندێشەیە!!
شەپۆلەکانی نیگامە!
بەژنم!
هەزاران داستانە
بەندەکانی سیحرئامێز،
وشەکانی تەلانووسن!
دڕکەکانم چاوەزارە
برژانگ و برۆی پەرییانە..!
قارچکە مەم..!
لەودیو سوخمەی پوولەکەی شین
مژدەی بادەی زیندەگانی (خدری وێڵە)!
زەردەخەنەی لێوی خونچەم
موچڕکەی ناخ، قوڵپی دەروون
پەلکەزێڕینەی بسکانم..!
جۆلانەی خەوی یەزدانە!؟
تەنی، شووشەی کریستاڵم
ئاوێنەیە، جامی جیهانمای خێوە
ئەنگوستیلە ئەفسوونەکەی سلێمانە!
نینۆکی یاقووتی ئاڵم،

پەنجەی بلووری شمشاڵم
هەر یەک ئاوازی هوزارێ..!؟
بێشکەی دڵی ئاشقانی وەکو فەرهاد
ڕائەژەنێ..!
ئەیکاتە خەو بۆ فریشتەی بەختی یادی
پێئەکەنێ..!
ڕەزمی ڕەوتە کەوی لەنجەم!!
"سەمفۆنیای حەوتی بتهۆڤن"؟
خرنگەی دەفی کۆڕی ئەوین
ترپە و خوڕەمی بارانە!
جانتای بریقەداری شانم
کەشکۆڵ و هەگبەی شاعیران!
ملوانکەکەی دایکی هاڵە..!
منم گلاسنۆستە کیژی ئەم سەردەمە
خەرمانەی مانگی چواردە، ڕووم!
بەبێ ئارایشت وەک "شەمە!"
کوانێ وەلییە پەتیارەکان؟[١]
بەدوای حەزمانا تەی بکەن
کۆڵێژ، شەقام، جادە و کۆڵان!؟

(سکاڵانامەی کچانی شارە لە کاتیکا زانکۆ تێکچوو بوو دوای ڕاپەڕین..!)

(١) مەنزوور وەلی دێوانەیە.



## شیعر..!

شیعر ون بووە، فڕێنراوە لێم..!!
وەک خۆشەویستی!
وەکو کەژاوەی ئەڤینی نەمر
"خدر"م، "گلگامێش"، "ئەسکەندەر"، "ئەنکیدۆ"
بۆ ئاوی زیندەگی، بۆ عەشقێ ئەگەڕێم
کلیلی کلوی خەزێنەی سەرمەدی بدا پێم
لە چاوان تۆراوە چەشنی خەو
وەک "سیزیف" هی "رامبۆ"!
قوڕ بەسەر ئەو کەسەی ئەڤینی ون ئەکا!!
"سوقرات"ە، "فەرهاد"ە، "غەزالی" و "سیامەند"
ئاشقە، خولیایە، گیان لە لای خەڵاتە
بەڕۆژی نیوەڕۆ چل چرا هەڵئەکا!

***

لە دەریای سیاسەتا هەڵبەست نوقوم خۆم..!
پۆلیتێک نەهەنگە، گەوهەر و مرواری قووت ئەدا..!
هەرکەسێ هۆزان و دڵداری بزر بوو،
"داهۆڵە"! لە دەوری خەرمانا،
بێهوودە بادەی شەوانی فڕ ئەکا.
شیعری گەش کەشیلەی ژیانی ئینسانە
شیعری جوان کە ڕۆحی ڕەوانی ئینسانە
سیاسەت کانسەر و مۆرفینە

داهێنان ئەکوژێ، بیرۆکە سڕ ئەکا!

***

شیعر لام پەیام و فەرموودەی خودێ بوو

قورئانە، ئینجیلە، تەورات و ئاوێستا

هەرقل و زەردەشت و ڤینۆس و یوشیبا..!

ژەک شیری دوو مەمکی شەمامەی

ئەفرۆدێت، خاوەر و خاتوو زین، زولێخا..

دایکی خۆم (ئەنائیتا) بوو..!؟

گوڵاڵەی قسنەکەی "کابلی مەریوان"

کانییەکەی چوار باخی "پێنجوین" و "بلکیان"

زرێبار، گۆلی وان، دەربەند و دوکان بوو

چاوانی پیرۆزەی کوردستان..

خانی بوو، نالی بوو، هێمن و هەم گۆران..

"قانیع" بووم بەشیعرێ لەباتی نان و دۆ!

ساکار و دڵساف بێ وەکو کورد

مینا خۆم..!

لە سێکسی سۆزانی و سیاسەت و تەکنیکا..؟!

شیعر ڕۆ.. بۆ خۆم ڕۆ،

بۆ خۆت ڕۆ.. مەریوان!!

سەرنج.. ئەم شیعرە وەڵامی کارتێکی جەژنە پیرۆزەی مەریوان وریا قانیعە کە بەبۆنەی سەری ساڵی (١٩٩٥)ەوە بۆی ناردبووم و داوای لێ کردبووم کە ساڵی ١٩٩٥ بکەم بەساڵی شیعری جوان.
هیوام وایە سیاسەتباز و تەکنۆکراتەکان لێم زیز نەبن.

محەمەدئەمین پێنجوێنی



## تەوار..!

ئەی گەوهەرە دانسکەکەی

لە بن دەریا دەرم هێنای!

تۆ ئەو گوڵە دەگمەنە بووی

هەردوو باڵ و گرد و دۆڵم بەدوا کێڵای..!

هۆ گەنجینە شاراوەکەی

سلێمان و ئەسکەندەرم

وەی کتێبە پیرۆزەکەی

خواوەند و پێغەمبەرم!

ئەی ئاسکە بۆن خۆشەکەی

چیای کورد و سارای چینم..!

تۆ ئەلبومی یادگاری

شیرن و تاڵاوی ژینم

تەوارە گەردن بەرزەکەی..!

لووتکەی بەرزی زاگرۆسم

توێشبەرەی شەرتە شوانی!

شاخ و دەشت و لاپاڵەکەم

نەختینە و خشڵ و گەوهەری

هەزار تەرزم

قایمە و گەنجی چوار وەرزم!!

هۆ ئەستێرەی ورشەداری

ڕێنماییم!

مانگەشەوی ناو دەربەندی
کپ و بێدەنگ
تیشکی ڕۆژی ناو بەستەنی
شمشێر و هەم قەڵغانی جەنگ
بەربەرۆژکەی پایزانی..
قەدپاڵەکەم
ئەشکەوتی پەناگای پارێز
بۆ تەنگانە و هەواڵەکەم..!
تەنها تیشکی گەوهەرینت
ئەوەرێنێ خەمی سەردەم
تەنها ماچی خونچەی لێوت
شیفایە بۆ گشت دەردەکەم!!



## تەلبەن..!

ئەم تەلبەنە دڕکاوییە
لێم بۆتە دڕکی مەم و زین..!
ئەم نووک تیژە خوێناوییە
وەک شمڵی شەڕ..!
وەک مووی لووت
وەک ڕەشماری شاخ لێ ڕوواو
ڕووم لە هەر چوار پارچەی وڵات کرد
وەکو گاردەکانی سنوور
چوار گۆشەی دڵیان تەنیوە..
بەنووکی تیژی وەک دەرزی
جاڵجاڵۆکەن
سنوورەکانیان چنیوە..!
***
ڕووم کردە لای ڕۆژهەڵاتم..!
کاتێ (هەلاهیلی) خوای شەڕ(١)
ژەهری باران..!!
دڕک بەپەنجەکانمدا چەقین..!
***
رووم کردە مانگ خوارووی وڵات
کاتێ پەنام برد بۆ (تریفە)..!

(١) ئەستورەبێن بەو نیازەم ناڤە: Helahili

خار دامانەکانمی دادڕان!!
بەلێژی شاخا هەڵزنام!
بۆ بەفراوی کەللەتەزێن..
بزمارڕێژ بوون
پرشەی دڕک! بەچاو و دڵما
داکوتران..!!

***

ویستم بەپەلکەزێڕینە خۆم هەڵواسم
ئاودیو ببم.. زەویگیر بووم
بروسکی کۆپتەر و بۆمبا
بۆسۆی لە برژانگم هەڵسان..

***

بۆ هەر چوار لای پارچە دڵە کوردستانم..!
مینە، دڕکە.. گاردە.. ژەهری مارە!؟
سنوورەکانیان تەنیوە..!
دڕک تیژە، بەسۆیە وەک برین
دڕک دووگیانی یەک دڵی قاش قاش کردن!
لەسەر گۆڕەکەی مەم و زین!



# وانەی گەریلا

**١– ئەی خەڵکینە!**

خۆڵی ژێر پێی پێشمەرگەکان
بکەنە "مایەلووس"، دەرمان
وەکو دەرمانی چاوئێشە
لە چاوی خۆتانی بکەن؟!
ئارەقەی باخەڵی چەکدار
کچە نازدارەکانی شار
بکەنە ناو شووشەی گوڵاو
وەک بۆن لەخۆتانی بدەن
قژی ڕەشتانی پێ مێش کەن!

**٢– دایکی شەهید دەزگیرانی**

زاوا لە ئازاردا کوژراو..!
بەخوێنی شەهیدانی کورد
خەنەبەندانی ئازادی و
نەمانی "فاشی" پێ بکەن!

**٣– منالآن و شاگردانی قوتابخانە..!**

دەرسی شۆڕشی ئازایی
لە پێشمەرگەکانەوە فێر بن
چاو لە شەهیدانیان بکەن
ڕۆحی بێ گەرد و بەفرینیان

وەکو کفن لەبەر بکەن
وانەکانی قوربانیدان
وەکو ئایەت لەبەر بکەن!

ئازاری ١٩٩١ هەولێر

ڕۆژی ڕاپەڕینی هەولێر لە شەقامەکاندا دەخوێنرایەوە



## لە چاوەڕوانی سەلمادا..؟!

سەلما
ئەوەندە چاوەڕێ بووم
چاوم ڕوا و نەهات سەلما
ڕێگا گشتی بوو بە خار و
چەقی تیژ بوو لە ناو چاوما
وزەم بێهوودە بوو
فشاری خوێنم بوو بەسەد
وا لە ناو دڵما
هەنسکی ساردی بەدبەخت
بەرد بەئاوە..!
هەر نەهات سەلما
کە من بەو شۆخە قایل بم
ژوانم پێ دەدا و نایەت
ڕوو لە کوێ کەم قوڕی کوێ کەم بەسەر سەرما
ئەمە بەختی ڕەشە، یا
چارەنووسی بێ ئەمەک وا بوو
بەسۆزی ناسکی دڵ دەلەرزی ئەو دڵی بەربا
نازانم بۆ نەهات سەلما
پەنا بۆ مەی دەبەم مەیخانەیە یارم
هەتا بێدار دەبم دەمژم خەڵوەتی شەو بەئاهی
بەڕۆح نادا ئەبەد تەسکینی و تەسەلا
بەغەیری هاتنی سەلما

٣٠-٧-٢٠٠٤/ کۆڵن

## ئەو وەسیەتنامەیەی بەزیندوویی نەمنووسی..!

بمبەنەوە!
لەسەر باڵی سیمرخێ، داڵێ
یا سروەی شنەی شەماڵێ
لە ناو گێژەڵووکە و گەردەلوول و
لەسەر پشتی هەورا
بەتیشکی نەیزەکدا
لەگەڵ کۆچی باڵندە و مەلانا
بەپۆستی گەواڵە هەوری بەهارا
بمنێرنەوە!
بمکەنە تاڵێ لە گزنگی خۆر
بمکەنە ورشەی تریفەی خەرمانەی مانگ
هەڵمواسن بەپەلکەزێڕینەدا
گرێم دەن بەئەستێرەیەکەوە کە ئەکشێ
یا بەباڵی هەڵۆیەکەوە بەرز و دوور کە ئەفڕێ!
– با فریای پرسەکەی کەوم – ..!

***

ئەو ئەستێرانەی ئەجریوێنن
ئەسرینی منن!
هەورەکان ئەگرمێنن
ناڵە و گینگڵی منن!
ئەو بریسکانەی ئەبریقێنەوە
موچڕکەی ناخی دەروونمە!
شەپۆلی ڕەوی قاز و قوڵینگ



سڵاواتەکانمن ورووژاون!
ڕێژنەی بارانی وەشت
حەسرەتی پەنگ خواردوومە
پەڵەی داوە!
لێزمەی تەرزۆڵکە فرمێسکی ساردمە
بووە بەمرواری!
بمشێنن
– تا ئازیزان بڵاوەیان نەکردووە _
لە جانتای دیپلۆماتیکی (رووپۆشدا)
لە یەغانی ماشێنێکی باریدا!
لە پاشکۆی قەمەرەی بێ نمرەی
(مەسئولێکدا)!
یان لە توربەی لۆککراوی دۆلارا
لە ناو دەرمانی خاچی سوورا!
بەپەڕەشوت هەڵمدەنە سەر گردی سەیوان!
ئەو شتانەی گومرگ و کۆنترۆڵ ناکرێن!
لە تابووتی بزمارڕێژا بمبەنەوە
لێی بنووسن
تەرمی کەسێکی تاراوگەی زیندوو!
لە گۆڕا ئەژی بۆ وڵات!
لە تەنیشت گۆڕەکەیەوە..
بمنێژن، بمسپێرنەوە بەخاک
بەڵکە شەوانی هەینی بەدزی خواوە
خەتمێک لە پڕشنگی ڕۆژ بکەم
بۆ دایکم.. بۆ دایکم!

١-١-١٩٩٩/ بەرلین

لە ڕۆژی ١٠- ١٢- ١٩٩٨ هەواڵی کۆچی دواییی دایکمم بەتەلەفۆن لە سلێمانییەوە پێ ڕاگەیەنرا.

## مار و دیمەن..!؟

بەهاری تەڕ ڕچەی ناو گیا
کەلەبەری گوزەرکردن..!
لەپڕ لە چەقی ڕێگەدا
جووتێ ماری ئاشقە و ماشقە!
وەکو لاولاو لە قەدی چنار بئاڵێ
لوولیان دەخوارد
لە تیشکی زیوینی مانگەشەو..!
پێکی بادەی ئەشقیان نۆشی
شیلەی تەزووی لەشیان ئەخوارد..!
ئەوان لە ترسی سەرنجمان
ئێمە، ئەوان!
هەرکەس بەڕێی خۆیا..!
ئەچوو
لە ناو دەریای شینی گیادا!
دیمەنەکانیش نوقوم بوو..؟!



## دڕستان..!

دەریا کاتێ تووڕە ئەبێ
ئارەق ئەکا و خوێ ئەڕێژێ..!
ئێمە خوێکەی ئەکەینە (تام)!
یان کە ئەگری! بەشەستەباران..!!؟
زەوی بەبەرگی قەوزەیی دائەپۆشێ
ئای کە بەخشندەیە دەریا و
میهرەبانە..!
منیش کە بادە نۆش ئەکەم!
خەفەت ئەخۆم
فرمێسکی وەکو بەلاڵوک
ئەبارێنم بۆ زەمانە!
ئەگەر مەی پرژێنێ بکەم؟!
بۆ خەفەی گوڵ!
تۆوی شیعرێ ئەوەشێنم
کە شاخ ئەنەڕێنێ وەک دێو..!
ئەوە قینی بێزارییە لە پۆستاڵێ
لە پێک و نوێڵ!؟
شەوگار ئەبێتە (مامان)-ی
وەکو مریەم ژان ئەیگرێ
جا بەقودرەتی ئازار..!
یاخود بەپێچی ژانەوە
تاشەبەردێ عیسای ئەبێ..!؟

* بەندە بەدووربینی نزیک!
ئەم تالآنبرە ئەبینم
لەم چاخی کۆمپیوتەرە، نیوترۆنە!
لەم گەشتی ئەستێرە و
ناو مانگ چوونە..!
دیوانێ لە دایک ئەبێ!؟
کە زایەڵەی تووناوتوون بڕ..!
نرکەی ئەم کورە داغانە
ئەکاتە کۆڵی بای شەماڵ..!
سەرەتای وەرزی فەڕوهات
لە ڕەحمی دەریا و چیادا
ئەچەرخێنێ و شێف ئەبڕێ
(من و دەریا و کێو و شەماڵ)..!!
ئەکەینە بوون..!!
یەک سانییەک..!
هەر ئەوەیە کە ئەم کەونە
نغرۆ ئەکا و ڕایش ئەگرێ..؟!
منیش گیانی خۆم خۆش ئەوێ
لەشیشم لە لا بەنرخە..!
ڕۆحم هاندەرمە بۆ لووتکە!
بەڵام لەشم لە دووی نایەت!
لە زۆرانبازیدا قاڵم
نامەوێ گیانم کڕنوش با..!!؟
ناشم ئەوێ لەشم بڕزێ و با بیبا!
دوو دژەیەک
ئەز خۆم ئەخۆم..!!



## پایتەختی دژ!؟

کریستاڵ و مەی..!
پێکی پەی دەر پەی
ڕۆژێک بۆ ئارام
چوومە کۆشکێکی جێی بەزم و سەما
بەئاواتەوە خەمێ بەبا دەم
دەرگا بۆ بیری بەندم والآ کەم!
کە بینیم
کێلی گۆڕەکەی باوکم..!!
ساف و لووس، ڕووکەش
پێپیلەکەی لەنجەی نەرمەوڕۆی کچان..!
جێ ڕاوی ئارتێست!
لە پایە و فەرشی کۆشک نراوە
ساقی کەنزەک (ئەنفال کراوە)!
چامەی ڕوو زەردی ئەم چەرخە پووچە..!
ئەخوێنمەوە..!
بەسووتووی ئێسکی مرۆی کەللەشەق..!
نەخشی نووسراوە..!
پەرداخی بادەی مەیی فرمێسکم..!
ئاردی هارڕاوی بەردی کریستاڵ
جۆشخواردووی کێل بوو؟!
لە کورەی جەورا!

قوڕ بەسەر خەیاڵ..!
– (مەی)–ش خوێناوی ڕەزی نەکێڵراو
شار و بەرەڵڵا..!
قاچی مێزەکەش بەتاڵان لە کورد..!
مەڕمەڕ و تەلا
مەیم ژەهری مار
سەمام گۆڕەوشار!
قوڕ بەسەر خەیاڵ..؟!
مەی و کریستاڵ!!



## شەوانی ئامەد..

پەنجا ساڵە خەو ئەبینم شەو ئەبینم
ئەندێشەم ئەفڕێ بۆ (ئامەد)
شەوێ ئەبم بەگاری دەوری کەلا
دیواری ڕووخاوی دیرۆک هەڵئەچنم!
پاسەوانی (بەدەن) دەکەم
شەوێ
ئەبم بەکۆترێ بەدزییەوە..
لە پەنجەرەی (ئۆلۆ جامێ) ئەنیشمەوە
بەدەنووکم چاوی وەنەوزی خەواڵووی
فەقێ و مەلا هوشیار دەکەم!
بەشەقەی جووت باڵەکانم مینا قەقنەس!!
ئاگر لە کایی کۆن بەرئەدەم..!؟
پرسیی (جزیری) و سەلما دەکەم!
شەوێ
ئەبم بەباز بەهەڵۆ
لەگەڵ ڕوحی (شێخ سەعید)دا
دڵتەنگ غەمگین بوو تەرمی (ویداد)
دەگەڕێم..
شەوێ
دەروێشم سەرسەری
شەکەت و مەست بەسەرخۆشیی

ڕێی (کاروان)سەرا ون دەکەم..
شەوێ
لەگەڵ پێخاوسەکانی (دیاربەکر)!
سواری پایتۆنی ئەشقی خانێ
(پایتۆن) ئاژوو (پشۆ محەمەد)
گوێداری دەنگی (قازانچین)
بەبەر منارەی چوار لنگدا
بەسەر پردی دیجلەی خێرا ..
بەرەو (تاخی ئەڤین ئەچین)
شەوێ
لە سووکی شەوەتیدا
بۆ دیاری (زین)!!
من مەمێکی سەوداسەرم
زەمبیلفرۆشێکی ئەڤیندار
(ئالیش و وێڵیشێ) دەکەم
شەوێ
لەرزی سۆز گرتمی
کەشکۆڵ و دەفم لە مل دان
بەچراوگی شیر گەرجەک
مزگەوت و خانەقا و تەکیەم
ئەپشکنی بۆ (حاجی) و نالی دەگەڕام
لە قوژبنی حوجرەیەکی ئەستەموڵدا
ریشی بەفرینی نالی و سیواکی پیرۆزی حاجی
پڕشنگیان دا و درەوشانەوە!!
حالم لێ هات ئینجا گرەی (تا) بەریدام..!



ئەوا ئێستا
من میوانی ئاپێ مووسام
من میوانی ئاپێ عیسام
ئەز میوانی بێشکچی و زەکیە و لەیلام..!
گشت ئاپۆکانم خۆش دەوێ
لەسەر خوانی دیاربەکر (مانۆفێستیان)
مۆزایکە و هەریەک بەجۆرێکی ئەدوێ..
ئەوە منم ئێستە لێرە گیانم ئەڕوێ
ئەوە منم خەونی سەد ساڵەم بەدی دێ
ئەوە منم هێنکی دیجلە یەخەی یادگارم ئەشنێ!!
شەوێ
لە کۆڵانی ئامەدا
بەدوای (دیاکۆ)دا وێڵم..!
(زیلانم) دی کنجی بووکێنیی لەبەردا
تارای بووکێنی بەسەردا
پەریشانە و پەشۆکاوە
بەدوای (مەزڵوومدا ) دەگەڕێ
شەوێکی تر
بەپەنهانی
وەک ئەرکۆلۆژییێکی بیانی
بنی دڵی قەلاّم کۆڵی
بۆ مێژووی (میدیا) دەگەڕێم..!
***
نها میلیتارنێکی بێ چەکم
ڕووناکبیرێکی بێ قەڵەم..!

زانایەکی بێ پەڕتووک!
یان: سەرخۆشێکی بێ شووشەم..!
یان ئەسپێکی بێ لەغاوم
بەدوای یارێکا دەگەڕێم..!
من شەیدایەکی باشووریم
من نالیم و من حاجیم و هاتوومەتە خزمەت (خانی)
ئالآم پێیە سکەم پێیە تاپۆم پێیە
لە پایتەختی کوردستانا..!
بۆ تووڕەی ونبوو دەگەڕێم..!
بۆ مۆری باکور دەگەڕێم..!؟

ئەم هەڵبەستە ئامادە کرابوو کە لە فیستڤاڵی دیاربەکردا بخوێنرێتەوە، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تەکنیکی نەمتوانی ئامادە بم.. هەرچەندە ئەتمۆسفیری هەڵبەستەکە وایە کە خۆم لە ئامەد ئەیخوێنمەوە.. فیزەیان نەدامێ.

٢٠٠٣/١١/٢١



## بیابان (عەرعەر)

ئەی ڕێبوار
ماندووی تۆزاوی سەفەر
بەشەو، بەڕۆژ بەم سەحرایە
گوزەر ئەکەی..
ئیستێ بکە و سەرنج بدە و
بڕوانە
لە لاپەڕەی ڕۆژژمێردا
تۆمار کە
لە ژێر لمی نەرمی وەک ساجی
داخا..
لە ڕێگەی حەج! لە عەرعەر
دوو سەد هەزار ئەستێرەی
ڕۆحی پەرییان
زینەبەچاڵ شەلاڵی خوێن
لە ناو ژێلی کورەی چەوا
ئەگەوزان..
بەپرچی فریشتە، شەو
تاڵی پەلکەزێڕینە..
هەڵیان کێشان بۆ ئاسمان..!
ئەی ڕێبواری ڕێ هەڵە بوو لە سارا..!
لە دەفتەری بەر باخەڵتا
بەخوێنی چاو بنووسە
مێژوو چڵکە بۆ تەوێڵی
زەمانە

یاسا دەرپێی سوزانییە
لە ئاستی..!
ئەی ڕێبواری شەکەتی کاروانی خوا..!
دەستنوێژ بگرە و سەرنج بدە و بڕوانە..
لە ناو دڵدا لە پەردەی یاد
بنەخشە..!
دوو سەد هەزار دڵی وەک هەرمێ
دەریا..!
بوونە کۆڵو لە ناو تەنووری خۆڵا
وەک چزڵیک لەبەر هەتاو هەڵقرچان
بوونە خۆراک بۆ دڕندەی بیابان
چوار سەد هەزار
گەلاوێژی چاوی بز..!
بەدەنووکی وەکو قولاپی ماسی
داڵ ئەیکۆڵی ئەیکردە توێشووی
ڕێگا..؟
یەک سەد هەزار سێوی گۆنای
کیژ و کوڕ
بوونە پیف و قەل بەنووکی بزماری
دای ئەبێژا وەک بێژنگ..!
ئەیجنی وەکو قیمە..!
ئەی کاروانچی گێژ و شەکەتی سەفەر
لە ئەلبومی نیگارا بۆ یادگار
تۆمار کە
پەنجا هەزار گوڵی نامووسی کوردی
پەڕە پەڕە دڕان بەنووکی نێزە
لە ژێر ناڵی پۆستاڵی غوولی دزێو..
لە ڕێی عەرعەر هەڵوەری..!!



## گازەندە..؟!

* وتیان ئەمە ئەژدیهایە..
بێخی دانی ژەهری تیایە..!
گوزەر نادا؟
کەلا کەوە..!
* وتیان ئەمە نهێنگرە
سەرکزێکی دڵ وریایە
پارێز نادا..
وە دوا کەوە!
* وتیان ئەمە هەزار پێییە
هەر قاچێکی هەزار پێڵاوی لەپێیە!!
قەت پاس نادا..!
فریا کەوە
* ئەوان هەموو درۆزن بوون..!
هەر تۆ ڕاست بووی
کاڵێی چاو ڕەش!؟
شایەتیشم جووتێ (تەوقەی)ی ئاڵ و مۆرە
لە سەریان دای..؟!

## ئەستێرەی گەش..!

کراسێکی ئاودامانی وەک بەفر بوو

بەبێ تەقەڵ!

بێ زەماوەند بۆیان دووری

نهێنییەک بۆ ڕۆژگار؟!

لە دڵی ئەرخەوانا ون بووی..!!

بەبۆنەی شەهیدبوونی (دڵشاد مەریوان)ی شاعیرەوە کاتی خۆی
لە ڕۆژنامەی هاوکاریا بڵاو کرایەوە..



## چل نەورۆزە..!!؟

دوو چاو نێرگز بوون

یا دوو ئەڵماسی بریقەی سۆما بەر

ئیستە قوتیلە!

یەک خاڵ، وەنەوشە

برێشکەی سووتاو!

دوو گۆنای خرپن سێوە لاسوورە

بەهێی پایزن!

تاڵی ئاوریشم کاڵی مەیل مژ..؟

ئێستە بەفری بۆر

چل ساڵ تەمەنی بەفری بەر هەتاو

ژەم ژەم چووە ئاو..!

* چوار جگەرگۆشە خونچەی گوڵزارێک

ڕێچکەی ونە..!!

ئاسۆ نادیار، بوخچە یان بێژنگ!

وەرزێری (کانی) ئەزیای نەوسنە..!!

* چوار دیوان هۆزان

پڕ خۆزگە و خەمن!

نوشتەی (کامڵی) باخەڵی لاوان!؟

* چوار کتێب پیرۆز

(ئینجیل، ئاڤێستا، تەورات و قورئان)

چوار ئایەت شیعر و چوار گۆپکەی زرنگ

سەرمایە و سایەم!
دەسکەلا و مایەم..!
چل ساڵ شەنکەری بەفرە پۆلکە بووم
ئەویش بەبا چوو
وەک بڵقی سەر ئاو!
چل ساڵەی تەمەنی بەفرە.. گرینۆک
ئاخە، هەناسە
سیما زەردباوە، قەدەغە تاسە!
فرمێسک مرواری ملوانکەی کچە
ژەکی مەییوی تورت مەمکی ژنە!
دڵ ئاتەشگەی کۆن
هەناسە و دووکەڵ
سی مووشە دەمەی کورەی ئاسنگەر!!
ئێسقان جۆشاو جۆش
قەفەزی سنگیش دڵاوی ڕۆندک
ئارامی حەو جۆش..!
کاسەسەر مەشکەی ژەمۆڵکە کەرەی!
چەوری بەهارە..!
بۆ (کەلانەی) دێو..!
دیزەی سەر کوانوو
بۆ هەڵقرچانی مێشکۆڵە و دۆز..!
ئاگربارانی (شەخس)ی موفەڕکە!
بۆ گڕی نەورۆز
چل ساڵ هەناوم پڵیتەی نەوتاوی
وشەم چرای کۆڕ..!!



نە ئەتوێمەوە.. نە ئەبم بەخاک..!
نە بەخۆڵەمێش..!
نە پڕشنگیشم ئەڕوات وەکو خۆر!
بانگم زایەڵەی منارەی مزگەوت
زەنگی کەنیسە، ئەیقوونی خوایە..!
لە فەزای گەردوون گێژەڵووکەیە
هەتا هەتایە..!
پێکی پەی دەر پەی
جێ ڕاوی ئارێت
ساقی کەنیزەک (ئەنفا کراوە)
لە کورەی جەورا

## ماچی ژەهرین

پێشکەش بەو باوکە کۆستکەوتووەی شەش جگەرگۆشەی لە هەڵەبجەدا بەکیمیاوی شەهیدبوون و لە کاتی گیان دەرچوونی دوا جگەرگۆشەیدا (ئارام)، ویستی ماچی بکات. بەڵام دکتۆرەکان گوتیان نابێ چونکە هەموو لەشی ژەهرە. تەنیا ژێر پێی نەبێ ئەو کاتەی فرۆکەکان شارەکەیان داوەتە بەر کیمیاوی (ئارام) بەپێوە بوو. ئیتر باوکی داماو بینی بەژێر پێیەوە ناو (ئارام) گیانی دەرچوو.

هەموو گیانی ژەهر مژی
تەنی گشتی ژەهری مار بوو
ماری "سیانید" زەرووری "خەردەل"
لە خوێنیا پەیکەیان خوارد
دەمیان نابووە خڕۆکەکان
هیمۆگلۆبینیان ئەچەژی
***
دڵی باوک کورەیەک بوو
حەوجۆشی تیا ئەبوو بەئاو..!
سەماوەر بوو هاتبووە کوڵ..!
تەنوورێ بوو، داخ، ئەسووتا
کڵپە و نێڵەی بورکانێ بوو..!
***
وتی: ماچێ!؟
تاقە ماچێ لە کوێ بکەم..؟
پێش گیان دەرچوونی کوڕەکەم



دەخیلت بم
هۆ دکتۆرە شیرینەکەم؟
*تەنها ژێر پێی بەپاک ماوە
لەسەر زەوی کوردستانەکەی دایناوە!
***
بینی ماچێ، کۆستێکی سەخت
تێر بیمژە پیرەی بەدبەخت..!
بۆنی گڵی "کانی ئاشقان"(١)
لە قڵیشی پاژنەی خرپن
تاسەی ئەم کۆستە ئەشکێنێ..!
هی هەر شەش پارچەی جگەرت..!
لەم ماچەدا خۆی ئەنوێنێ!!
***
باوک بتە!
باوک مێخە داکوتراوە
وەکو پارچە تەختەی سەر ئاو
بۆ ناو گێژی دەریای خەفەت ملی ناوە
***
پەپوولەی رۆحی فرزەندیش
وا بەلەنجە
ئەستێرەکەی "گەلاوێژ"ە "ئارام" ئەفڕێ!
بۆ ئاسمانی
(دە) هەزار شەهیدی هەڵەبجە!!

(١) کانی ئاشقان: گەڕەکێکە لە شاری هەڵەبجەی شەهید.

## کێڵ و قاسه..!!؟

کێوه بەرزەکان..!
دووریتان وەکو دووریی یوسفە
لە باوانی کوێر..!
کوا بۆنی کراس بۆ شیفای تاسە؟
بۆ پشکوتنی خونچەی چاوی کوێر..،
دووریتان مەودای ئەرزە و ئاسمانە
نزیکن وەکو بۆنی هەناسە..!
نزا و سکاڵام
ئاگاتان لە ڕاز و کێلی (یاقووب) بێت..
کوانووی ئاگردان..
ئامانەتییە هەرچەندە خاپوورە
بۆ هەڵگیرسانی تیراژەی نوورە..!
کێلیش پەراسووی لاڕاستی شاخە
لێی داتاشراوە
وەکو هی ئادەم..!
دیاری لەنگەری کەشتییەکەی (نوح)ە
بۆ چیای (جودی)؟..!
حەیای سپاردەی لووتبەرزیی کێوە..!
بۆیە دەخیلی دامانی ئێوە
کۆرپەی بلیمەت (سندووقی دەریا)!!
هەر وەکو مووسا



کاسەی (گرسانی مرۆی کێوەزا..!
دڵۆپە ژەکی ئەشکەوتی کەژان..
وەک شیری شێر و سیمرخ و پەری
بۆ.. بۆران پێچان..!
* گۆڕی هەڵبەسراو چین چین تەلە بەرد
بۆتە حەشار و پاساوی نامەرد..!
* ئایا.. ڕەهێڵەی لافاوی بەهار؟
کێلی بەردانی کردە بناوان...؟!
کێوە بەرزەکان؟
شاخە دوورەکان؟
پۆنگی خواردەوە ئەستێڵاوی خوێن؟!
مانگ و ئەستێرە
خۆیان هەڵکێشا لە ناو سووراوی!
جەرگی شای پەرییان؟!
هی گەریلاکان
ئەبەستن بەشەو کۆڕی تەلیلە؟
قسنی گۆڕستان بۆتە تەویلە..؟!
کێلەکانیان
برد
بۆ بینای کۆشکی ئازار و تاوان..!
لە پای تەختی دژ..!
بەزەبری پۆستاڵ؟ بەکوردی حەماڵ!
چی دەرهاتووە لە جێی گۆڕی تەخت؟
دەوەنە؟ دڕکە؟
یا گوڵی دڵی جوانەمەرگانە

قنج هەڵتۆقیوە!
وەکو دومەڵان، قارچکی کوێستان..؟
بوونەتە کێلی گۆڕی (بێریتان)؟
کەلەی نوورانی فریشتەکانە..؟
بووەتە تۆپی پێ یان پێپلیکانە..؟
یا بەپەنهانی گازەندە ئەکەن
بۆ تریفەی مانگ..؟
هەتا پەیامیان بگاتە ئاسمان..؟
چاوی قەل کۆڵیو لێو قرنجاو
ئەترووکێنن ئەدوێن وەک ڕۆحی زیندوو؟
مەمکی قاشکراو بەنووکی نێزە..!
رووومەتی چزیلک..!
وەک گوڵ ئەستێرە و ملوانکەی پەری
گزنگ ئەنێرێ بۆ ویژدان مردوو؟!
پەنجەی قرتاوی ئەڵقەی زاوایی!
کونجەی دەنووکی داڵ و کونەپەپوو
گوارەی گوێی پچڕ
لیرەی گەردانەی دەست لە بەین تاساو
بوونە (سەبیکە) و کران بەدۆلار
ئاخنرایە ناو گەرووی قاسەکان؟؟!



# پێڕست

بەشدارییەک بەتام وبۆنێکی تایبەتییەوە... 5
چیا فەرشی جەربەزەیە ........ 11
سۆزێک بۆ شاری سنە ........ 13
قەرەج ........ 16
نەورۆزی ساڵێک ........ 17
ڕێگەی سەخت ........ 19
چیا .. فەرشی جەربەزەیە ........ 21
یاری و گلان! ........ 23
قولاپ ........ 25
پەیکەر ........ 25
مرۆڤ ........ 26
نوگرە ........ 27
قوتابی ........ 28
نامەی دووری ........ 29
بۆ حەمدی ........ 31
بەیانییەک ........ 32
لە پاش بیست ساڵ ........ 33
گۆرانییەک بۆ کرێکاران ........ 35
باوک ........ 36
ئەستێرە گەشە ........ 36
نائومێدی! ........ 37
تەزووی ڕاز و نیاز ........ 38
پاشبەندی پێشەکی ........ 39
ڕاسپاردەی گۆران بۆ خانی ........ 43
برووسکەی نەورۆز ........ 47
پێشەکی شیعری ئەستێرە خان ........ 50
ئەستێرە خان ........ 51
سلێمانی ........ 54
گەڕانەوە ........ 55
یادی چوار ئەفسەرەکە ........ 56
شەوانی سلێمانی ........ 58
قەڵای هەولێر ........ 59
لە خەوما ........ 61
چاوەکانی ئەمیرە ........ 63
کچێکی جوان ........ 65
مام هۆمەر شیعری ڕەش وسپی... ........ 67
دڵم ........ 69
نەورۆزی عیشق ........ 70
پێنجوێنی تەخت ........ 72
پێنج وێنەکەم ........ 75
ئافرەتێکی ڕۆمانتیکی ........ 82
بەفر ماڵین ........ 84
کرێکار ........ 86
هەر قژ زەردێ ........ 88
بێشکەی دڵ ........ 89
گوڵ و یاد ........ 90
بەڕوو گرژی ........ 95
ڕێواس و نەورۆز ........ 96
بەفر ئەگری ........ 98
نەورۆز ئاوا پەیدا بووە..! ........ 100
پرسیارێکی بێ وەڵام ........ 102
دڵی بێ پەترۆ ........ 104
پێشکەش بەوانەی کە لە مانای... ........ 107
کە گڵ ئەبێتە هیمۆگلۆبین ........ 110
کە شیعر لە سێدارە ئەدرێ ........ 112
من ئاشقم ........ 116

شاری گڕ ..... 117
کاتێ گڵ ئەبێتە هیمۆگلۆبین ..... 123
لە مەستیما ..... 126
سێ تیر ماسکی هێشووە شیعرێک ..... 128
ئەزمـــوونی ئەڵمـــاس ..... 131
بۆ حەسیب قەرەداغی شاعیر ..... 133
کەمەن کێش ..... 134
چڕنووکی چاو ..... 137
هەپی پێرس دەی تو..! ..... 139
برووسکە بۆ یادی جگەرخوێن لە... ..... 144
هەر یەک کەسە ..... 147
خاوەر.. ..... 149
نەورۆزانە ..... 151
جارێکی تریش ..... 152
گوڵە وەچنێ..! ..... 153
نقـێم..! ..... 155
سروودی زیندووبوونەوە ..... 157
مێژووی دەستەمۆ ..... 160
کۆتەڵی کامەران موکری ..... 163
ژیان و مردن ..... 170
خەونی سوور ..... 171
بەهارە.. یاد و گۆڕەوشارێک ..... 175
مارەیی ..... 178
تەوژم ..... 180
دوا سەرنج ..... 184
بینایی چاوان ..... 186
خوێن بێ فرمێسکە.. سلێمانی ..... 188
فیزی ئەسپەشێ ..... 189
دوو شاعیر ..... 191
لە کێ پرسم!؟ ..... 192
گرێژەنە ..... 197
ئایەتی ئاشق ..... 200
قڵپەی زریان ..... 200
سپرای ..... 204
بلیتی ساڵی ١٩٨٨ ..... 206
تۆماری ڕەش..! ..... 208
ئالووشی زێڕ.. ..... 212
چزووی تۆڵە ..... 214
چاوی فڕۆکە ..... 217
پێچکەی مێژوو ..... 221
خورما ..... 223
ئەستێرەی چاو..! ..... 224
کولانەوە ..... 226
قەواڵە ..... 227
سەرپشک..! ..... 231
سێ پەرستگا ..... 232
ئەندام..! ..... 234
بۆکرۆز..! ..... 235
ڕۆڵەم چیا..! ..... 236
تەسەوفی نوێ..! ..... 239
وەرزەکان چاویان ئەڕێژن ..... 241
گرێژەنە..! ..... 244
هۆ ئەستێرە ..... 246
گەنجە و، شێست ساڵانە ..... 249
خەوێکی کورت و شەوێکی درێژ ..... 255
ئەو ..... 258
خەلاتیی مەرگ ..... 262
وێنە ..... 263
نووستن ..... 264
ئەگەر ..... 266
قردێلە ..... 271
مۆم ..... 272





شێت و مەی ..... 274
ختووکە ..... 276
کۆچی شاعیر ..... 277
دیلان ..... 279
کچە گلاسنۆت ..... 284
شیعر..! ..... 286
تەوار..! ..... 288
تەلبەن..! ..... 290
وانەی گەریلا ..... 292
لە چاوەڕوانی سەلمادا..!؟ ..... 294
ئەو وەسیەتنامەیەی بەزیندوویی... ..... 296
مار و دیمەن..!؟ ..... 297
دژستان..!! ..... 298
پایتەختی دژ!؟ ..... 300
شەوانی ئامەد.. ..... 302
بیابان (عەرعەر) ..... 306
گازەندە..؟! ..... 308
ئەستێرەی گەش..! ..... 309
چل نەورۆزە..!!؟ ..... 310
ماچی ژەهرین ..... 313
کێل و قاسە..!!؟ ..... 315